دانا ڕەئووف

# هارۆڵد پینتەر

## شانۆیەکی سیاسی و گەمەی دەسەڵات
## لای هارۆڵد پینتەر

زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم
بنیاتنەرانی کەلتوور ژمارە (٤)

سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە
ئازاد بەرزنجی

www.sardem.org

■ **هارۆڵد پینتەر**

نووسین: دانا ڕەئووف

بابەت: لێکۆڵینەوە

دیزاینی ناوەوە: ڕەوشت محەمەد

دیزاینی بەرگ: ئارام عەلی


تیراژ: ٦٠٠ دانە

نرخ: ٣٠٠٠ دینار

چاپی یەکەم: چاپخانەی (سەردەم) ساڵی ٢٠١٥ کوردستان ـ سلێمانی

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە (١٥٨٥)ی ساڵی ٢٠١٥ی پێدراوە



■ مافی لەچاپدانەوەی بۆ دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم پارێزراوە©



ژمارەی سپاردن لە سوێد:

ISBN 978- 91- 633- 5068-9

# ناواخن

**چرپەیەک** ................................................ ٧

**بەشی یەکەم:** سەرەتایەکی کورت
بەریتانیا، جۆن ئۆزبۆن و هارۆڵد پینتەر ............ ١٣

**بەشی دووەم:**
هارۆڵد پینتەر، بیۆگرافیا ........................................ ٢٧

**بەشی سێیەم**
مۆرک و سیماکانی شانۆی پینتەر ............... ٤٧
گەڕانەوە بۆ ماڵ ..................................................... ٦١
گەمەی دەسەڵات .................................................... ٦٩
خۆڵەمێش ................................................................. ٨٠

**بەشی چوارەم**
چەمکە سیاسییەکان لە شانۆی پینتەردا .............. ٩٣
ئەسانسێرەکە........................................................... ١٠٤
زمانی چیا................................................................ ١١٦

**بەشی پێنجەم**

ڕەگەزی زمان لە شانۆی پینتەردا

شانۆنامەی (سەراییدار) وەک نموونە .................... ١٢٧
تەکنیکی بێدەنگی ........................................................ ١٣٣
سەراییدار لەنێوان بێدەنگی و گەمەی دەسەڵاتدا .. ١٤٥
کەسایەتییەکان ........................................................ ١٤٩
هێزی دیالۆگ ........................................................... ١٥٢
تەکنیکی شانۆنامەکە ................................................ ١٦٠

**تێبینی** ........................................................................ ١٦٤

**سەرچاوەکان** .......................................................... ١٦٥

هیچ شتێک توندوتیژ نییه.
هەموو شتێک توندوتیژه.
هیچ شتێک کۆمیدی نییه.
هەموو شتێک تراژیدییه.
هیچ شتێک تراژیدی نییه.
هەموو شتێک کۆمیدییه.
هەموو شتێک ڕاستەقینەیه، ڕاستەقینه نییه،
شیاوه، نەشیاوه، مایەی تێگەیشتنه، مایەی تێگەیشتن نییه
هەموو شتێک گرانه.
هەموو شتێک ئاسانه.

**ئۆژێن یۆنێسکۆ**

## چرپەیەک

هەموو جارێک، کە سەرلەنوێ شانۆنامەکانی نووسەری ئینگلیزی هارۆڵد پینتەر ١٩٣٠-٢٠٠٨ دەخوێنمەوە، شتێکی نوێتریان تیا دەدۆزمەوە، کە لەوەوبەر دەرکم پێ نەکردووە، نهێنییەکی ترم بۆ ئاشکرا دەبێت و زیاتر لە گەمەی دەسەڵات و چەمکی هەڕەشە و مۆتیڤە ترسناکە نادیارەکانی دەگەم.

پینتەر دید و دەروازەیەکی نوێ بە ڕووی شانۆیەکی مۆدێرنی ئەوروپیدا دەکاتەوە و کۆتایی بە قۆناغێک لە شانۆ دەهێنێت و لە دوای ئیبسن، ستریندبێرگ و چێخەفەوە وەرچەرخانێکی ترە لە ڕەوتی شانۆی جیهانی. لای پینتەر دونیا شاراوە و پڕ لە ڕاز و نهێنییەکان لە نادیار و ئاشکراکان جیا ناکرێنەوە، گەمەی نێوان پیاو و ژن، گەمەی دەسەڵاتە و هەڕەشەیەکی نادیار بەسەر ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤەوەیە.

زۆر جار کارەکتەرەکان لە تاریکیدان و هەر لە تاریکیشدا لەدایک دەبن و دەمێننەوە، لەو تاریکییەیشدا بە نهێنی دەجووڵێنەوە و دەبنە مەترسی بۆ کەسانی تر.

پینتەری شانۆنامەنووس، کە لە ساڵی ٢٠٠٥دا خەڵاتی نۆبڵی بە شانۆنامەکانی وەرگرتووە، بەم گوتانە ڕوو دەکاتە بینەرەکانی و دەڵێت: (هیچ جیاوازییەکی بەهێز لەنێوان ڕاستی و ئەوەی، کە ناڕاستییە نییە، هەروەها لەنێوان واقیع و ناواقیعدا، هیچ شتێک نییە یەکێکیان ڕاستی و ئەویتریان درۆ بێت، دەکرێت هەردووکیان ڕاست و لە هەمان کاتدا درۆیش بن) ئەم گوتانەیش بنەمایەکی گرینگن بۆ تێگەیشتن لە پینتەر و گوزارشتێکی بەهێزیش لە ناوەڕۆکی شانۆنامەکانی دەکات.

پینتەر هەمیشە نووسینی شانۆنامەکانی بە شتێکی کۆنکرێتی و بە وێنەیەک دەست پێدەکات و لەوێوە، لە ژوورە ڕیالیزمییەکانەوە، لە شێوازێکی تەبای دراماتۆرگییەوە دەمانگوێزێتەوە بۆ جیهانێکی ڕیالیزمی ئەندێشەئامێز و تەلیسماویی لێڵ و نادیار. ڕستە کورت و وچانە درێژ و وشە هێماگەلییەکانی، بینەران دەخاتە دڵەڕاوکێ و چاوەڕوانییەکی ترسناک و بەردەوامەوە. ئەگەر ئێمە لە شانۆدا بزانین کارەکتەرەکان کێن و لە

کوێوە هاتوون، ئەوە پینتەر بە هەموو شێوەیەک هەموو ئەو جۆرە خۆئامادەکردنەی بینەر لە وەهمێکی ترسناکدا تێک دەشکێنێت و گرانە بزانین ئەو کارەکتەرانە لە کوێوە هاتوون و بەرەو کوێ دەچن. شانۆنامەکانی ئەم نووسەرە تەنها دەستپێکی گرینگی شانۆیەکی مۆدێرنی ئەوروپی نین، بەڵکو دەروازەیەکی گەورەیشن بۆ هونەری نواندن، بۆ تاقیکردنەوە و سەلیقەی ڕیژیسۆر، هاوکات ستراکتوری گەمەیەکی بەچێژ و توندوتیژن، پڕ لە نهێنین و هەندێک جار کۆمیدیایەکی ڕەشن بۆ بینەران.

ئەم شانۆنامەنووسە دەیان کتێبی لەسەر نووسراوە، شانۆنامەکانیشی وەرگێڕدراونەتە سەر زوربەی زمانە جیهانییەکان و لەسەر شانۆ گرینگەکانی دونیا نمایش دەکرێن، بەڵام لە لای ئێمە هیچی لەسەر نەنووسراوە و تەنها بەوەیش ناوی دەرکردووە، کە پشتیوانیی لە دۆز و مافەکانی گەلی کورد کردووە و شانۆنامەی (زمانی چیا)ی بۆ نووسیووین.

بەڵام لەم چەند ساڵەی دواییشدا ئێمەیش ئاوڕێکی جیددیمان لە هارۆڵد پینتەر داوەتەوە، تا ئێستا زیاتر لە دوانزە شانۆنامەیمان ڕاستەوخۆ لە ئینگلیزییەوە کردووە بە کوردی و بە پێشەکیی چڕوپڕ و وەرگێڕانی

چاوپێکەوتنەکانییەوە، لە زنجیرەی شانۆی جیهانیدا، کە بە سەرپەرشتیی من و لە دەزگای ئاراس دەردەچوو، بڵاو کراوەتەوە.

ئەم نامیلکەیەی بەردەستتانیش دەروازەیەکە بۆ ناسین و پێناسەکردنی ئەم کەڵە شانۆنامەنووسە و هەوڵدانێکە بۆ نزیکبوونەوە لە ژیان و بەرهەمەکانی، هەروەها هەوڵێکی بچووکیشە بۆ دەستنیشانکردنی پێگەی ئەم نووسەرە لە ڕەوتی شانۆی هاوچەرخ و مۆدێرنی ئەوروپیدا. هیوادارم ئەم هەوڵە ببێتە سەرەتایەک و لێکۆڵینەوەی تری بەدوادا بێت و دەرگایەکیش بە ڕووی ئەو شانۆنامانەدا بکاتەوە، کە تاکو ئێستا کراون بە کوردی.

**دانا ڕەئووف**
**ستۆکهۆڵم**
**٢٠١٥/٦/٦**

هیچ جیاوازییەکی بەهێز لەنێوان ئەوەی (حەقیقەت)ە و ئەوەیش کە (حەقیقەت) نییە، لەنێوان ئەوەی (ڕاست)ە و ئەوەیش کە (چەوت)ە نییە. مەرج نییە شتەکان (چەوت) یان (ڕاست) بن. دەشێت هەردووکیان بن، واتە ڕاستیش و چەوتیش.

من پێم وایە ئەم گوتانە ئێستایش گوتەی بەجێن و بەکار دێن بۆ دۆزینەوەی (حەقیقەت) لە ڕێگەی هونەرەوە. من وەک نووسەر ئەم گوتانە بەڕاست دەزانم، بەڵام وەک هاووڵاتی دەبێ بپرسم چی ڕاستە و چی ڕاست نییە.

(ڕاستی)ی ناو دراما هیچ کاتێک خۆی خۆی ناداتە دەست، تۆ هەرگیز بەتەواوی نایدۆزیتەوە، دەبێت بەدوایدا بگەڕێیت، هەڵبەت ئەم بەدوادا گەڕانە هەوڵ و

تەقەلای پێویستە، گەڕان و پشکنین ئەرکی تۆیە. زۆر جار تۆ لە تاریکیدا بە لای (ڕاستی)دا ڕادەبووریت، خۆتی لێ دەدەی، وێنەیەک یان نموونەیەکت بەرچاو دەکەوێت، کە لە (ڕاستی) دەچێت، بەبێ ئەوەی بزانی ئەو ڕاستییەت دۆزیوەتەوە.

بەڵام ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگر ئەوەیە، کە هەرگیز لە هونەری درامادا یەک تاقە ڕاستی نییە، بەڵکو کۆمەڵێک ڕاستی هەن. (ڕاستییەکان/ حەقیقەتەکان) ڕووبەڕووی یەکتری دەوەستنەوە، لەیەکتری هەڵدەسڵەمێنەوە، دەنگ و ڕەنگی یەکتری دەردەخەن، یەکتر پشتگوێ دەخەن و یەکتر شیدەکەنەوە، دەبنە تەپکە و تەڵە بۆ یەکتری. هەندێک جار هەست دەکەیت دەستت بەسەر (حەقیقەت)دا گرتووە، بەڵام لە چاوتروکانێکدا لە دەستت هەڵدێت.

هارۆڵد پینتەر

# بەشی یەکەم

## سەرەتایەکی کورت
## بەریتانیا، جۆن ئۆزبۆرن و
## هارۆڵد پینتەر

بە کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانیی دووەم، بارودۆخێکی تری ڕامیاری لە بەریتانیا سەری هەڵدا، گۆڕانکاریی بنەڕەتی هەموو بوارەکانی گرتەوە و ڕەوتی ژیان چەندین ئاراستەی جیاوازی لەخۆگرت. لەنێو بۆتەی ئەم گۆڕانکارییە کتوپڕانەدا، پارتی چەپی نوێ توانیی ڕێگەیەکی تر بگرێتە بەر، متمانەی خەڵکی بەدەست بهێنێت و دەسەڵاتیش بگرێتە دەست.

گەشەی ئابووری و بزاڤێکی بە برەوی ڕۆشنبیری و وەستانی شەڕ و دەرکەوتنی بزوتنەوەیەکی بەهێزی قوتابی و کرێکاران و پێشکەوتنە هەنووکەییەکانی ئەو ڕۆژگارە، چ لەنێو وڵاتی بەریتانیا و چ لەنێو وڵاتانی تری ئەوروپا و هاوپەیمانەکاندا کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی بەسەر بەریتانیاوە هەبووە. لە هەمان کاتدا بەرەیەکی ناڕازی و تووڕەیش سەر هەڵدەدات؛ بێکاری، هەڕەشەی چەکی ئەتۆمی و هێرشکردنە سەر کەناڵی سوێس لە میسر، قوتابیی زانکۆکان، ڕۆشنبیر و گەنجەکان تووڕە دەکات و ئەم چینانە زۆر بە توندی بەرهەڵستیی ڕژێمی ئەوکاتەی بەریتانیا دەکەن.

لەم قۆناغەدا شانۆی بەریتانی، زیاتر شانۆنامەی نووسەرەکانی ئەمەریکا و وڵاتانی تری ئەوروپایان پێشکەش دەکرد و شانۆنامەنووسی بەریتانی، نەک

تەنها بەشداریی ڕووداوەکانی ئەو ڕۆژگارەیان نەدەکرد، بەڵکو شتێک نەبووە بە ناوی شانۆنامەنووسانی بەریتانییەوە، سانسۆریش ڕێگەی لە هەموو تەقەلایەکی تازەی شانۆی ئینگلیزی گرتبوو. شانۆنامەنووسەکانی نێوان هەردوو جەنگی جیهانیش بەپێی دابونەریتە شانۆییەکانی سالانی ١٨٠٠ەکان بەرهەمەکانیان دەنووسی و بۆیان نەبوو لە سنوور و ڕێساکانی ئەو کولتوورە لابدەن. شانۆنامەکانیشیان تەنها باسی چینی دەوڵەمەند، یان دەرەبەگەکانی کۆمەڵگەی ئینگلیزیی دەکرد. ئەم بارودۆخە وا نامێنێتەوە و لە سالانی ١٩٥٠کانەوە، نەوەیەکی تر دەرکەوتن، کە ئەزموونێکی جودا و ئاستێکی تری کۆمەلایەتییان هەبوو، هاوکات توانییان جێگەیەک لەنێو شانۆکانی لەندەندا بۆ خۆیان بکەنەوە، هەر بۆ نموونە شانۆی (ڕۆیاڵ کۆرت) بووە مەڵبەند و سیمبۆلی ئەم نەوە جیاواز و نوێیەی شانۆ و شوێنی پێگەیشتن و نمایشکردنی گرینگترین بەرهەمەکانیان. شانۆی ئینگلیزی لە ساڵی ١٩٥٦دا و بە نمایشکردنی شانۆنامەی (بە تووڕەیی ئاوڕێک لە ڕابردوو بدەوە)ی جۆن ئۆزبۆرن ١٩٢٩-١٩٩٤ و هەر لەسەر شانۆی (ڕۆیاڵ کۆرت) گەلێک گۆڕانکاریی گرینگی بەخۆوە بینیوە. ئەو شانۆنامەیە لە پەنجاکانی

ئەدەب و ئەدەبی درامی و شانۆی ئینگلیزیدا، هاوارێکی تووڕە، ڕاچڵەکینێکی توند و هەنگاوێکی نوێ و بێوێنە دەبێت.[1]

لەگەڵ دەرکەوتنی ئەم گەنجانەدا، ڕۆژنامە و گۆڤارەکان ئەم نووسەرانەیان بە (گەنجە تووڕەکان) ناوزەد کرد، بەبێ ئەوەی ئەم گەنجانە خۆیان هیچ گرووپێکی تایبەت بە خۆیانیان هەبووبێت، یان سەر بە هیچ بزووتنەوەیەک بن. گەنجە تووڕەکان دەستەواژەیەک بوو، ڕەخنەگر و میدیا و ڕۆژنامەنووسەکان دروستیان کرد، بەڵام هەر زوو جێگەی خۆی گرت و بڵاو بووەوە، بوونە زمانحاڵی نەوەیەکی نوێ و چەند ناوێکیش خرایە نێو ئەو خانە تووڕەیەوە. ئەم شانۆنامەنووسە گەنجانە دەیانوویست بە شێوەیەکی تر بیربکەنەوە و زمان و فۆرمێکی تری

[1] شانۆی ڕۆیاڵ کۆرت لە پەنجاکانی سەدەی ڕابردوودا دەبێتە یەکێک لە شانۆ هەرە گرینگەکانی لەندەن و نووسەرە گەنجەکان لەم شانۆیە و بۆ ئەم شانۆیە بەرهەمەکانیان دەنووسن. چەندین نووسەری بەتوانای وەک جۆن ئۆزبۆرن، ئارنۆڵد ڤێسکێر و جۆن ئەردن و دواتریش هارۆڵد پینتەر، لەم شانۆیەوە گەشە دەکەن، ناوبانگ دەردەکەن و تەوژمێکی نوێی شانۆیش دادەمەزرێنن. ئەم ڕەوتەی شانۆی ڕۆیاڵ کۆرت کار دەکاتە سەر زۆربەی شانۆ بچووک و ئەزموونگەرییەکانی ئەوروپا و تا ئێستایش وەک شانۆیەکی تایبەتمەند و گرینگ لە شانۆی ئینگلیزی و شانۆی هاوچەرخی ئەوروپیدا ئاماژەی بۆ دەکرێت.

ئێستاتیکی بۆ ئەدەبی درامی و دەقە شانۆییەکانیان بەکاربهێنن. جگە لە ئۆزبۆرن، یوهان ئاردن، ئارنۆڵد ویسکەر، شیلا دلێینی و ئان جێلیکۆ گرینگترین ناوە توورەکانی ئەو ڕەوتە نوێیە بوون. (کێنێت تینان) ١٩٢٧-١٩٨٠ ڕەخنەگرێکی چالاک و بەتوانای ئەو سەردەمە، بە توندی بەرگری لەم گەنجانە دەکرد و بە ڕێپۆرتاژ و گوتارە بەردەوامەکانی پاڵپشتی لەم شانۆیە، لە دەقە نوێیەکان و لەو نووسەرە گەنجە توورانە دەکرد و هەوڵی ئەوەی دەدا ستراکتورێکی تیۆریش، وەکوو پاڵپشتێک بۆ ئەو هەوڵە شانۆییەی ئەو گەنجانە دابڕێژێت. لەم ساڵەدا شانۆ ڕێگەیەکی تر بۆ ڕاستەوخۆ چوونە نێو کۆمەڵ و دامودەزگاکانەوە دەدۆزێتەوە، بەم شێوەیەیش شانۆیەکی نوێ و هاوچەرخی ئینگلیزی لە هەشتی مانگی مای ساڵی ١٩٥٦دا، بە شانۆنامەی (بە توورەیی ئاوڕێک لە ڕابردوو بدەوە) دەست پێدەکاتەوە.[1] هەرچەندە ئەم شانۆنامەیە بە شێوەیەکی تەقلیدی نووسراوە، بەڵام توانیی لە ڕێگەی بەکارهێنانی زمانێکی تازە و ڕەخنەیەکی ڕاستەوخۆ لە بەها

---

[1] شانۆنامەی (بە توورەیی ئاوڕێک لە ڕابردوو بدەوە) لە ١٩٥٦/٥/٨دا لەسەر شانۆی (ڕۆیاڵ کۆرت) لە لەندەن نمایشکراوە.

چەسپاوەکانی کۆمەڵ و بەکارهێنانی کارەکتەرێکی کرێکارەوە، ئەو ڕێگەیە بکاتەوە.[١]

(جیمی پۆرتەر) پاڵەوانی شانۆنامەکەی جۆن ئۆزبۆرن (بە تووڕەیی ئاوڕێک لە ڕابردوو بدەوە) کەسێکی بێئومێدە، بەتایبەتی بەرامبەر بە گۆڕانکارییەکان و نەهێنانەدیی خەونەکان و نەبردنە سەری بەڵێنەکان. زوربەی ڕەخنەگران (جیمی پۆرتەر)یان بەراورد دەکرد لەگەڵ هاملێت و وەک هاملێتێکی نوێ و شۆڕشگێر ئاماژەیان بۆ دەکرد.

لە لەندەن ساڵی ١٩٥٦ تەنها ساڵی شانۆ نابێت، بەڵکو هەر لەم ساڵەیشدا و بە شێوەیەکی بەربڵاو، بەردەوام پەخشی بڵاوکردنەوەی تەلەفزیۆنیش کراوەتەوە، ئەمەیش کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی بەسەر ڕەوتی شانۆ و دەرکەوتنی شانۆنامەنووسەکانەوە دەبێت.[٢]

دواتر گۆڕانکارییەکان لە شانۆی ئینگلیزیدا ڕەنگیان داوەتەوە و شانۆ دەبێتە بەشێک لە هەژموونی ژیان و

---

[1] لە دەیەی پەنجای سەدەی ڕابردوودا، ڕەخنەگران شانۆنامەی (بە تووڕەیی ئاوڕێک لە ڕابردوو بدەوە) بە باشترین دەقە گەنجەکانی شانۆی ئینگلیزی ئاماژەی بۆ دەکەن.

[2] بەریتانیا لە ساڵی ١٩٢٩وە پەخشی ئەزموونگەریی تەلەفزیۆنی دەست پێکردووە، بەڵام تا ساڵی ١٩٥٦ ئەم هەوڵانە بە شێوەیەکی تەواو بەڕێوە ناچێت.

وروژاندنی گفتوگۆ، خەڵک و کۆمەڵ گرفتەکانی ژیانی ڕۆژانەی خۆیان لە شانۆنامەکاندا و لەسەر شانۆکان بینیوەتەوە.

جۆن ئۆزبۆرن سەرەتای ئەو هەنگاوە گرینگە بووە، دوای ئەو ئارنۆڵد ڤێسکێر، جۆن ئەردن، ن. ف سیمیسن، تۆم ستوپارد، پیتەر شافەر، ئێدوارد بوند، تێری یوهانسۆن و داڤید ستۆری و چەندەها نووسەری تر برەویان بەو شۆڕشە دراماتیکییە نوێیە دا.

ئەم گۆڕانکارییانە ڕۆڵێکی زۆری گێڕا لە گەشە و پەرەسەندنی هونەری شانۆ و ڕۆڵی شانۆ لە کۆمەڵدا، لەبەر ئەوە لە ناوەڕاستی پەنجا و سەرەتای شەستەکاندا چەندین شانۆی تر کراونەتەوە و کاری شانۆییان پێشکەش کردووە، هەر بۆ نموونە ئەم شانۆیانە لەناو شاری لەندەندا چالاکییەکی زۆریان هەبووە: شانۆی نەتەوایەتی، کە ئەکتەری بەناوبانگ لۆرانس ئۆلیڤییە ١٩٠٧-١٩٨٩ بەڕێوەبەرایەتیی دەکات، شانۆی شاهانەی شەکسپیر، پێتەر هاڵ دەبێتە ڕێژیسۆر و بەڕێوەبەری یەکەمی، شانۆی ڕیاڵ کۆرت بۆ تەقەلا ئەزموونگەرییەکان و شانۆیەکی مۆدێرنی گەورەیش لە ناوەڕاستی شاری لەندەندا دەکرێتەوە. جۆن ئۆزبۆرن بارودۆخێکی جیاوازی خوڵقاند و بە ڕووی شێواز و

جۆری بیرکردنەوەی نەوەکانی پێش خۆیدا چووەوە و جۆرێکی تری لە ڕیالیزمی شانۆیی خوڵقاند، کە دواتر بە (ڕیالیزمی دەستشۆر) ناسرا، بەتایبەتی لەو ڕووەوەی، کە هەموو وردەکارییەکانی ژیانی ڕۆژانە و کۆمەڵی تێدا بەرجەستە بووبوو.

ڕیالیزمی دەستشۆر و گەنجە تووڕەکان بوونە دەروازە و ڕێگەخۆشکەر بۆ گەنجێکی شانۆکاری وەکوو پینتەر. پینتەر هەر زوو توانیی لەم تەوژمەدا شێوازێکی تر و بوارێکی جیاواز و شەقڵێکی تووڕەتر لە خودی شانۆنامەکانی ئەو تەوژمەدا بدۆزێتەوە و بەردەوامیشی پێ ببەخشێت.

پینتەر دەبێتە یەکێک لە دوا گرینگترین شانۆنامەنووسانی نەوەی دوای جەنگ و هەژموونێکی گەورەی بەسەر شانۆی هاوچەرخی جیهانییەوە بەجێ دەهێڵێت، کاریگەرییەکانی ئەم نووسەرە بەربڵاوە و لە شانۆنامەکانیدا مەسەلە دەروونی، ئاکار، خودگەرا، ڕامیاری و ژیانی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەی ئەوروپا لەخۆ دەگرێت. پینتەر درامایەکی مۆدێرنی خوڵقاند. ئیبسن، ستریندبێرگ و چێخەف کۆتاییان بە سەدەیەک، بە کۆنەکە، بە هاوچەرخەکە هێنا و پینتەریش سەرەتا و

دەروازەی نەوەیەکی نوێ و سەردەمێکی نوێی شانۆی مۆدێرنی ئەوروپییە.

هیچ شانۆنامەنووسێک هێندەی پینتەر لەدوای ئۆزبۆرنەوە بەها و گرینگیی نەبووە، پینتەر گۆڕانکارییەکی گرینگ، نوێکارییەکی جیاواز و شانۆیەکی ئینگلیزیی هاوچەرخ و مۆدێرنی فراوانی ئەفراندووە، شانۆیەک مرۆڤ دەبێتە توخم و تەوەرەیەکی گرینگی ڕووداوەکان.

شانۆی پینتەر گەردوونێکی گشتگری مرۆڤایەتیی پێک دەهێنێت، لەو گەردوونەدا مرۆڤ، تەنها مرۆڤ و دەروونێکی تەنها لە دەوروبەرێکی پڕ لە ترس و کێشەی دژواردا دەبێتە چەقی ڕووداوەکان.

ئەوەی جێگەی سەرسوڕمان و ئاماژە بۆ کردنە، ئەوەیە لە شانۆنامەکانی پینتەردا زۆر گرانە جیهانە شاراوە و پڕ لە ڕاز و نهێنییەکان لە جیهانە دیار و ئاشکراکان جیابکرێتەوە؛ جیهانێکی توندوتیژ و پڕ لە هەڕەشە و دوژمنکاری، سیمایەکی گرینگی شانۆنامەکانی ئەم نووسەرە پێک دەهێنێت و یەکە یەکە ڕیشاڵە دراماتیکییەکانی بەرجەستە دەکات: لە ناوەوە، لە ڕووکاری دەرەوە، لە هەموو لایەکەوە، زۆر بە وردی و چڕی، لایەنە بەهێز و لاوازەکانی یەکتری شیدەکەنەوە و

له کۆتاییدا ئەو کەسایەتییانە دەکاتە کەسانی نامۆ بە یەکتر.

هەرچەندە شانۆنامەکانی پینتەر بە شێوازێکی ڕیالیزمی نووسراون، بەڵام لە کاتی نمایشکردندا لە ڕیالیزم و واقیعی ناچێت و زیاتر ڕیالیزمێکی ئەندێشەئامێز دەبێتە ستراکتوری نمایشە شانۆییەکانی: کارەکتەرەکانی، ئەتمۆسفێرە گشتییەکە، ژوورە داخراوەکان، ڕازونهێنی، هەڕەشە نادیارەکان، دیالۆگە کورت و پڕ لە مەخزاکان، بێدەنگی و وچانە درێژەکان... بارێکی چاوەڕوانی، هەندێک جار پڕ لە مەترسی لای بینەرەکانی دەخولقێنێت و هەموو بەرگە ڕیالیزمییەکانی شانۆیەکی واقیعیش لە شانۆکەیدا ناهێڵێت. شانۆنامەکانی پینتەر پێکداچوون و پێکهاتەیەکی سەیر لەخۆ دەگرێت، گەمەی دەسەڵات، دانانی پلان و ستراتیژییەت، خەون، درۆ، ڕیا و فەنتازیا، ئەمانەیش هەموویان پێکەوە بنەما گشتییەکەی ئەو شانۆیە دەستەبەر دەکەن.

مرۆڤ لای پینتەر لە وتووێژێکی بەردەوامدایە لەگەڵ ناوەوەی خۆی و دەنگە نادیارەکانی دنیای ناوەوە و دەرەوە. ڕەخنەگران لە سەرەتادا ئەوەیان دووپات دەکردەوە، کە شانۆنامەکانی پینتەر ئاڵۆزن،

دوورن له هەموو بنەما دراماتۆرگییەکانەوە و کەس نازانێت باسی چی دەکەن، لەگەڵ ئەوەیشدا تا ئێستا چەندین باس و لێکۆڵینەوە، کتێب و بڕوانامەی خوێندنی باڵا و له هەموو ڕووەکانییەوە لەسەر شانۆنامەکانی پینتەر نووسراون.

یەکێک لەو ڕەخنەگرانەیشی، کە ستراکتور و شێوازێکی ڕەخنەیی، تیۆری و فیکریی بەخشییە شانۆی پینتەر، ڕەخنەگری بەناوبانگی هەنگاری (مارتین ئیسلن) ۱۹۱۸-۲۰۰۲ بوو. مارتین ئیسلن له شەستەکاندا بەڕێوەبەری شانۆی ڕادیۆ دەبێت، کە له ئێزگەی BBCیەوە پەخش دەکرا و لەم ڕێگەیەوە، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و قووڵ، بە شانۆنامەکانی پینتەر ئاشنا دەبێت. ئەم ڕەخنەگرە ئەو شێوازە نادیار و فۆرمە پڕ لە ڕاز و نهێنییە واقیعییەی گەیاندە ئاستێکی بەرز و هەموو کۆد و شانەکانی شانۆنامەکانی پینتەر دەکاتەوە و تیشکی سەرنج و لێکۆڵینەوەیان دەخاتە سەر و شیکردنەوەیان بۆ دەکات.

ئیسلن له کتێبە دانسقە و بەناوبانگەکەیدا بە ناوی شانۆی ئەبسورد[1] The Theatre of the Absurd کە لە

---

[1] ئەم کتێبە وەرگێڕدراوەتە سەر زۆربەی زمانەکانی جیهان و لە هەشتاکاندا بە زمانی عەرەبیش بڵاو دەکرێتەوە و دەبێتە یەکێک لە

ساڵی ١٩٦١دا بڵاو کراوەتەوە، ڕیالیزمی پینتەر دەبەستێتەوە بە تەوژم و ڕێبازەکانی پوچگەرایی و فەلسەفەی خودگەرا، سیمایەکی ئەبسورد دەبەخشێت بە شانۆنامەکان و بە ڕیالیزمێکی ئەبسوردئامێز ناوزەدیان دەکات و پینتەریش بە نووسەرێکی گرینگی شانۆی ئەبسورد پۆلێن دەکات، ئەمەیش هێندەی تر پێگەی پینتەر لە ڕەوتی شانۆی ئینگلیزیدا بەهێز و پتەو دەکات.

ئیسلن هەوڵ دەدات توخم و ڕیشاڵەکانی پینتەر لە ڕووی فۆرم و ناوەڕۆکیشەوە ببەستێتەوە بە سامۆیل بێکێت ١٩٠٦-١٩٨٩ و ئۆژێن یۆنێسکۆوە ١٩٠٩-١٩٩٤ و لە هەمان کاتدا خودی بیرۆکە و هزری شانۆنامەکانیشی لە فەلسەفەی مارتین هایدیگەر ١٨٨٩-١٩٧٦ و ژان پۆل سارتەردا ١٩٠٥-١٩٨٠ بدۆزێتەوە. ئیسلن ئەوەیشمان بۆ دووپات دەکاتەوە، کە پینتەر قۆناغێکی نوێی درامای ئەوروپییە و توانیوویەتی بنەماکانی دراما و دراماتۆرگی و هونەری نووسینی شانۆنامە، لە زۆر ڕووەوە گەلێک فراوان بکات، بەمەیش بونیادی درامی و دراماتۆرگی پینتەر دەروازەیەکی نوێ

---

کتێبە گرینگەکانی پرۆگرامی خوێندن لە پەیمانگە و ئەکادیمیای هونەرەجوانەکان لە بەغدا.

بە ڕووی درامایەکی مۆدێرنی ئەوروپی و جیهانیدا دەکاتەوە. پینتەر دژی ئەم پۆلێنکردن و بەراوردکارییانە بوو، ئەو پێی وا بوو شانۆیەکی ساکار و ڕۆژانەی نووسیوە. گەر بگەڕێینەوە سەر بنەما گشتییەکانی تێکستەکانی ئەم نووسەرەیش، دەبینین، کە کارەکتەرەکانی بە شێوەیەک لە ڕووداوەکاندا بەرجەستە کردوون، وەک شتێکی ئاسایی و ڕۆژانە: ڕۆژانە و ساکار تێکەڵاو دەکات، بەڵام لەگەڵ فۆرم و جیهانێکی ئەبسورددا پێکدا دەچێت و لە ئەنجامدا ژیانی خەڵکی تیا ڕەنگ دەداتەوە و بەرجەستە دەبێت و لە ڕوانگەی چیرۆکێکی ئاسایی نائاساوە دەردەکەون، وچان و دیالۆگەکان قووڵ دەکاتەوە و مەودایەکی نهێنی و هەندێک جار ترسناکیان پێ دەبەخشێت. پینتەر کاریگەرییەکی گەورەی کردووەتە سەر هەموو شانۆنامەنووسانی دوای خۆی، چ لە شانۆی ئینگلیزی و چ لە شانۆی جیهانیشدا، لە ئەمەریکا (داڤید مەمێنت) ١٩٤٧-  لە بەریتانیا (سارا کێنی) ١٩٧١-١٩٩٩ دوو نموونەی ئاشکران، لە سوێد (لاش نۆرێن) ١٩٤٤- و لە نەرویژیش (یۆن فۆسە) ١٩٥٩- ڕاستەوخۆ، بەتایبەتیش لە سەرەتاکانی ژیانی هونەرییاندا، لەژێر هەژموونی پینتەردا بەرهەمەکانی خۆیان نووسیون.

# بەشی دووەم

## هارۆڵد پینتەر
## بیۆگرافیا

ژیانی پینتەر لە ١٠ی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٣٠دا، لە بنەماڵەیەکی بە نەژاد جوولەکەی هەژار و لە ڕۆژهەڵاتی لەندەنەوە دەست پێدەکات و لە ناوچەی (ئێست ئێند)یش گەورە دەبێت. باوکی بەرگدروو بووە و پینتەر تاقانە و تەنها منداڵی ئەم خێزانە بووە، خانەوادەکەشیان هەر لە سەرەتاوە و بەوپەڕی تواناوە هانی پینتەریان داوە، هەوڵ دەدەن بارودۆخێکی هێمنی بۆ دابین بکەن و خۆشەویستییەکی گەورەیشی پێ دەبەخشن.

پینتەر لە تەمەنێکی ناسکی مێردمنداڵیدا و لە ساتێکدا، کە لە هەموو کاتێک زیاتر پێویستی بە سۆزی دایک و باوکی بووە، لە خێزانەکەی دادەبڕێت و وەک زوربەی زۆری منداڵانی تری ئەو سەردەمە، لە کاتی جەنگی جیهانیی دووەمدا، لەبەر هۆکاری ئەو جەنگە، دەگوێزرێتەوە بۆ گوند و ناوچە دوورەدەستەکان. پینتەر لە هەڕەتی لاویدا، ڕاستەوخۆ شاڵاوی سوکایەتی پێکردن و دژایەتیکردنی جوولەکەکان لە دەیەی سییەکاندا لە کۆڵان و سەرشەقامەکانی لەندەندا بە چاوی خۆی دەبینێت، هەر لەو ساتەیشەوە زۆر بە توندی دژی هەموو جۆرە شەڕ و سەرکوتکردنێک دەبێتەوە.

پینتەر لە دەسپێکی ژیاندا کەمدوو بووە و زیاتر وەک لاوێکی شەرمن و بێدەنگ دەرکەوتووە، کەمتر چووەتە ناو خەڵکەوە و هەمیشە دوورەپەرێز و گۆشەگیر بووە، بەڵام کە دەچێتە قۆناغی خوێندنی ئامادەییەوە، گۆڕانکارییەکی گەورەی بەسەردا دێت، دەکرێتەوە، دەچێتە ناو هاوڕێکانییەوە، توانای قسەکردنی زیاتر دەبێت و ئەو شەرمنییەی جارانی نامێنێت.

پینتەر لەم قۆناغەی ژیانیدا دەست دەکات بە یاریی تۆپی پێ و لەمەیشدا سەرکەوتوو دەبێت و دەبێتە جێگەی سەرنجی هاوڕێ و هاودەمەکانی، دواتر چەند گوتارێکی جۆراوجۆریش لە ڕۆژنامەی قوتابخانەکەیاندا بڵاو دەکاتەوە. هەر لەم قۆناغەدا بەهرەی نووسین و زمانێکی پاراو و توانای دەربڕینی لەلا گەشە دەکات.

پینتەر لە چەندین چاوپێکەوتندا ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە، کە ئەو گۆڕانکارییانە دەگەڕێنەوە بۆ ڕۆڵ و هاندانی مامۆستای ئەدەب و کولتووری ئینگلیزی Joseph Brearley ١٩٠٩-١٩٧٧ هەر ئەو مامۆستایەیش بەهرەی شانۆ و نووسین لەو لاوەدا دەدۆزێتەوە و بەردەوام هانی دەدات. گرینگی هەوڵەکانی ئەم مامۆستایە لەوەدا بووە، کە توانیویەتی

پینتەر بەوە قایل بکات، کە ئەو خاوەنی هۆشیارییەکی تایبەتمەند و زمانێکی ساکاری قووڵە، زمانێک بە ئاسانی توانیویەتی گوزارشت لە هەست و سۆزی خۆی و شتە ئەبستراکتەکانیش بکات.

پینتەر هەر لە سەرەتاوە ئارەزووی ئەدەب و هونەری هەبووە، بە وردی کافکا، جیمس جۆیس، دۆستۆیڤسکی، هێمنگوای، هینری میللەر و تەنانەت ڕۆمانەکانی بێکێت دەخوێنێتەوە، هاوکات وەک ئەکتەریش لە زوربەی چالاکییە شانۆییەکانی قوتابخانەکەیاندا بەشداری دەکات و هەر لەو قۆناخەی تەمەنیدا ڕۆڵی (ماکبێس) لەو شانۆنامە بەناوبانگەی شەکسپیردا دەبینێت. ئەم شانۆنامەیە یارمەتییەکی گەورە و هەمەلایەنەی پینتەر دەدات و هەر لە ڕێگەی ئەم نمایشە و ڕۆڵی ماکبێسەوە بەسەر گرفتە دەروونییەکانی خۆیدا زاڵ دەبێت و زیاتر بڕوای بە خۆی پتەو دەبێت، دەوێرێت بێتە پێشەوە و جێگەی خۆی لەنێو هاوڕێکانیدا بکاتەوە.

پینتەر لە ساڵی ١٩٥٠دا بۆ یەکەم جار پارچە شیعرێکی لە گۆڤاری Poetry Londonدا بڵاو دەکرێتەوە و لە ساڵی ١٩٥١یشدا وەک ئەکتەرێکی ددانپێدانراو لە دەرەوەی دەرگاکانی شانۆی

قوتابخانەکاندا کاردەکات.  پینتەر لەم ساڵەدا و بۆ یەکەم جار گەشتێکی هونەری بە ئێرلەندادا دەکات و لە چەند شارێکی ئەو وڵاتەدا هەندێک لە شانۆنامە کلاسیکییەکان پێشکەش دەکات. بەم جۆرە لەنێوان ساڵانی ١٩٥٠ و ١٩٥١دا دەبێتە دەسپێکی ژیانی هونەریی باوەڕپێکراوی پینتەر. هەرچەندە پینتەر بە شێوەیەکی گشتی و تەواو تێکەڵاوی دونیای شانۆ دەبێت، بەڵام هەمیشە لە شیعرەوە نزیک بووە و خۆی بە شاعیر زانیووە، لەم ڕووەوە خاتوو ئەنتۆنیا فرەیسەری خێزانی لە یاداشتەکانیدا دەڵێت (نابێت هەرگیز ئەوەمان لەیاد بچێت، کە هارۆڵد دەیویست ببێت بە شاعیر و لە زۆر ڕووەوە خۆی وەک شاعیر دەبینی).

پاشان لە ئێزگەی بەریتانیا لەگەڵ تیپ و گرووپە گەڕۆکەکان و لە زۆربەی شانۆکانی لەندەندا وەک ئەکتەر و ڕیژیسۆر، بەوپەڕی تواناوە کاردەکات. پینتەر بەو شێوەیە و لە سەرەتاوە هەموو ژیانی خۆی بۆ شانۆ تەرخان دەکات: نووسەر، ئەکتەر و ڕیژیسۆر و زۆرجار هەر خۆیشی ڕۆڵی کارەکتەرە تووڕە و بێباکەکانی شانۆنامەکانی خۆی دەبینێت.

بەم شێوەیە پینتەر بۆ ماوەی زیاتر لە ١٠ ساڵ لەگەڵ تیپ و نمایشە شانۆییەکاندا، بە زوربەی

شارۆچکەکانی لەندەن و شارەکانی تری ئینگلیستاندا گەڕاوە، ئەمەیش زیاتر و لە نزیکەوە بە هونەری شانۆ، پرۆسێس و لایەنە کردەییەکەی، پێداویستییەکانی، تەنگژە و چارەسەرکردن و پراکتیک و پرۆسە هونەرییەکان ئاشنا بووە و توانا شانۆییەکەی دەوڵەمەند کردووە. ئەم ئەزموونە شانۆییە دواتر، بە چڕی لە نووسینی شانۆنامەکانیدا سوودی لێ وەرگرتووە، زانیویەتی کارەکتەرەکانی بە چ شێوەیەک دەجووڵێنەوە و دەپەیڤن، شوینپێیان هەڵدەگرێت و هەڵسوکەوت و دیالۆگ و پەیوەندییەکانیان دیار و دەستەبەر دەکات. پینتەر دەڵێت (لەو دەمەدا من هونەری نواندن وەک ململانێ و تێکۆشانێکی چڕ دژ بە بینەران دەهاتە پێش چاوم. ئێمە یان ئەوان سەرکردەی ئەو ململانێ و تێکۆشانە بووین، کە دەستیشم کرد بە نووسین بە باشی دەمزانی چی وا لە بینەران دەکات بێدەنگ دانیشن و دەمیان داخەن، چونکە من لە بنەڕەتدا ئەکتەر بووم. هەرچەندە ئەم تەکنیکە هەموو جارێک سەرناگرێت) وەک دەبینین، پینتەر لە شانۆوە دەستی پێکردووە، وەک ئاماژەیشمان بۆ کردووە، سەرەتا ئەکتەر بووە و لە هونەری نواندنەوە، لە دیدی ڕێژی و

پێکهێنەرەکانی تری پرۆسێسی نمایشێکی شانۆییەوە دەستی کردووە بە نووسینی دەقە شانۆییەکانی.

پینتەر لە ساڵی ١٩٥٧دا و لە تەمەنی بیستوحەوت ساڵیدا شانۆنامەیەکی یەکپەردەیی بەناوی (ژوور) دەنووسێت، هەر لەم شانۆنامە کورتەدا فۆرم و شێوازەکانی نووسینی پینتەر دەردەکەوێت، کە دواتر بووە ستراکتورێکی گشتیی دەقەکانی، هەر بۆ نموونە ئەتمۆسفێر، کارەکتەر و ژوورە داخراوەکان، ژووریش وەک پانتایی و شوێنی ڕووداوەکان دواتر لە زوربەی شانۆنامەکانی تری پینتەردا دووبارە دەبێتەوە. پینتەر لەسەر داوای "هینری وەلف"ی هاوڕێی، کە قوتابیی بەشی درامای زانکۆی "بریستۆڵ" دەبێت، ئەم شانۆنامەیە بە چوار ڕۆژ دەنووسێت.

(ژوور) وەک یەکەم شانۆنامەی پینتەر دووپاتکردنەوەیەکی توانا و سەلیقەی ئەم نووسەرەیە، دیالۆگە کورتەکان، نائارامی و هەڕەشەیەکی نادیار ڕیتم و دونیای ژوورە داخراوەکان لە دنیابینییەکی بەرفراوان و قووڵەوە بەرجەستە دەبێت.

عەلی عوسمان یاقووب سەبارەت بە شانۆنامەی (ژوور) کە لە ئینگلیزییەوە کردوویەتی بە کوردی، دەڵێت (هارۆڵد پینتەر هەر لە سەرەتای شانۆنامەکەوە

دوو شوێنی جیاواز، دوو شوێنی پێچەوانەی یەکتر وەک ئاماژەیەک بۆ ململانێیەک دەخاتە بەر دیدەی خوێنەر و بینەران. گوتمان ژوورەکە دەرگایەکی بۆ دەرەوە هەیە، لە دەرەوەی ئەم دەرگایە دونیایەکی ترە. بەراوردکردنی ئەم دیوەی دەرگاکە -واتە ناو ژوورەکە- لەگەڵ دونیای ئەودیوی دەرگاکە کارێکی گرینگە بۆ تێگەیشتن لەو پەیامەی، کە پینتەر دەیەوێت بیگەیەنێت. دونیای دەرەوە دونیایەکی ساردە، دونیایەکی دژ و ڕقاوییە. ناو ژوورەکە گەرم و ڕووناکە، بەڵام لە دەرەوە زستانە، سارد و تاریکە. پێکهاتەی دووەمی شانۆنامەکە ژن و مێردێکن، یان باشتر وایە بڵێین ژن و پیاوێکن، چونکە مەسەلەی ژن و مێردایەتییەکەیان وەک زۆر شتی تری ناو شانۆنامەکە زۆر ڕوون نییە) پینتەر لە دووتوێی وشە، ئەتمۆسفێر، ژینگە و کارەکتەرەکانیشەوە ژوورەکان بەرجەستە دەکات، ژوورەکانی پلە بە پلە و هێدی هێدی لەنێو خودی تێکستەکانییەوە دەردەکەون، پینتەر بە ڕووداوەکانی، ڕێگە بۆ ژوورەکانی دەکاتەوە تا فۆرمی خۆیان وەربگرن.

پینتەر وەک ئەکتەر بە ناوی داڤید بارون- ەوە کاری کردووە، دواتریش کە شانۆنامەکانی بڵاو

دەکاتەوە لە داڤید بارونی ئەکتەرەوە دەبێتە (هارۆڵد پینتەر)ی شانۆنامەنووس. نووسینی شانۆنامەی (ژوور) وزەیەکی بەهێز دەبەخشێتە پینتەر و دەبێتە هاندەرێکی ڕاستەوخۆ بۆ بەردەوامبوون و پرۆژەی نوێ، هەر لە ساڵی ١٩٥٧دا شانۆنامەی (ئەسانسێرەکە) دەنووسێت، تەکنیکی پشتەوەی تێکست و ئەتمۆسفێرێکی پڕ لە ڕاز و نهێنی و هەڕەشەئامێز لە شانۆنامەی (ئاهەنگی جەژنی لەدایکبوون) کە لە ساڵی ١٩٥٨دا دەینووسێت، بەتەواوی پەرە دەسەنێت و هێڵە گشتییەکانی شانۆیەکی تایبەتمەندی پینتەر دەردەکەوێت.[١]

لە (ئاهەنگی جەژنی لەدایکبوون)دا، کە لەپڕ هەردوو کارەکتەری گۆڵدبێرگ و ماکان دەردەکەون جیهانێکی کافکایی ئەتمۆسفێری شانۆنامەکە داگیر دەکات و بینەران هەست بە هەڕەشەیەکی تۆقێنەر، بەسەر کارەکتەرەکانی ترەوە دەکەن. هەر لەم شانۆنامەیەدا ئەو کۆمیدیا ئەبسوردەی، کە لە بێکێتەوە فێری دەبێت، ڕاستەوخۆ دەردەکەوێت، ڕووداو و کارەکتەرەکان لە دیالۆگی ڕووت، ئاسایی و قسەی ڕۆژانەوە دەبێتە

---

[1] شانۆنامەی (ئەسانسێرەکە) لە سەرەتادا ناوی (بارمەنە بێدەنگەکە) بووە و بە شانۆنامەی (خواردنی پەیژە کارەباییەکە Mathissen) و (لە چاوەڕوانیی ویلسوندا)یش ئاماژەی بۆ دەکرێت.

درامایەکی تۆقێنەر و پڕ لە ڕاز و نیاز. شانۆنامەی (ئاهەنگی جەژنی لەدایکبوون) لە زانکۆی کامبریج نمایش دەکرێت، دوای ئەوە لەسەر شانۆ گرینگەکانی لەندەن نمایش دەکرێتەوە، بەڵام ڕەخنەگران بە توندی بەرەنگاری ئەم شانۆنامەیە دەبنەوە، ئەمەیش دەبێتە هۆی کشانەوەی بینەران و دواتر ناچار دەبن دوای چەند هەفتەیەک نمایشەکە ڕابگرن، بەڵام هارۆڵد هۆبسۆن، Harold Hobson کە یەکێک دەبێت لە ڕەخنەگرە دیارەکانی ئەو دەمەی بەریتانیا و لە ڕۆژنامەی Sunday Timesدا بەرگری لە پینتەر و شانۆنامەی (ئاهەنگی جەژنی لەدایکبوون) دەکات و دەڵێت: (لەو بڕوایەدام، کە پینتەر سەرلەنوێ دەربکەوێتەوە، ئەو ناوە باش بخەنە مێشکتانەوە) بێگومان پینتەر وەک یەکێک لە دەنگە گەورە و ڕەسەنەکان، هەر زوو دەردەکەوێتەوە.

شانۆنامەی (ئاهەنگی جەژنی لەدایکبوون) تەنها لە نێوەندە هونەری و شانۆییەکاندا قسەی لەسەر ناکرێت، بەڵکو ئەم پریشکی ڕەخنە و دیدی جیاواز و بەرگری و داپڵۆسینە بینەرانیش دەگرێتەوە، بۆ نموونە پینتەر لە یەکێک لە بینەرەکانی ئەم شانۆنامەیەوە، ئەم نامەیەی بەدەست دەگات:

**ڕێزدار کاک پینتەر**

من زۆر سوپاستان دەکەم گەر بەڕێزتان ناواخنی شانۆنامەی (ئاهەنگی جەژنی لەدایکبوون)تان بۆ ڕوون بکردمایەتەوە. من لەم خاڵانە تێناگەم: یەکەم، ئەو دوو پیاوە کێن؟ دووەم، ستانلی لە کوێوە هاتووە؟ سێیەم، لەوە دەچێت هەموویان هەر بەتەواوی ئاسایی بن؟ ئێوە دەبینن، کە بەرلەوەی وەڵامی پرسیارەکانم وەربگرم، ناتوانم بە هیچ شێوەیەک لە شانۆنامەکەی ئێوە تێبگەم.

**ماری ولیام سۆن**

پینتەر دەستبەجێ وەڵامی پرسیارەکانی ئەو بینەرە، بەم شێوەیەی خوارەوە دەداتەوە:

**ئێوەی بەڕێز!**

من زۆر سوپاستان دەکەم گەر بەڕێزتان ناواخنی نامەکەتان بۆ ڕوون بکردمایەوە. من لەم خاڵانە تێناگەم: یەکەم، جەنابتان کێن؟ دووەم، لە کوێوە هاتوون؟ سێیەم، لەوە دەچێت ئێوە ئاسایی بن؟ ئێوە دەبینن، کە بەرلەوەی وەڵامی پرسیارەکانم وەربگرم، ناتوانم بە هیچ شێوەیەک لە نامەکەی ئێوە تێبگەم.

**هارۆڵد پینتەر**

دوو ساڵ دواتر شانۆنامەی (ئاهەنگی جەژنی لەدایکبوون) بۆ تەلەفزیۆن تۆمار دەکرێت و لە کەناڵەکانی BBCدا بڵاو دەکرێتەوە، ئەم نمایشە تەلەفزیۆنییە سەرکەوتنێکی گەورە بۆ پینتەر بەدەست دەهێنێت و لە شەو و ڕۆژێکدا دەبێتە یەکێک لە ناسراوترین نووسەرەکانی ئەودەمەی بەریتانیا.

پینتەر هەر لەم قۆناغەدا زۆر بە چڕی دەکەوێتە نووسین و بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی، شانۆنامەکانی بۆ BBC دەنووسێت، لە هەمان کاتدا بەردەوام دەبێت لەسەر بڵاوکردنەوەی شیعر و نووسینی سیناریۆ بۆ فیلم و تێکستە تەلەفزیۆنییەکانی و تەنانەت گوتاری سیاسیش بڵاو دەکاتەوە.[١]

پینتەر لەگەڵ نووسینی هەر شانۆنامەیەکی تازەیدا، فۆرم و شێوازەکانی خۆی قووڵتر دەکاتەوە و گفتوگۆ و

---

[1] پینتەر سیناریۆی بۆ چەندین فیلمی بەناوبانگ نووسیوە، بۆ نموونە لە ساڵی ١٩٦٢دا چیرۆک و سیناریۆی فیلمی نۆکەر، لە ساڵی ١٩٦٧دا تێکشکان و لە ساڵی ١٩٧١یشدا پەیامنێر دەنووسێت. ئەم فیلمانە هەرسێکیان لە ڕیژی جۆزیف لوسی دەبن. لە هەشتاکانیشدا سەرلەنوێ سیناریۆی کۆمەڵێک فیلمی تر دەنووسێت، لەوانە Den franske löjtnantens kvinna کە لە ڕۆمانێکی John Fowlesەوە وەریگرتووە، لە ساڵی ١٩٨٥یشدا سیناریۆی فیلمی (یاداشتەکانی کیسەڵ) کە لە ڕۆمانێکی Russel Hoban ەوە وەریگرتووە، دەنووسێت.

بۆچوونی جیاواز دەوروژێنێت، بۆ نموونە لە ساڵی ١٩٦٠دا شانۆنامەی (سەرایبدار) دەنووسێت، ئەم بەرهەمەی نەک بە تەنها لە لەندەن، بەڵکو لە زوربەی وڵاتە ئەوروپییەکاندا بە سەرکەوتنەوە نمایش دەکرێت و پاش چوار ساڵیش دەبێتە فیلمێکی سینەمایی سەرکەوتوو.

پینتەر دوای ئەو سەرکەوتنانە، شانۆنامەی (دیمەنێکی ئاسایی) و (کۆلێکشن) ١٩٦١، (یار) ١٩٦٢، (ئاهەنگی چا خواردنەوە) ١٩٦٥، (گەڕانەوە بۆ ماڵ) ١٩٦٥، (بێدەنگی) ١٩٦٩، (شەڕ) ١٩٦٩، (ناپاکی) ١٩٧٨، (خاکی بێخاوەن) ١٩٧٤... هتد، دەنووسێت. پینتەر لە دیدێکی فرە مەوداوە دەقەکانی لەسەر چەندین هاوکێشەی دژبەیەک ڕۆ دەنێت، ئەم هاوکێشە دژبەیەکانە لە چەندین ڕایەڵە و جەمسەری دارێژراوەوە شتە دژبەیەکەکان لە ڕەوش و بارودۆخە دراميیەکاندا کۆدەکاتەوە، بۆ نموونە پینتەر لە زۆربەی دەقەکانیدا پێودانگە دراميیەکان وابەستەی لایەنێکی جیددی و ئەویتریان ڕەوشێکی کۆمیدی یان وێنەیەکی خەونئامێز دەکات و دەیانبەستێتەوە بە وێنەیەکی ڕیالیزمی و واقیعییەوە، ئەم تەکنیکەیش پینتەر لە هەموو شانۆنامەنووسەکانی تر جیا دەکاتەوە، بەتایبەتی، کە

بێدەنگییە هەڕەشەئامێزەکانی، لە بارودۆخێکی ڕیالیزمی یان ئەبسورددا نا ئاسوودەییەکی نادیار و نا ئارامییەکی پڕ لە مەترسی دەخولقێنێت. ئەم شانۆنامانەیش دونیادیدەیی پینتەریان دەستەبەر کردووە و ئەو ڕێگەیەیان بۆ کردەوە، کە ببێت بە یەکێک لە گرینگترین دەنگەکانی شانۆی مۆدێرنی ئەوروپی.

پینتەر لە شەستەکاندا هاوکارییەکی هونەریی چڕ لەگەڵ ڕیژیسۆری شانۆی شاهانەی شەکسپیر (پیتەر هاڵ) ١٩٣٠- دەست پێدەکات، ئەم هاوکارییە هونەرییە کاریگەرییەکی پۆزەتیڤی بەسەر گەشەی پینتەرەوە، وەک شانۆنامەنووس دەبێت و دەشبێتە هاوڕێیەتییەکی نزیکی درێژخایەن.

پیتەر هاڵ شانۆی شاهانەی شەکسپیر دادەمەزرێنێت و چەندین نمایشی سەرکەوتوو پێشکەش دەکات و شانۆنامەکانی پینتەر دەبێتە جێگەی سەرنجی. ئەم هاریکارییە هونەرییە تا دوا ڕۆژەکانی ژیانی پینتەر بەردەوام دەبێت.

پینتەر تەنها هەوڵی نمایشکردنی شانۆنامەکانی نادات، بەڵکو بە هەمان شێوە شانۆنامەکانی بە کتێب و لە گۆڤارەکاندا بڵاو دەکاتەوە، ئەم بڵاو کردنەوەیەیش

زەمینەیەکی بەربڵاو و گرینگ بۆ پینتەرێکی گەنج، لە سەرانسەری بەریتانیادا خۆش دەکات.[1]

پینتەر نەوەی سەر بە چینی کرێکاران و تەوژمی ڕیالیزمی نوێی شانۆی ئینگلیزییە، بەتایبەتیش لە بەرهەمەکانی سەرەتایدا پابەندی دەوروبەر و ئاووهەوایەکی واقیعی شیعرئامێزە، لە ژیانێکی ڕۆژانەی زۆر ئاساییدا، هەلومەرج، ڕەوش، حاڵەتی دژایەتی و بەرگریکردن دەخوڵقێنێت و زۆر جار دیالۆگەکانی فۆرمێکی لێپێچینەوە لەخۆ دەگرن، ئەم فۆرمە زیاتر لە شانۆنامە سیاسییەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە. ڕووداو و ئاکامەکانی جەنگی جیهانیی دووەم کاریگەرییەکی زۆر لەسەر بیر و هۆشی پینتەر بەجێدەهێڵێت، هەموو شتێک بە سیاسەت دەبینێت، لە بنەماکانی توندوتیژی،

[1] لە دەیەی پەنجا و شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا، گۆڤارێکی شانۆیی لە لەندەن بە ناوی "Encore- "The Voice of vital Theatre دەرچووە، ئەم گۆڤارە گرینگیی داوە بە دەنگی نوێ، لێکۆڵینەوەی تەوژمەکانی سەردەم، هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی شانۆیەکی ساتەوەختی، گرینگیدان بە شانۆی ناوچە جیاجیاکانی دەرەوەی شاری لەندەن و زەمینەخۆشکردن بۆ لێکۆڵینەوەی شانۆیی، کە پابەند بووە بە گۆڕانکارییە هەنووکەییەکانی ئەو دەمەی کۆمەڵەوە. ئەم گۆڤارە دوا ژمارەکانی لەساڵی ١٩٦٥دا بڵاو دەکرێنەوە. پینتەر یەکەم شانۆنامەکانی (ئاهەنگی جەژنی لەدایکبوون) و (سەرایدار) لەم گۆڤارەدا بڵاودەکاتەوە.

ڕەگەزپەرستی، جەنگ و دەسەڵات تێدەگات. هەر لەبەر ئەوەیشە، کە بە هەموو شێوەیەک دژی هەموو ماناکانی سەرباز و سوپا و چەک دەبێتەوە، لە خزمەتی سەربازی هەڵدێت و بە هیچ شێوەیەک ئامادە نابێت جلوبەرگی سەربازی لە بەر بکات و بچێتە ڕیزەکانی سوپای وڵاتەکەیەوە. لە یەکێک لە چاوپێکەوتنەکانیدا بەم شێوەیە باسی ئەو ڕۆژگارانە دەکات (کە جەنگ کۆتایی هات، تەمەنم پازدە ساڵان بوو، گومان لەوەدا نەبوو، ئەگەر دوای سێ ساڵی تر بۆ خزمەتی سەربازی بانگهێشت بکرامایە، هەر دەبوایە بچم. من هیچ مانایەکم لەمەدا نەدەبینی، بۆیە نەچووم و لە ئاکامدا گیرام. بە ترومبێلێکی پۆلیس بردمیانە بنکەی پشکنینی تەندروستی. دوو دادگایش داوای دەکردم). پینتەر هەر سەبارەت بەم مەسەلەیە، لە چاوپێکەوتنێکی تردا، کە لە ساڵی ٢٠٠١دا لە لایەن ئانا-ماریا کۆسەک-ەوە لەگەڵی کراوە، دەڵێت: (من بڕیاری خۆمم دابوو. ئەمەویت ئەوەیشتان بیربخەمەوە، کە ساڵی ١٩٤٨ بوو. بیرم لەوە کردبووەوە، کە بە هیچ شێوەیەک و لەژێر ڕۆشنایی هیچ هەلومەرجێکدا نەبمە سەرباز. من سەرەتاکانی شەڕی ساردم، بەرلەوەی گەرمەکە تەواو بووبێت، دی بوو. لەوە گەیشتبووم، کە چەکی ئەتۆمی زەنگێکی

وریاکردنەوە بوو بۆ سۆڤییەت. ئامادەی دوو دادگا بووبووم و دووجاریش بڕیاری دادگام وەرگرتبوو. ئامادەی بەندیخانەیش بووم. تەمەنم هەژدە ساڵ بوو، وەک دەزانیت ئەمە بەرگریکردنێکی سڤیل بوو، نەک کردارێکی جنایی و تاوانکارانە. لە هەردوو دادگاییکردنەکەدا، هەمان دادوەرم هەبوو، دوو جار غەرامەی کردم. باوکم ناچار بوو پارە بۆ ئەو غەرامانە پەیدا بکات. ئەو پارەیەیش بۆ ئەو ڕۆژگارە ئێجگار زۆر بوو، بەڵام باوکم توانیی پەیدای بکات، بەڵام من بۆ هەردوو دادگاییکردنەکە فلّچەی ددانەکانم پێ بوو. ئامادەی ئەوە بووم بچمە بەندیخانەوە. دەمەوێت ئاماژە بۆ ئەوەیش بکەم، کە بە هیچ شێوەیەک لەو کردارەم پەشیمان نیم).

پینتەر بە پێچەوانەی نووسەرەکانی سەردەمی خۆیەوە، شانۆنامەنووسێک نەبووە و نییە، کە نووسینەکانی لەسەر ژیان و بیۆگرافیای خۆی ڕۆنابێت، شانۆنامەکانی پینتەر ڕێگەیەک نین بۆ ناسینی ئەم نووسەرە و لە بەرهەمەکانیدا هیچ زانیارییەک دەربارەی ژیانی تایبەتمەندیی خۆی نادات بەدەستەوە. سەبارەت بە ڕەوشی ژیانی تایبەتیی خۆی دەڵێت: (هیچم نییە سەبارەت بە خۆم بیڵێم. نازانم لە کوێوە دەست پێبکەم،

بەتایبەتی کە لە ئاوێنەدا سەیری خۆم دەکەم، لەوە ڕادەمێنم ئاخۆ دەبێ ئەو کەسە کێ بێت؟)

پینتەر لە دەرەوەی شانۆکان و ئەدەبی درامییەوە، کەوتبووە ژێر کاریگەرییەکی بەهێزی وێنە شیعرییەکانی ت. س. ئەلیۆت ١٨٨٨- ١٩٦٥ و ولیەم باتڵەر یەتیس ١٨٦٥-١٩٣٩ و لە شیعرەکانی ئەم دوو شاعیرەدا تروسکەیەکی ڕۆحیی بەدی کردووە، هەر لە شیعرەکانی ئەم دوو شاعیرەوە وزەی وەرگرتووە و بەدوای پەیوەندییە ڕۆحییەکاندا گەڕاوە. پینتەر ئەو هەستە ڕۆحییەی لە فرانس کافکا ١٨٨٣-١٩٢٤یشدا دۆزیوەتەوە و هەمیشە گەڕاوەتەوە بۆ سەر ڕۆمانەکانی کافکا و کاری لەسەر کردوون، کە ڕۆمانی (پرۆسێس)یش بۆ شانۆ و تەلەفزیۆن تۆمار دەکات، دووپاتی پەیوەندییە ڕۆحییەکانی نێوان مرۆڤ لەم ڕۆمانەدا دەکاتەوە. ئەم ڕۆمانەی کافکا بۆ پینتەر گەڕانی مرۆڤ بووە بەدوای خودادا، نەک پەیوەندییە سیاسییەکان و موراڵی سیاسی. کە پینتەر کار لە (پرۆسێس)یشدا دەکات، زۆربەی دیمەنەکانی لە شاری پراگ، جێنزرگەی کافکا تۆمار دەکات و دەیەوێت لە ژینگە و گەشەکانی کافکا و ئەتمۆسفێرەکەی ئەو نزیک ببێتەوە.

پینتەر جگە لەم نووسەرانە، هەر لە سەرەتای ڕەوتی نووسینە شانۆییەکانییەوە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە ساموێل بێکێتەوە دەبێت و ئەو پەیوەندییە دەبێتە دۆستایەتییەکی نزیک و درێژخایەن. پینتەر لە پەنجاکانی سەدەی ڕابردوودا و لەژێر کاریگەریی بێکێتدا شانۆنامەی (ئەسانسێرەکە) دەنووسێت، کە دواتر دەبێتە یەکێک لە شاکارە کلاسیکییەکانی شانۆی مۆدێرنی جیهانی.

پینتەر ساڵی ٢٠٠٥ خەڵاتی نۆبڵ بۆ ئەدەب وەردەگرێت و لەدوای بێکێتەوە بە گەورەترین شانۆنامەنووسی ئەوروپا و جیهان دادەنرێت. ساڵی ٢٠٠٨ کۆتایی بە ڕەوتی ژیانی دێت و کۆچی دوایی دەکات.

# بەشی سێیەم

## مۆرک و سیماکانی شانۆی
## هارۆڵد پینتەر

پینتەر هەر لە یەکەم دەسپێکی شانۆنامەکانییەوە، جیهانێکی تایبەت بە خۆی خوڵقاندووە: دیالۆگ، کارەکتەرەکان، ئەو زمانەی بەکاری دەهێنێت، ئەو مەسەلانەی دەیانخاتە ڕوو، تۆن و ڕیتم، جۆرە هەستێک، غەریزە و قووڵییەکی زیاتر، جیددییەتێکی زیاتر و لەم نێوەندەیشدا خەندەیەکی ڕەش، لەخۆ دەگرێت.

ئەو ئەتمۆسفێرە تەمومژاوی و هەلومەرجە نهێنییەی لە شانۆنامەکانی پینتەر، جیا لە شانۆنامەنووسەکانی تر، بەرجەستە بوون وای لە ڕەخنەگرەکان کرد، دەستەواژەی Pinteresqu واتە "پینتەرییەت"، وەک ئاماژەیەک بۆ تایبەتمەندی و جیکردنەوەی شێوازی پینتەر بەکاربێنن و دواجار دەستەواژەکە بچێتە ناو زمان و فەرهەنگی ئینگلیزی. شانۆنامەکانی پینتەر بە شێوەیەکی گشتی باسی ئەو ڕەوشانە دەکەن، کە مرۆڤ بەرگری لە خۆی، لە پێگەی خۆی و بۆچوونەکانی خۆی دەکات، یان مرۆڤ بە شێوەیەک لە شێوەکان هێرش دەکاتە سەر کەسێک، کەسانێک تەنها بۆ ئەوەی (ناوچەی خۆی) ئەو ڕووبەرەی تیا دەژی و دەسوڕێتەوە، بپارێزێت.

کارەکتەرەکانی پینتەر بەبێ هیچ چیرۆکێک، بەبێ هیچ پەیوەندییەکی ڕوون و ئاشکرا و ئاستێکی دیاریکراوی باری کۆمەڵایەتی یان چینایەتی دێنە سەر شانۆ؛ ئەو کارەکتەرانە لە دانوسانێکی بەردەوامدان سەبارەت بەوەی، کە هەموویان جێگەیان لە هەمان ژووردا ببێتەوە، بەرتەسکیی شوێنەکان، وەک هێماگەلێک لە زوربەی شانۆنامەکانی پینتەردا دووبارە دەبنەوە. شوێنەکان هیچ گۆڕانکارییەکیان بەسەردا نایەت، ئەم بەرتەسکیی شوێنانەیش ئاماژەیەکە بۆ تەنگژەی کەسایەتییەکان و سنووردارییی جووڵانەوەکانیان لە ژیان و ترسیان لە ڕووبەڕووبوونەوەی دونیای دەرەوە. کارەکتەرەکان تەنها و دابڕاو لە بارودۆخێکی تەمومژاوی و لێڵ و نهێنیدا دێن و دەچن، ئەم بارە نادیار و تەمومژاوییە شانە گرینگەکانی دەقەکانی پینتەر پێکدەهێنن.

ئەو فۆرم و ڕیتمەی، کە ئاماژەمان بۆ کرد، جۆرە دەوڵەمەندییەکە لە لای پینتەر؛ ژوورەکان لە تاریکیدا فۆرمی خۆیان وەردەگرن، خۆیان دەسەپێنن و هێدی هێدی لە خودی دەقەکاندا دێنە دەرەوە.

پاڵەوانەکانی پینتەر لەناو دەق و ئەتمۆسفێرەکەدا ڕێگە بە ژوورەکان دەدەن فۆرمی خۆیان وەربگرن.

دونیا سارد و تاریکەکانی دەرەوە حاڵەتێکی مەترسیدار، چاوەڕوانی و شتێکی نادیار بۆ کارەکتەرەکان دەستەبەر دەکەن، کەسایەتییەکانی لە تاریکی، تەنیایی و دابڕاندا لە بیرکردنەوەیەکی بەردەوامدان، ئەو بیرکردنەوانەیش دەبنە هۆی دروستبوونی پردێکی پەیوەندی بە دونیای ناوەوە و دەرەوە. زۆرجار کارەکتەرەکان لە خودی گەڕان بەدوای ئەویتردا، بەدوای پەیوەندییە نادیارەکاندا و لەناو پەیوەندییەکانەوە باسی خۆیان دەکەن، پشێوییەکانیان، دەروونە نەخۆش و ئاڵۆزەکان و جۆری پەیوەندییەکانیان دەخەنە ڕوو. لەم گەڕانەدا کەسایەتییەکان، جا چ مێینە یان نێرینە بن، لە ئاڵۆزییەکاندا گەشە دەکەن و پەیوەندییەکانیش هەندێک جار ئاڵۆزتر، ترسناکتر و هەندێک جاریش ئاسایی دەردەکەون. هەر لەم ڕووەوە پینتەر هەردوو دیوی ناوەوە و دەرەوەی کەسایەتییەکانی وابەستەی چەمکەکانی ڕاستی، بنەما درامی و هێڵە گشتییەکەی کارەکتەرەکان دەکات و لە بۆتەی ڕووداوەکاندا یەکە بونیادگەرییەکەی دەقەکە دەخوڵقێنێت.

ئەو شێوازە گوماناوییەی پینتەر، کە لە خودی دیالۆگ و تەکنیکی گێڕانەوەکانیدا بەکاری دەهێنێت،

زمانی ڕۆژانه و بەکارهێنانی فۆنەتیک و دیالێکته ناوچەیی و جیاوازەکان دەکاته بنەمایەک بۆ زمانه تەمومژاوییەکەی و دروستکردنی بارێکی نائارام و ڕەوش و حاڵەتێکی نادیار.

پینتەر خۆیشی زۆرجار ئەوەی دووپات کردووەتەوە، کە لەوەی نووسیویەتی هیچ شتێکی زیاتر سەبارەت به کارەکتەرەکانی نازانێت. (خودی ژیان هیچ لێکدانەوەیەکی نییه و هیچ لێک ناداتەوە، ئێمه هەرگیز وەڵامی هیچ پرسیارێک نادەینەوە، ئەی بۆچی فیگورەکانی من وەڵامی پرسیارەکان بداتەوە؟)، ئەمەیش ئەوە دووپات دەکاتەوە، کە پینتەر خۆیشی نووسینی کردووەته ئامرازێک بۆ زیاتر ناسینی مرۆڤ و کارەکتەری شانۆنامەکانیشی، له هەموو شانۆنامەیەکی نوێیدا هەوڵێکی تره بۆ زیاتر ئاشنابوونی ئەو به کارەکتەرەکانی، به بارودۆخه کۆمەڵایەتی و به ڕەوشه سیاسییەکان. پینتەر له یەکێک له چاوپێکەوتنەکانیدا دەڵێت (جارێکیان له تاکسییەکدا دانیشتبووم، لەپڕ دوو پیاوم له ژوورێکدا بینی، یەکێکیان پەرداخێک ویسکیی بۆ ئەویتریان تێکرد، دوای ئەوە یەکێکیش بۆ خۆی، بەم شێوەیەیش بیرۆکەی شانۆنامەی "خاکی بێخاوەن" لەدایک بوو)

پینتەر سەبارەت بە پرسیاری هەندێک لە ئەکتەرەکانی لە کاتی پرۆڤەکردندا دەڵێت (هەندێک جار ئەکتەر و ڕیژیسۆرەکان لە کاتی مەشقی شانۆنامەکانمدا پێم دەڵێن: "بۆچی ئەم کارەکتەرە وا دەڵێت؟" منیش وەڵامیان دەدەمەوە: "ڕاوەستە، با چاوێک بە دەقەکەدا بخشێنم." وا دەکەم و دواتر لەوانەیە بەم شێوەیە وەڵامی بدەمەوە: "ئەو وا ناڵێت، لەبەر ئەوەی ئەو دوو لاپەڕە لە پشتەوە وای گوتووە؟" یان بەم شێوەیە وەڵامیان دەدەمەوە: "لەبەر ئەوەی ئەو وا هەست ئەکات" "یان بە هیچ شێوەیەک نازانم، بەڵام بە شێوەیەک لە شێوەکان دەبێت بزانین بۆ وای گوتووە."

پینتەر هێندە بە وردی ستراکتوری دەقەکانی دارشتووە، هێندە بە چڕی دیالۆگەکانی بونیاد ناوە و دەستەواژە و وشەکانی لە جێگەی خۆیدا داناوە، ئەگەر بچووکترین وشە بە هەڵە لێک بدرێتەوە یان تێی بگەین، ئەوا ڕاستەوخۆ بە نواندنی ئەکتەرەکانەوە دەبینرێت، پینتەر خۆی ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە، ئەگەر تەنانەت وشەیەک بە هەڵە بگوترێت، ئەوە ئەکتەرەکە دەکەوێتە بارێکی حەپەساوئاسا و ماسوولکەگرژییەکی تەواوەوە. هیچ سنوورێکی ئاشکرا لەنێوان ڕاستی، واقیع و خەیاڵدا نییە، هەروەها بە هەمان شێوە هیچ سنوورێک لەنێوان

ڕاست و درۆدا نییە، بەم شێوەیەش جیهانی شانۆکەی، هەموو سنوورەکانی واقیع و فەنتازیا، خەون و خەیاڵ تێکەڵاو دەکات. پینتەر هەر لەم ڕووەوە دەڵێت: (بەڵام ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگر ئەوەیە، کە هەرگیز لە هونەری درامادا یەک تاقە ڕاستی نییە، بەڵکو کۆمەڵێک ڕاستی هەن. (ڕاستییەکان/ حەقیقەتەکان) ڕووبەڕووی یەکتری دەوەستنەوە، لە یەکتری هەڵدەسڵەمێنەوە، دەنگ و ڕەنگی یەکتری دەردەخەن، یەکتر پشتگوێ دەخەن و یەکتر شیدەکەنەوە، دەبنە تەپکە و تەڵە بۆ یەکتری. هەندێک جار هەست دەکەیت دەستت بەسەر (حەقیقەت)دا گرتووە، بەڵام لە چاوتروکانێکدا لە دەستت هەڵدێت)، پینتەر زۆر جار وەک ڕیژیسۆریش لە دەقەکانی خۆیدا کاری کردووە و لەم ڕووەیشەوە مامەڵەی لەگەڵ ئەکتەردا کردووە، فرەیسەریش لەم ڕووەوە دەڵێت: (من بڕوایەکی تەواوم بە هارۆڵد هەیە، کە ڕۆڵی ڕیژیسۆری دەبینی، هەمیشە لایەنگیریی ئەکتەرەکانی دەکرد، ئەمەیش لەبەر هۆکارێکی بچووک، کە ئەو خۆی لەواندا دەبینییەوە. ئەگەر جیاوازییەکیشیان هەبوایە، ئەوە لەبەر ئەو پێرفێکشونیزمییە بوو، کە هارۆڵد لە ژیانیدا هەیبوو، هەروەها ئەو ڕێزە گەورەیەی بۆ دەقەکانی هەیبوو).

پینتەر شانۆنامەکانی بەبێ هیچ هۆکارێک، یان ڕوونکردنەوەیەک دەنووسێت، بەبێ بۆچی و لەبەرئەوەیەک. وەک شیعر و مۆسیقا وان، دیدەکان پێش ناکەون، بەڵکو بابەت و وێنەکان لە خودی پێوەند و ڕیزبەندییەکانەوە فۆرم و شێوازی خۆیان وەردەگرن. لەوانەیە هەموو شتێک بگەیەنێت و لە هەمان کاتدا هیچ مانایەکیشیان نەبێت، زۆرجار وێنەکان لە ژوورێک، هەڕەشە، خانەوادە، ئافرەتەکە، یادەوەرییەکان... هتد دووبارە دەبنەوە، یان ئەتمۆسفێرەکە، ئەو ترس و زەندەقچوونە بێناوەی، کە لەنێوان خودی ترس و پێکەنینەکاندا خۆی شاردووەتەوە، دەردەکەون. هەندێک جار هەڵوەستە و ڕووداوەکان لەنێوان شانۆ و بینەراندا حاڵەتێکی نائارام سەبارەت بە کامە ڕاستە و کامە درۆیە، کامە واقیعە و کامە ئەندێشەیە، دروست دەکات. پینتەر خۆی بەم شێوەیە ئەم ڕەوشەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە: (کە پەردە لەسەر یەکێک لە شانۆنامەکانی من لادەبرێت، ڕووبەڕووی دۆخێک دەبیتەوە و هەڵوەستەی لەسەر دەکەیت، دۆخێکی تایبەتمەند، دوو کەس لە ژوورێکدا دانیشتوون، شتێک لەوەوبەر ڕوویداوە، بەڵام لەم چاوتروکانەدا ڕوودەدات. دەرگایەک لە چ ئانوساتێکدا بێت دەکرێتەوە و کەسێک دێتە ژوورەوە.

ئێمە زۆر حەز دەکەین بزانین ئەو کەسە کێیە، زۆر حەز دەکەین ڕاستەوڕاست بزانین ئەو کەسە بەتەواوی بیر لە چی دەکاتەوە و بۆچی هاتووەتە ژوورەوە، بەڵام لە واقیعدا چەندە دەزانین، کە کەسێک بیر لە چی دەکاتەوە و ئەو کەسەیش کێیە، چیی وای لەو کەسەیش کردووە ببێتە ئەو کەسە)

پینتەر وەک لەوەبەر ئاماژەمان بۆ کردووە، لە بنەماکانی ئەم پرسیارانەوە: لەبەرچی، چۆن و چییەوە ستراکتوری شانۆنامەکانی داناڕێژێت، بەڵکو لە دەروازەکانی پرسیارێکی تری ئاساییەوە (تۆ کێیت؟) تۆ کێیت؟ ئەو پرسیارەیە، کە فیگور و کارەکتەرەکانی پینتەر دەیانەوێت وەڵامەکەی بدۆزنەوە، بێگومان ئەمەیش بە گەڕانەوە بۆ ڕاستییەکانی واقیع.

پینتەر لەنێو تەوژمەکانی ناتورالیزم و ڕیالیزمدا بەوپەڕی سەربەستییەوە دەسوڕێتەوە، شانۆنامەکانی لەسەر بنەما ناتورالیزم و واقیعییەکانی هونەر و ژیان ڕۆدەنێت، بەڵام ناتورالیزمی پینتەر شتێکی جیاواز و تایبەتمەندە بە پینتەر خۆی، ڕیالیزمی پینتەر ڕیالیزمێکی ئەندێشەئامێزە و لە بنەماکانی شانۆیەکی ئەبسورددا دەسوڕێتەوە و چەمک و مۆرکی تایبەت بە خۆیان هەیە، ئەمەیش لەوانەیە بگەڕێتەوە بۆ ئەو توانا مەزنەی، کە

پینتەر لە ڕۆچوونە خوارەوە بۆ دیوی ناوەوەی ڕووداوەکانی شانۆنامەکانیدا هەیەتی. پینتەر لەم ڕووەوە وەستایەکی بێوێنەیە و ڕەگەزە فەلسەفییەکانی شانۆیەکی ئەبسورد، لە چەمکەکانی پووچگەرایی و مەسەلە خودگەراییەکانی تردا، لە زمانێکی دڕندەیی مرۆڤێکی ئاساییدا دەکاتە واقیعێکی هەست پێکراو. یەکێک لە ئامڕازە گرینگەکانی ئەم پووچگەراییەی پینتەر بەم شێوەیە، دەگەڕێتەوە بۆ هێزی زمانە بەکارهێنراوەکەی، ئەو زمانەی هێدی هێدی لەودیو شتە نەبینراو و شاراوە و ڕاز و نیازەکانەوە بە چڕی و بە شێوەیەکی ترسناک کار دەکات. هەر لەم ڕووەوە مانای پەیڤ و دیالۆگی کارەکتەرەکان، لە خودی وشە ساکارەکاندا نین، لە پەیوەندییەکاندان، لە ئەتمۆسفێر و چۆنیەتیی بەکارهێنانی وشەکاندان لە لایەن کارەکتەرەکانەوە، لە پەیوەندییەکاندان، لە جۆری هەڵسوکەوت و زمانی جەستەدان. کارەکتەرەکانی پینتەر بەردەوام لە چاوەڕوانیی ئەوەدان، کە بدوێن یان بە واتایەکی تر ڕێگەیان پێ بدرێت بدوێن، کە دەشدوێن بە هیچ شێوەیەک ڕوو ناکەنە بینەران، زۆرجار بەنێو دەروونی خۆیاندا ڕۆدەچنە خوارەوە، دابڕاون و هیچ پەیوەندییەکیان بە دەوروبەرەکەی خۆیانەوە نییە، لە

هەمان کاتدا ئەو کارەکتەرە تەنیایانە هێندە ورد، ڕاستەوخۆ و قووڵ بەستراونەتەوە بە ژیانی ڕۆژانەوە، بینەران هەروەک ئەوەی ڕۆڵی کۆمەڵێک کەسایەتی ڕاستەقینەی ژیانی واقیعی ببینن، وەهایە. پینتەر لەم ڕووەوە دەڵێت (ئەوەی لەناو شانۆنامەکانی مندا ڕوودەدات شتی واقیعییە، بەڵام ئەوەی من دەیکەم ڕیالیزم نییە). پینتەر تەنها ئەوەمان بۆ دووپات ناکاتەوە، کە ئێمە لەژێر گوشار و هەڕەشەیەکی ئەبەدی، ناوەکی و دەرەکیدا دەژیین، بەڵکو ڕووبەڕووی هەستوسۆزێکی تاریکی سامناکمان دەکاتەوە، کە لە ناوەوەی دەروون و جەستەی خۆماندایە. ئێمە لەو تاریکییە ترسناکەی دەروونماندا لە جەنگێکی بەردەوامداین لەگەڵ خۆمان و ئەوانی تردا، لەو تاریکییەدا هەموو شتەکان دەبنە پرسیار، هەموو شتەکان بەبێ وەڵام دەمێننەوە، هیچ کەسێکیش ڕزگاری نابێت و هەموو شتەکانیش تێکدەشکێن. لەپڕ کەسێک دەردەکەوێت و هەموو شتەکان هەڵدەگێڕێتەوە یان دەبێتە جێگەی مەترسی و هەڕەشەیەکی گەورە بۆ ئەوانی تر دروست دەکات. لە لای پینتەر تەنها یەک ڕاستی نییە، بەڵکو ئەو کار لەسەر چەمکی ڕاستییەکی ڕێژەیی، ئەو جۆرە ڕاستییانە دەکات، کە بزۆزە و لە گۆڕانێکی بەردەوامدایە. هەر لەم ڕووەوە

ڕاستییەکان ڕووبەڕووی یەکتر دەکاتەوە و کێشەکان و ململانێی کارەکتەرەکانی پێ دروست دەکات، پەردە لەسەر ڕاستییەکانیان هەڵدەماڵێت، کە هەندێک جار ڕاستییەکی درۆزنانەیە و کۆمەڵێک ناڕاستیی لەخۆیدا هەڵگرتووە. بەمەیش بینەران تووشی پشێووی و ڕەهەندێکی بزۆزی بیرکردنەوەی جودا دەکاتەوە.

پینتەر زۆر زیرەکانە ژیانی هەژاران، ژیانی ئەو مرۆڤانەی، کە لە دەرەوەی دەزگا کۆمەڵایەتییەکاندا توندکراون، دەنەخشێنێت، لە هەمان کاتدا ژیانە بێباک و ڕواڵەتئامێزەکەی دەوڵەمەندانیش دەخاتە ڕوو. شانۆنامەکانی پینتەر تەنها خستنەڕوویەکی بەرزی کۆمەڵگەی هاوچەرخ و ژیان و گوزەرانی چینی بۆرژوا نییە، بەڵکو زۆر بە وردی هەموو کولتوور و باری ئابووری و کۆمەڵایەتی و ئاستە جیاوازەکانی کۆمەڵگەی ئینگلستانی دوای جەنگ بەرجەستە دەکات.

یەکەم بەرهەمە ددانپێدانراوەکانی پینتەر زۆر بە ئاشکرا لە مەدارێکی نزیک بە جیهانی بێکێتدا دەسوڕێتەوە، کارەکتەرەکانی پینتەر، چیرۆک و بنەما فیکرییەکانی نزیکە لە بێکێتەوە، بەڵام ئەوەی لێرەدا گرینگە ئاماژەی بۆ بکرێت ئەمەیە، کە پینتەر بە پێچەوانەی بێکێتەوە توانیویەتی ئەو کارەکتەرانە لەو

بارودۆخە ئەبستراک و هێماگەرییە ڕەشەی بێکێتەوە بگوێزێتەوە بۆ ناو بارودۆخێکی ئاشکرا و واقیعی ژیانی ڕۆژانە و ناو ماڵی خێزان و کۆمەڵگەی ئینگلیزییەوە.[1] لە شانۆنامەی (ژوور)دا خانمێک (روز) بە بەردەوامی

[1] پینتەر بە چاوێکی بەرز و ڕێزێکی زۆرەوە دەڕوانێتە بێکێت و ساڵی ١٩٩٠ و لە یەکێک لە چاوپێکەوتنەکانیدا بۆ تەلەفزیۆنی BBC بەم شێوەیە باسی یەکەمین دیداری خۆی لەگەڵ بێکێتدا دەکات: "یەکەم جار ساڵی ١٩٦١ لە پاریس و لە کاتی نمایشکردنی شانۆنامەی (سەراییدار) دا سامۆیل بێکێت-م بینی. هاتە هۆتێلەکە و بەڕاستی هەر زۆر خێرا دەڕۆیشت بەڕێوە. هەنگاوەکانی گورجوگۆڵ و بە شێوەیەکی کورت و خێرا تەوقەی لەگەڵ کردم. کەسێکی ڕووخۆش بوو، بەڵام من هەرگیز نەمدەتوانی ئەوە بهێنمە بەرچاوی خۆم، کە ئەو هێندە شۆفێرێکی چاونەترس بێت. هەموو شەوەکە ئۆتۆمبێلە بچووکە مارکە سترۆنەکەی لەم بارەوە بۆ ئەو بارِ لێدەخوڕی، هەردەم زۆر خێرایش. لە دواجاردا لە شوێنێک گیرساینەوە و سەعات چواری سەرلەبەیانی شۆربای پیازمان خوارد، من بەتەواوی ماندوو بووم -پێم وا بوو بەهۆی شەرابخواردنەوە و جگەرەکیشان و وروژانی هەموو شتەکانی ئەو شەوەوە- هەروەها ئازاری سکیشم هەبوو، قوڕگم ئازاری هەبوو، سەرم خستە سەر مێزەکە و خەوم لێکەوت. کە خەبەرم بووەوە، ئەو لەوی نەمابوو، نەشمدەزانی بۆ کوێ چووە، بیرم کردەوە لەوانەیە هەمووی خەونێک بووبێت. لەو بڕوایەدام، کە لەسەر مێزەکە خەوم لێ کەوتبێت و ئەو لە ژوور سەرمەوە ڕاوەستابێت. زەرفێکی بچووکی بە دەستەوە بوو، وتی: "هەموو پاریس گەڕاوم تا ئەمە بدۆزمەوە، لە ئەنجامدا دۆزیمەوە" زەرفەکەی کردەوە بیکاربۆناتی هەوێنی تێدابوو، کە موجیزەی نواند.

باسی ژووره دڵگیره خۆشە ڕازاوەکەیان دەکات، بەڵام ئەم خانمە و بینەرانیش هەست بە دڵتەنگی ئەو ژوورە دەکەن و وەک بەندیخانە دەیبینن. بەستنەوەی شتە دژ بەیەکەکانیش، خستنەڕووی جیاوازییەکان و دروستکردنی هاوکێشە پێچەوانەکان، ڕەوشە ئاڵۆز و نادیارەکان دروست دەکات و بینەران دەخاتە بارێکی پڕ لە چاوەڕوانییەوە.

## گەڕانەوە بۆ ماڵ

شانۆنامەی (گەڕانەوە بۆ ماڵ) یەکێکە لە شانۆنامە چڕ و تەمومژاوییەکانی پینتەر لەسەر ئاستێک و ڕوون و ئاشکرا لەسەر ئاستێکی تر، یەکێکیشە لە شانۆنامەکانی قۆناغی بەرایی ئەم نووسەرە و لە ساڵی ١٩٦٤دا نووسراوە. پینتەر هەر بەم شانۆنامەیە ناوبانگی جیهانی بەدەست دەهێنێت، شانۆنامەیەک زۆر جار دژی خۆی بەکارهاتووە، لەو ڕووەوەی دژی ئافرەتە. لەم شانۆنامەیەدا (رووسا) ئافرەتێکە لە تەمەنی سی ساڵی دایە، پەیوەندیی سێکسی لەگەڵ باوک و براکانی مێردەکەیدا دەکات و بەو شێوەیەی بیەوێت هەڵیان دەسوڕێنێت.[1]

[1] شانۆنامەی (گەڕانەوە بۆ ماڵ) بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٦٥دا و لەسەر شانۆی شاهانەی شەکسپیر و لە ڕێژی پیتەر هاڵ نمایشکراوە.

پیاوێک مامۆستای زانکۆیە، لە ئەمەریکا و لەگەڵ ژنەکەی دەگەڕێتەوە بۆ لەندەن و بۆماڵی باوکی. باوکی و دوو برا و مامی بەبێ ئافرەت بە سەڵتی، لە ماڵێکدا پێکەوە دەژین.

(شانۆ تاریک دادێت)
(شانۆ ڕووناک دەبێتەوە)
(شەوە)

تێدی و ڕووسا لەناو دەرگای ژوورەکەدا وەستاون. هەردووکیان زۆر پۆشتە و ڕێکپۆشن – جلوبەرگی ڕەنگکاڵی هاوینە و پاڵتۆی بارانیی ڕەنگکاڵیشیان لە بەردایە، دوو جانتایش بە تەنیشتییانەوە دانراون. دەڕواننە ژوورەکە. تێدی یاری بە کلیلەکانی دەستی دەکات، هەڵیدەدات بە ئاسماندا و دەیگرێتەوە، زەردەخەنە دەیگرێت.

**تێدی**
ئا، دەرگاکە کراوەیە.
(وچان)
ئەوان کێلۆنەکەیان نەگۆڕیوە.
(وچان)

**رووسا**
کەس لێرە نییە.

**تێدی**
(تەماشای سەرەوە دەکات)
نوستوون.
(وچان)

**رووسا**
دەتوانم دابنیشم؟

**تێدی**
بێگومان.

**رووسا**
ماندووم.
(وچان)

**تێدی**
دە دانیشە.
(رووسا لە جێگەی خۆی ناجووڵێت)
ئەوە کورسییەکەی باوکمە.

**رووسا**

ئەمەیان؟

**تێدی**

(بزە دەیگرێت)

ئا. ئەوە. بچمە سەرەوە بزانم ژوورەکەم وەکو خۆی ماوە؟

**رووسا**

ئەی خۆ ناکرێت گواستبێتیانەوە.

**تێدی**

نا. من مەبەستم ئەوەیە بزانم قەروێڵەکەم هێشتا هەر لەوێیە.

**رووسا**

لەوە دەچێت یەکێک لە ژوورەوە بێت.

(وچان)

ئەی نابێت یەکێک بێدار بکەیتەوە و پێیان بڵێت، کە تۆ لێرەیت؟

**تێدی**

ئاخر نەک بەم شەوە و لەم کاتەدا. شەو درەنگە.

(وچان)

بچم بۆ سەرەوە؟

## شانۆنامەی (گەڕانەوە بۆ ماڵ)

## پەردەی یەکەم

هەر دوای ساتێک پەیوەندییەکی نامۆ، سەیر، نهێنیئامێز، سێکسی، تەمومژاوی، نادیار لەنێوان ئەو ئافرەتە (رووسا) لە لایەک و هەموو پیاوەکانی ناو ئەو ماڵەدا، لە لایەکی ترەوە دروست دەبێت و کوڕەکەیش (تێدی) بە بێدەنگی، بەبێ جووڵە، بەبێ هەڵوێست لەم گێژاوەدا تەماشای ڕووداوەکان دەکات. لەم شانۆنامەیەدا زۆر بە خێرایی بۆچوونەکان، هەست و سۆزەکان گۆڕانکارییان بەسەردا دێت، کەسایەتییە فرۆیدییەکان لە گەمەیەکی ترسناکی دەسەڵاتی نێوان کارەکتەرەکاندا دەردەکەون و ئەتمۆسفێرێکی نەخوازراو دەخوڵقێنن.

ژوورێکی دانیشتنی ئاسایی ڕۆژانە، کەلوپەل و کورسی و هەموو شتەکانی تر زۆر بە وردی و بە شێوازێکی واقیعی دەسنیشانکراوە، ئەوەی لە سەرەتادا ڕوودەدات، دووبارەبوونەوەی دیالۆگەکان و بە هەمان شێوە لە دواییشدا دووبارە دەکرێتەوە، بەم شێوەیەش ئەوەی لەوەوپێش وتراوە، ڕووی داوە، سەرلەنوێ دووبارە دەبێتەوە و لە ڕووداوێکی نوێ و شتێکی جیاوازدا بەرجەستە دەبێت.

ئەم خانەوادەیە و لە ڕوانگەی ڕەوڕەوەی ڕووداوەکانەوە پەردە لەسەر کەسایەتیی خۆیان هەڵدەماڵن، باوک و کوڕ، برا و برا، کوڕ و برازا ڕووبەڕووی یەکتری دەکاتەوە، بەڵام وەک تراجیدیای گرێکی و خانەوادە گرێکییەکان یەکتر ناکوژن و لەبری ئەوە خۆیان ئەدەن بەدەست ساتەوەختەکانی ئەو ئێوارە نامۆیەوە. پەیوەندییەکان لەسەر بنەمایەکی توندوتیژ ڕۆنراون و سنوورەکانی نێوان وشە و بێدەنگی هەڵدەگیرێت: (تێدی) لە کۆتاییدا دەگەڕێتەوە، لەبەر ئەوەی چیتر کەس پێویستی بەو نییە، هەروەها ئەویش پێویستی بە کەس نییە، (رووسا) ئەمێنێتەوە لەبەر ئەوەی هەموو ئەندامانی خێزانەکە پێویستیان بەوە،

ئەویش پێویستی بەوەیە، کە هەست بکات کەسانێک پێویستیان بەوە.

لەم شانۆنامەیەدا زۆر بە خێرایی و هەندێک جار لەپڕێکا ئەو ژووورە واقیعییە دەبێتە گێژاوێکی ڕەش، دەلاقەیەکی بێئامان و هەموو شتەکان ڕاپێچ دەکات بۆ ناوەوە، بۆ دەرەوە، بۆ ژێرەوە و هەموو مەرزەکان: ئاکاری، کۆمەڵایەتی، دەروونی، لۆژیکی و واقیعی تێکدەشکێنێت، ئەمەیش یەکێکە لە جیاوازییە گەورەکانی نێوان پینتەر و بێکێت. دووبارەبوونەوەی دیالۆگەکانیش مەودایەکی قووڵ دەبەخشێتە چەمکی کات و کاتە جیاوازەکانی ڕووداوەکان و ڕامانی تێپەڕبوونی کاتیش. کات چەندین مەودا و مۆتیڤی جودا وەردەگرێت و لەگەڵ هەڵکشان و داکشانی ڕووداوەکاندا دەچێت بەیەکدا و یەکەیەکی کاتیی جیاواز دەخوڵقێنێت. زوربەی ڕەخنەگران وەک شانۆنامەیەکی دوژمنکارانە دژی ئافرەت ئاماژە بۆ شانۆنامەی (گەڕانەوە بۆ ماڵ) دەکەن، پیاو و کۆمەڵگەی پیاوسالاری و جیهانی پیاو و بۆچوونەکانی پیاو سەبارەت بە ئافرەت، لە دیدگایەکی سێکسی و سەرکوتکارییەوە، بەرجەستە دەکات، بەڵام (میکایل بیلینگتۆن)، کە پسپۆڕە لە جیهانی شانۆنامەکانی پینتەردا و چەندین کتێبی لەسەر ژیان و بەرهەمەکانی

ئەم نووسەرە نووسیون، بۆچوونێکی پێچەوانەی سەبارەت بەم شانۆنامەیە هەیە. بیلینگتۆن ئەوە دووپات دەکاتەوە، کە شانۆنامەی (گەڕانەوە بۆ ماڵ) ئاماژەیەکی گەورەی فێمینستییە و کارەکتەری (رووسا) کە تەنها کەسایەتیی ئافرەتی ناو شانۆنامەکەیە، گەمەیەکی بە پلان بۆ دانراو دەکات و هەموو پیاوەکان بەو شێوەیەی ئەو دەخوازێت هەڵدەسوورێنێت.

پینتەر خۆیشی بەم شێوەیە باسی چۆنیەتیی سەرەتاکان و نووسینی ئەم شانۆنامەیە دەکات و دەڵێت: (من هەمیشە، کە دەست دەکەم بە نووسینی شانۆنامەیەکی نویێ، فیگورەکانم ناو دەنێم A, B, C . ئەو شانۆنامەیەی کە بوو بە (گەڕانەوە بۆ ماڵ) بەم شێوەیە سەری هەڵدا. پیاوێکم بینی دێتە ژوورێکی ساردەوە و پرسیارێکی لە پیاوێکی لە خۆی گەنجتر کرد، کە لەسەر کورسییەکی قەبەی ناقۆڵا دانیشتووە و خەریکی خوێندنەوەی ڕۆژنامەیەکی پیشبڕکێی ئەسپە. هەستم کرد A باوکە و Bیش کوڕییەتی، بەڵام هیچ بەڵگەیەکم بە دەستەوە نەبوو. ئەمە هەر دوای ساتێکی کورت بۆم دەسەلمێت، B (کە دواتر ناوی دەبێتە لێنی) بە A (کە دواتر ناوی دەبێتە ماکس) دەڵێت: "بابە، ئاساییە باسەکە بگۆڕین؟ دەمەوێت پرسیاری شتێک

بکەم. ئەو خواردنەی ئێستا خواردمان، ناوی چی بوو؟ تۆ ناوی چیی لێ دەنێیت؟ بۆ نارۆیت و سەگێک بۆ خۆت بکڕیت؟ ئەوە خواردنی سەگە تۆ لێی دەنێیت. بێگومان، تۆ لەو بڕوایەدای کە خواردن بۆ کۆمەڵێک سەگ ئامادە دەکەیت." هەر لەبەر ئەوەیش کە B بە A دەڵێت: "بابە" بۆیە شتێکی سروشتی و ئاساییە ئەو دووانە ببنە باوک و کوڕ. زۆر ڕوون و ئاشکرایش دەردەکەوێت، کە A خواردنەکەی ئامادەکردووە، هەروەها خواردنێکی بەتام و خۆش نەبووە، ئەمەیش مانای وایە، کە هیچ دایکێک بوونی نییە؟ ئەوەم نەدەزانی، بەڵام وەک خۆم لە خۆم پرسی بوو: سەرەتاکانمان هیچ دەربارەی کۆتاییەکانمان نازانێت.")

## گەمەی دەسەڵات

لە هەموو دیمەنێکی شانۆنامەکانی پینتەردا بە ڕوونی گەمەی دەسەڵات لە ڕوانگەی ڕەوش و باودۆخی دیمەنەکان و زمان و بەکارهێنانی دەستەواژە و وشە هەڵبژاردراوەکانییەوە دەبینرێت. جیهانێکی نائارامی تۆقێنەری پڕ لە نائاسوودەی و هەڕەشە هەیە، لەم نائارامییەدا گرینگ نییە کارەکتەرەکان لە ژێرەوەن یان لە سەرەوەن، بەڵام ئەوەی گرینگە ئەوەیە، کە

هەرگیز دەسەڵات لە یەک جێگەدا جێگیر نابێت و هەر لە لای یەک کەس نییە و نامێنێتەوە، بەڵکو چەمکی دەسەڵات وەک گەمەیەکی سەیر لە کەسایەتییەکەوە دەگوێزرێتەوە بۆ کەسایەتییەکی تر و هەمیشە لە جێگۆڕکێدایە؛ ئەوەی ئەمڕۆ براوەیە و سەرکۆنەی ئەوانی تر دەکات و ئامڕازەکانی دەسەڵات بەکاردەهێنێت، لە دیمەنێکی تردا ئەو دەسەڵاتەی لە دەست داوە و هەڕەشەلێکراوە و دۆڕاوە. کەس لە کەس دڵنیا نییە و کەس بڕوای بە کەس نییە و هەموو کەسێکیش نهێنییەکی حەشارداوە، ئەوەی جێگەی سەرنجە نە خوێنەر و نە بینەرانیش و تەنانەت هەندێک جار خودی کارەکتەرەکانیش نازانن ئەو شتە نهێنی و شاراوەیە چییە و لە کێ شاردراوەتەوە.[1]

---

[1] شانۆنامەکانی پینتەر چەندە لە کاتی نمایشکردنیاندا بینەران بە لای خۆیاندا ڕادەکێشن، هێندەیش خوێندنەوەیان، خوێنەران بە لای خۆیاندا ڕادەکێشن، ئەمەیش بارێکی تایبەتمەندە بە جیهانی شانۆ، چونکە خوێندنەوەی شانۆنامە هێندە سەرنجڕاکێش نییە. شانۆنامە بۆ ئەوە دەنووسرێت تا لەسەر شانۆکان نمایش بکرێن، بەڵام دەقەکانی پینتەر دەکرێت بەوپەڕی چێژیشەوە بخوێنرێنەوە.

گەمەی دەسەڵات بە بەردەوامی لە هەموو شوێنێکدایە، بۆ نموونە لەنێوان ژن و مێردێکدا، کارەکتەرێکی کۆمیدی لە شانۆنامەی (یار) یان وەک گەمەیەکی پەیوەندییەکان لە شانۆنامەی (ناپاکی)دا. پینتەر لە ساڵی ١٩٧٨دا، دوای جیابوونەوەی لە ژنی یەکەمی "ڤیڤیان مێرچەندی" شانۆنامەی "ناپاکی"ی نووسیوە. ئەم دەقەی پینتەر بە شێوەیەک لە شێوەکان پڕە لە مۆتیڤە دەرەکی و ناوەکییەکانی ژیانی خۆی و پەیوەندییەکانی بە دونیای ئافرەتەوە. پینتەر لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا، کە ئایا تا چەند ژیانی خۆی وەک سەرچاوەیەک بۆ نووسینی دەقە شانۆییەکانی بەکار دەهێنێت؟ دەڵێت: "هەموو نووسەرێک شتگەلێک لە ژیانی خۆیەوە وەردەگرێت، ئەمەیش ئاساییە ئەگەر بێت و بە تێگەیشتنەوە ئەو کارە بکرێت – تێگەیشتنێک، کە تیشکی سەرنج دەخاتە سەر ڕەوشی بارودۆخی لێکچووی ژیانی کەسانی تر" ئەم شانۆنامەیە، بە پێچەوانەی دەقەکانی تری پینتەرەوە، هیچ جۆرە دونیایەکی تەمومژاوی و پڕ لە ڕازونیاز و نائارامی و هەڕەشە و گەمەی دەسەڵات لەخۆ ناگرێت، بەڵکو باسی خەڵکی

ئاسایی دەکات، کە ژیانێکی سادە دەژین و کێشە و تەنگەژەی ڕاستەقینە و گەورەیان لەگەڵ ژیاندا هەیە.

**ئێما**

دواین جار کەی بوو ئەوت بینی؟

**جێری**

ئەوە چەند مانگێک دەبێ ئەوم نەدیوە، نازانم بۆچی؟ بەڵام بۆ دەپرسی؟

**ئێما**

بۆ دەپرسم؟

**جێری**

بۆچی لەبارەی دواین یەکتربینینمانەوە پرسیار دەکەی؟

**ئێما**

تەنیا پرسیارێ بوو و هیچی تر. سام چۆنە؟

**جێری**

مەبەستت جودسە.

**ئێما**

جودس؟

**جێری**

ئەو داوونەریتەت پاراستووە، کە من هەواڵی مێردەکەت دەپرسم تۆش هەواڵی ژنەکەم دەپرسی.

**ئێما**

بەڵێ، بێگومان ژنەکەت چۆنە؟

**جێری**

زۆر باشە.

(وچانێک)

## شانۆنامەی (ناپاکی) دیمەنی یەکەم

(ناپاکی) درامایەکە سەبارەت بە داوێنپیسی، بە پەیوەندییەکی خۆشەویستی لە نێوان سێ کەسی نزیک لە یەکەوە، بەڵام لەپێش هەموو شتێکەوە وەک گوزارشتێکە لە خەونێک، کە مرۆڤ بە سەربەستییەکی ڕەهاوە دەیبینێت. پینتەر ئەم دەقەی بەبێ قۆناغبەندی نووسیوە، واتە ڕەچاوی لۆژیکی زنجیرەی یەک لە دوای یەکی دیمەنەکان ناکات و گەمە بە کات دەکات و کات بەرەو دواوە و بەرەو پێشەوە دەجووڵێت، کۆتایی شانۆنامەکە سەرەتایە و سەرەتایش دەبێتە کۆتایی. بەم شێوەیەیش ڕووداوەکان لە ڕابردوودا کۆتاییان پێ دێت: شانۆنامەکە بە دیمەنێک لە نێوان "ئێما و جێری"دا دەست پێدەکات، کە

پەیوەندییەکی سێکسی و خۆشەویستییان هەبووە، لە هەمان کاتدا هەردووکیان هاوسەرگیرییان لەگەڵ کەسێکی تردا هەیە. ئەم دوو کارەکتەرە دوای دوو ساڵ بەسەر تەواوبوونی پەیوەندییەکەیاندا، یەکتری دەبیننەوە. دوای ئەوە ڕووداوەکان لە پشتەوە، لە کۆتاییەوە ساڵ بە ساڵ دەگەڕێنەوە بۆ سەرەتای پەیوەندییەکەیان و دەقەکەیش بە یەکەم ماچ و سەرەتای پەیوەندییەکەیان تەواو دەبێت، ئەمەیش لە بەرچاوی مێردەکەی ئێما "ڕۆبەرت" ڕوودەدات، کە لێرەدا وەک قوربانییەک دەردەکەوێت، بەڵام دواتر ڕوون دەبێتەوە، کە ئەویش لە لایەکی ترەوە ناپاکیی لە ژنەکەی، واتە "ئێما" کردووە و پەیوەندیی لەگەڵ ئافرەتێکی تر هەبووە. ڕابردوو و ئێستا لەم دەقەی پینتەردا لە هەموو دەقەکانی تری زیاتر بوونیان بۆ نامێنێت، ئێستا چەندە ئێستایە، هێندەیش ڕابردووە و ڕابردوویش لە ئێستادا ڕەنگ دەداتەوە و لە ئەزموونی ژیانی کارەکتەرەکاندا بەرجەستە دەبێت. دەقەکەی پینتەر بەرجەستەی ئەو یادەوەرییانە دەکات، کە وەک فۆرمێک بۆ درۆ و ناپاکی بەکاری هێناوە. ڕووداوەکان لە ئێستادا، لە پێناوی ئەوەی وەڵامی ئەو پرسیارانەمان دەست بکەوێت، کە چۆن و بۆچی ئەو شتانە ڕوویان داوە، ڕوودەدەن و دەگەڕێنەوە بۆ دواوە.

**ئێما**

ئای خوایە.

**جێری**

من چاوەنۆڕی تۆ بووم.

**ئێما**

دەتەوێ چی بڵێی؟

**جێری**

من دەمزانی تۆ دێیت.

(دەخواتەوە)

**ئێما**

من تەنیا هاتووم شانەیەک لە قژم بدەم.

(جێری لە شوێنی خۆی بەرز دەبێتەوە)

**جێری**

من دەمزانی هەر دەبێ. من دەمزانی هەر دەبێ قژت شانە بکەی. من دەمزانی هەر دەبێ خۆت لە ئاهەنگەکە بدزیتەوە.

(ئێما بەرەو لای ئاوێنەکە دەڕوات و قژی شانە دەکات، جێری لێی دەڕوانێ)

تۆ شابانوویەکی نازەنینی.

**ئێما**

ئاهەنگەکە ئاسوودەی نەکردی؟

**جێری**

تۆ زۆر شۆخوشەنگی.

(بەرەو لای ئێما دەڕوات)

گویێ بگرە، من بەدرێژایی شەو لە تۆم دەڕوانی. من هەر دەبێ پێتی بڵێم. من دەمەوێ پێتی بڵێم. من دەبێ پێتی بڵێم.

**ئێما**

فەرموو.

**جێری**

تۆ لە ڕادەبەدەر جوانی.

**ئێما**

تۆ سەرخۆشی.

**جێری**

پێوەندیی بە سەرخۆشییەوە نییە.

(ئێما لە باوەش دەکات)

ئەوەی پینتەر لە "ناپاکی"دا دەیەوێت بیڵێت، ئەوەیە: ئەگەر مرۆڤ لە ناپاکییەکدا بەشداری بکات، ئەوە خێرا ئەو ناپاکییە بە چەشنی میکرۆبێکی شوم و خراپ کاردەکاتە سەر هەموو شتێک، بەڵام گەر ناپاکی لەگەڵ خودی خۆت بکەیت، ئەوە دەبێتە جۆرە میکرۆبێک لەدواییدا بەنێو سیستێمێکی گشتگری پەیوەندییەکانی مرۆڤایەتیدا بڵاودەبێتەوە و هەموو بەهاکان تێکدەشکێنێت. مرۆڤ فێری ئەوە دەبێت، کە لەگەڵ درۆ بژی، هەر لەبەر ئەوەیشە کارەکتەرەکانی شانۆنامەی "ناپاکی" دەبن بە قوربانیی خۆیان و هەروەها یەکتریش. لە "ناپاکی"دا هەستێکی بەهێز هەیە بۆ گەڕانەوە بۆ ئەو بەهەشتەی، کە ئێمە هەموومان لەدەستمان داوە، کەواتە لێرەدا "ناپاکی" هەر تەنها بنەماکانی داوێنپیسیی نێوان ژن و پیاوێک، یان لە نێوان هاوڕێکاندا ناگرێتەوە، بەڵکو لەو ڕووەیشەوە کە مرۆڤ ناپاکی لە خودی خۆی دەکات، ئەو پرینسیپ و ئیدیایانەی ڕۆژێک لە ڕۆژان هەمان بوون، چیتر جێگەی سەرنج نین، یان بەتەواوی پشتی تێدەکەین.

"بێکێت" هەر زوو هەست بە گرینگیی وزەی ئەم دەقە دەکات، لە نامەیەکدا، کە بۆ پینتەری ناردووە، سەبارەت بەو هێزەی لە دیمەنی کۆتاییدا هەیە، کە

دیمەنی یەکەمە، دەڵێت: "ئەو یەکەم، دوا تیڕوانینانەی کە لە تاریکی و سێبەرەکاندایە، دوای ئەوەی هەموو ئەوانی تر دێنە بەر ڕووناکییەکە، ئەمە پەردەی پەردەکانە"

که بۆ یەکەم جار شانۆنامەی "ناپاکی" لە لەندەن نمایش دەکرێت، کاردانەوەیەکی ئەوتۆی نابێت، ڕەخنەگرەکان گرینگیی پێ نادەن و بینەرانیش بە چاوی گومانەوە تێی دەڕوانن، بەڵام ئەمرۆ ئەم شانۆنامەیە بە یەکێک لە بەرهەمە گرینگەکانی پینتەر هەژمار دەکرێت و زۆرجار لەسەر شانۆکانی دونیا بە دید و بۆچوونی جوداوە پێشکەش دەکرێت. کارەکتەری "ئێما"ش کە تاکە ئافرەتی دەقەکەیە، بە یەکێک لە کەسایەتییە ئاڵۆزە فرە مەودا و دەوڵەمەندەکانی پۆترێتی ئافرەت، لە درامای مۆدێرنی ئەورووپیدا ئاماژەی بۆ دەکرێت.

لە شانۆنامەی (ئاهەنگی جەژنی لەدایکبوون)دا گەمەی دەسەڵات دەگاتە ئاستی ترۆپک، لەپڕ دوو پیاو، گۆڵدباری و ماکان لە هیچەوە، هەروەک قارچک هەڵدەتۆقێن و هەموو شتەکان هەڵەوگێڕ دەکەن و دەبنە مەترسی. شانۆنامەکە وەک زۆر لە ڕەخنەگرەکان ئاماژەیان بۆ کردووە، نزیکە لە جیهانی کافکاوە. بێگومان گەمەی دەسەڵات لە زۆر دیمەن و

شانۆنامەکانی تری پینتەردا مۆتیفێکی سیاسی لەخۆ دەگرێت، باسی شەڕ، چەوسانەوە، چەوسانەوەی هەژار و بێلانەکان و دەسەڵاتی داگیرکەر دەکات. هەمیشە تاوتوێکردنی دەسەڵات و بێدەسەڵاتیش، جۆرێکە لە سیاسەت.

پینتەر بە شێوازێکی بەرزی نەبینراو و نادیار، کەسایەتی و ڕووداوەکان دیاری دەکات و لە هەمان کاتدا دەیبەستێتەوە بە ئاستە جیاوازەکانی واقیعەوە. کارەکتەرەکانی لە گەڕانێکی بەردەوام و دەستنیشانکردنی یەکتردان و هەمیشە لەمیانەی میکانیزم و گەمەیەکی ڕاستەوخۆی دەسەڵاتەوە لەگەڵ یەکتری لە بەراوردکارییەکی چڕوپڕ مەترسیدان. یادەوەرییە دێرینەکان لە گەمە و ڕووداوەکاندا یادەوەرییەکی نوێ و بیرخستنەوەیەکی نوێ و جیاواز دروست دەکات، بەم شێوەیەیش هەموو بیرەوەری یادەوەرییەکان بنەمایەکی قووڵ و فرەمانا و فرەمەودا، لەخۆ دەگرێت. چەندە شانۆنامەکەیش بەرەو پێشەوە بچێت و کات زیاتر تێپەڕێت، زیاتر ڕەوش و حاڵەتەکان قووڵ دەبنەوە و دەچنەوە یەک.

پینتەر لە شانۆنامەکانیدا زۆر بە وردی باس لەو بێتوانایییە دەکات، کە لە پەیوەندییەکانی نێوانماندایە، لە

نەمانی پەیوەندی و ڕازینەکردنی یەکتری، لەو بارە ئاڵۆزەی هاوسەرێتی، هاوڕێ و هاوکارەکان پێکەوە دەبەستێتەوە، لەو بارە پڕ لە ڕواڵەتەی، کە حەز و ئارەزووەکانمان بەرەو دنیایەکی نادیار و لەرزۆک دەبات. هەندێک پەیوەندیی زۆر قەشەنگە، لەبەر ئەوەی لەسەر درۆودەلەسە بنیادنراوە، کەی ئەو درۆیانەیش ئاشکرابوون و پەردەیان لە ڕوو هەڵماڵرا، ئەوا هەموو شتەکان، ناشیرین، قێزەون و ناقۆڵا دەبن، هیچ گەرەنتییەک نییە و کردارەکانیشمان لەوەبەر دیاریکراون.

## خۆڵەمێش

پینتەر لە ساڵی ١٩٩٦دا شانۆنامەی (خۆڵەمێش) دەنووسێت، شانۆگەرییەکە هەرچۆن لە تاریکیدا دەست پێدەکات، بە هەمان شێوە لە تاریکیشدا تەواو دەبێت، ژوور و باخچەکەی دەرەوەیش تەنها دەبنە سێبەر و تاریکی. پێش ئەوەی هیچ وشەیەک بگوترێت، زۆر بە هێمنی و لەسەرخۆ ڕووناکی دادەگیرسێنرێت، بەڵام هەموو ژوورەکە ڕووناک ناکاتەوە. ڕووداوەکانی شانۆنامەکە ئەو کاتە ڕوو دەدەن، کە پینتەر ساڵی ١٩٩٦ دەقەکەی تیا نووسیوە، بەڵام لەنێو گێڕانەوەیەکی سەرسورهێنەردا دەمانگێڕێتەوە بۆ ڕابردوو، بۆ

مێژوویەکی هەمیشە ئامادە و بۆ ڕەوشی مرۆڤ، کە لە ڕابردوویەکی کارەساتئامێزدا ژیاوە. پینتەر ئەم شانۆنامەیەی دەربارەی هۆلۆکۆست و قەلاچۆکردنی جوولەکەکانی جەنگی جیهانیی دووەم نووسیوە، بەبێ ئەوەی تەنها بە وشەیەکیش ئاماژەی بۆ ئەوە کردبێت. فرەیسەر لە یاداشتەکانی ٢٤ی مانگی یەکدا، سەبارەت بە نووسینی ئەم شانۆنامەیە دەڵێت: (هارۆڵد دەستی کردووە بە نووسین. بۆ نانی ئێوارە هاتە سەرەوە، دوای ئەوەی دیمەنێکی زۆر بەهێزی نووسی بوو، کە بۆ منیشی خوێندەوە. پیاوێک و ژنەکەی. دوای ئەوە تا یەکی شەو بە بەردەوامی خەریکی نووسین بوو. هەندێک ئێرۆتیک. تا ئاستێک ترسناک) هەر دواتر لەم یاداشتگەلەدا دەڵێت، کە پینتەر زۆر بە لایەوە گرینگ بووە ئەوە بنووسێت (ئەوەی لەم شانۆنامەیەدا ڕوودەدات ئێستایە، نەک ئەڵمانیای نازیزم).

(ڕێبێکا) وەک سەرمای بێت، لەسەر کورسییەکە گرمۆڵە بووە، (دێڤلین)یش بە پەرداخێک شەرابەوە بە پێوە ڕاوەستاوە. دیالۆگەکان وا دەست پێدەکەن، هەروەک ئەوەی کارەکتەرەکان لە گەرمەی گفتوگۆدا بن یان باسی شتێک بکەن، کە لەوەبەر هەزارجار دووبارەیان کردبێتەوە. دیالۆگ و تێکستەکانی ئەم

شانۆنامەیە زۆر تایبەتن، لە شتی ئاسایی ژیانی ڕۆژانەوە بۆ ڕەوشە چڕ و زەحمەتەکان، لە ساکارەوە بۆ ڕاز و نهێنی، دەڕوات.[1]

ڕووناکی چراکە بەتەواوی داگیرساوە، بەڵام ژوورەکە ڕووناک ناکاتەوە.

(دیڤلین بە پێکێ شەرابەوە وەستاوە. ڕێبێکا دانیشتووە)

(بێدەنگی)

**ڕێبێکا**

ئا با پێت بڵێم... هەر بۆ نموونە... ئەو بە مشت نووقانەوە بەسەر سەرمەوە ڕاوەستا. دوای ئەوە دەستەکەی تری خستە سەر شانم و ملمی گرت و سەرمی بەرەو لای خۆی ڕاکێشا. مشتە نووقاوەکەی... نووساند بە دەممەوە. ئینجا گوتی: "دەستە نووقاوەکەم ماچ بکە"

**دیڤلین**

ماچت کرد؟

[1] (خۆڵەمێش) یەکێکە لە کورتە شانۆنامە یەکپەردەییەکانی پینتەر و هەر خۆیشی لە ساڵی ١٩٩٦دا وەک ڕیژیسۆر و لەسەر شانۆی ڕۆیال کورت کاری تێداکردووە.

**ڕێبێکا**

ئا، بەڵێ. دەستە نووقاوەکەیم ماچ کرد. مستەکۆڵەکانی. دوای ئەوە دەستەکانی دەکردەوە و لەپی دەستی دەدامێ... تا ماچی بکەم... منیش ماچم کرد.

(بێدەنگی)

دوای ئەوە قسەم کرد.

**دیڤلین**

چیت گوت؟ چ شتێکت گوت؟ چیت گوت؟

(بێدەنگی)

**ڕێبێکا**

گوتم: "دەست بنێرە بینم". لەژێر لێوەوە لەناو دەستیدا، لە کاتێکدا کە ماچم دەکرد، قسەکەم کرد، بەڵام ئەو گوێی لە دەنگم بوو، لەنێوان دەستییەوە گوێی لەوە بوو. هەستی بە دەنگی من کرد لەناو دەستی خۆیدا. ئەو گوێی لەوە بوو.

(بێدەنگی)

**شانۆنامەی "خۆڵەمێش"**

ژن و پیاوێک (ڕێبێکا و دێڤلین) بەرەو دابڕان و جیابوونەوە دەڕۆن، ئافرەتەکە بیرەوەری ئێجگار توندوتیژ و تاڵی هەیە و ژیانی ڕابردووی چەوسانەوەیەکی بەردەوامە بۆ ساتەکانی ئێستای و هەست بە نائاسوودەیی دەکات. ڕابردوو بوونێکی بێزارکەر و ناقۆڵای هەیە و کارەکتەرەکان هەڵدەسووڕێنێت و ناچاریان دەکات کەسایەتییەکان، شوێن و تەنانەت کەلوپەلەکانیشیان بگۆڕنەوە. پەیوەندییەکان لە ڕەوشێکی دژوار و نهێنیئامێزدا بەرێوەدەچێت و هەمیشە ئاڕاستەی ڕێچکەیەکی پێچەوانە، لە خودی هێڵە گشتییەکەی ڕووداوەکاندا وەردەگرێت، بەڵام سەلیقەی پینتەر لەوەدایە، ئەم هاوکێشە پێچەوانەیە و ئەم ناکۆکی و دژایەتییە لە بارودۆخە گشتییەکاندا، لە مەسەلە سەرەکییەکەدا ئاوێتە و بەرجەستە دەکاتەوە و مانایەکی تریان پێ دەبەخشێت.

پینتەر وەک لەوەبەر ئاماژەمان بۆ کردووە، بۆ یەکەم جار لەم شانۆنامەیەدا باسی قەڵاچۆکردنی جوولەکە دەکات، هەستی بە کۆمەڵ و یادەوەرییەکان لە بێدەنگییاندا، لە تاریکیدا دەبریسکێنەوە و قەڵاچۆکردنی ڕەگەزی جوولەکەمان لە کاتی جەنگی جیهانیی دووەمدا

دەهێنێتەوە یاد، بەبێ ئەوەی ڕاستەوخۆ ئاماژە بەو کارەساتە بکات و ناوی (هۆلۆکۆست) بهێنێت. پینتەر لەبری ئەوەی ژەنەڕاڵە نازییەکان بکاتە پاڵەوانی شانۆنامەکەی و ڕاستەوخۆ ڕووداوەکان ببەستێتەوە بە جەنگی جیهانیی دووهەم و هۆلۆکۆستەوە، لە یادەوەریی کارەکتەرەکانەوە بۆ ڕابردوو ئەو هەستمان لە لا دروست دەکات و وێنەیەکی دیاری ئەو تاوانە گەورەیە دەخاتە ڕوو، بۆ نموونە لەدەستسەندنی کۆرپە ساواکان لە دەستی دایکەکان، ئەو وێستگەی شەمەندەفەرانەی جوولەکەکانی بەرەو چارەنووسە نادیارەکان دەگواستەوە، هاوار و گریانی ئەو دایکانەی لە کەسوکار و منداڵەکانیان دادەبڕێن. ئەمە جگە لە دیالۆگی شانۆنامەکە، بەتایبەتی ئەوەی (ڕێبێکا) دەیڵێت و دەیگێڕێتەوە چەندین ئاماژە بەو ئاڕاستەیەدا دەبەخشن.

**ڕێبێکا**

شتێکی تریش هەبوو. ویستم بچم بۆ حەمامەکە، بەڵام بەڕاستی نەمدۆزییەوە. هەموو شوێنێک گەڕام. دڵنیا بووم یەکێکیان هەبووە. بەڵام هەر نەمدۆزییەوە.

(وچانێکی کورت)

جا هەر وا بوو. بەڕاستی بۆ ئاژانسێکی گەشتوگوزاری کاری دەکرد. ڕابەر بوو. هەموو جارێک دەچوو بۆ وێستگە ناوخۆییەکەی شەمەندەفەر و بەسەر شۆستەکاندا دەڕۆیشت. منداڵە ساواکانی لە باوەشی دایکەکانیان دەڕفاند و دایکەکانیش دەیانقیژاند.

(وچانێکی کورت)

**دیڤلین**

بەڕاست؟

(بێدەنگی)

**ڕیبێکا**

ئەرێ دەزانیت، من زۆر پەشۆکاوم.

**دیڤلین**

تۆ؟ بۆ؟

**ڕیبێکا**

ڕەنگە لەبەر ئەو فیکەکێشانەی پۆلیس بێت، کە دوو دەقیقە بەر لە ئێستا بیستمان.

**دیڤلین**

فیکەی پۆلیسی چی؟

**ڕێبێکا**

تۆ گوێت لێ نەبوو؟ هەڵبەت گوێت لێ بوو. هەر دوو دەقیقە پێش ئێستا بوو.

**دێڤلین**

بۆ چی بوو؟

**ڕێبێکا**

بەهەرحاڵ، من زۆر پەشۆکاوم.

(وچانێکی کورت)

من بە ڕادەیەک پەشۆکاوم، کە بڕوا ناکرێت.

(بێدەنگی)

## شانۆنامەی (خۆڵەمێش)

بێدەنگی لەم شانۆنامەیەدا تەنها لەنێوان دیالۆگی کەسایەتییەکاندا نییە، بەڵکو بە شێوەیەکی سەیر لەنێو خودی دیالۆگەکاندایە، کارەکتەرەکان لە ڕوانگەی دووبارەکردنەوەی پرسیارە بێوەڵامەکانەوە و بە شێوەیەکی ئەبسورد دەبنە دیالۆگی بێدەنگ، بێدەنگییەکی ترسناک. ئەو تەکنیکی بێدەنگییەی لەم شانۆنامەیەدا بەکار دەهێنرێت، وەک زۆربەی دەقەکانی تری پینتەر دەبێتە فۆرم و تەکنیکی زمان و زمانی

نێوان ڕێبێکا و دیڤلین. بێدەنگی لە زۆر ڕووەوە هاوکێشەی نێوان ئەم دوو کارەکتەرە ڕادەگرێت و مەودای ڕابردوو تەسک دەکاتەوە و ڕابردوو بە ئێستاوە دەبەستێتەوە.

بێدەنگیی ڕێبێکا دەبێتە ئامرازێکی گوزارشتئامێز لە خودی ئەو هەستەی، کە مانا شاراوەکانی لەخۆ دەگرێت، ڕەفتاری کارەکتەرەکان لەنێو بێدەنگییەکەدا مانا شاراوەکان، دیوی دووەمی دیالۆگەکان و ئەو ترسەی، کە لە دیوی دووەمی یان ناوەوەی دەقەکەوە بەرجەستە دەبێت.

پینتەر پێشنیاری ئەوەی کردووە، کە شانۆنامەی (خۆڵەمێش) لەژێر ئاودا نمایش بکرێت، ئافرەتەکە (ڕێبێکا) هەروەک ئەوەی کەوتبێتە بنی دەریایەکەوە، خەریکە بخنکێت، پەلەقاژێیەتی و دەست ڕادەکێشێت تا کەسێک بە هانایەوە بێت یان شتێک، کە خۆی پێوە بگرێت، بەڵام بێهودەیە. (ڕێبێکا) بەبێ یارمەتی لە تەقەلایەکی بەردەوامی بێهودەی ڕزگاربووندایە. پینتەر لە گوتاری پاداشتی نۆبڵەکەیشیدا، کە لە ساڵی ٢٠٠٥دا پێشکەشی دەکات، سەرلەنوێ باسی ئەم شانۆنامەیە دەکاتەوە و دەڵێت: (خۆڵەمێش هەر وەک ئەوە وایە لەژێر ئاودا نمایش بکرێت. ئافرەتێکی خنکاو یەکێک لە

دەستەکانی لەنێو شەپۆلەکانەوە بەرز کردووەتەوە، دەکەوێتە بنی دەریاکەوە، دەستەکەی تری بەدوای ئەویتردا بەرز دەکاتەوە، بەبێ ئەوەی هیچ بدۆزێتەوە، نە لەسەر ئاوەکە و نە لە بنی ئاوەکەدا. ئەوەی ئەو دەیدۆزێتەوە تەنها سێبەرەکانە، کاردانەوە دڵنەخوازەکانە، ڕۆیشتنە بەدەم ئاوەکە و لەگەڵ شەپۆلەکاندا. ئافرەتەکە وەک قەوارەیەکی دەستەپاچە لە پانتاییەکی خنکاودا، ئافرەتێک لە ڕەوشێکدا دەیەوێت لەو چارەنووسە ڕابکات، کە لەو برِوایەدا بووە چارەنووسی کەسانی ترە، نەک ئەو، بەڵام هەر وەک ئەوانەی مردن، دەبێت ئەمیش بمرێت)

(عەلی عوسمان یاقووب) کە ئەم شانۆنامەیەی لە ئینگلیزییەوە کردووە بە کوردی و لەو پێشەکییەدا، کە لە ژمارە (٦٢)ی زنجیرەی شانۆی بیانیدا بڵاو کراوەتەوە، دەڵێت: (ئەگەرچی "پینتەر" بەردەوامە لە شێوازە تەمومژاوییەکەی، چونکە ڕوون نییە ئەم ڕووداوانە لە کوێ ڕوودەدەن و ئەم خەڵکانە کێن، لەگەڵ ئەوەیشدا، دەتوانین بڵێین، کە دواین بەرەنگاربوونەوە و بیرهاتنەوەکە، وەکوو بیرۆکەی سەرەکیی شانۆنامەکە و ئەدەبی هۆڵۆکۆست بە گشتی، ڕەنگە ئەوە بگەیەنێت، کە سەرچاوەی هێز و

بەرگریکردن، چ بۆ تاک و چ بۆ گرووپ لەوەدا بێت، کە ڕابووردوو بیر نەچێتەوە)

(یوهان پیلگێر) ڕۆژنامەنووسێکی سوێدییە و لە هەشتاکانەوە ئاگای لە هەڵوێستە سیاسییەکانی پینتەرە، لە کتێبی (هارۆڵد پینتەر و زمانی ئازادی)دا دەڵێت: (پینتەر لە دەقی (خۆڵەمێش)دا وێنەکانی نازیزم و هۆڵۆکۆست وەک ئاگادارکردنەوەیەک دژی هەموو جۆرە کارێکی ناموراڵی و دوژمنکارانەی تر، بۆ نموونە ناردن و فرۆشتنی چەک لە لایەن وڵاتە ئیمپریالیزمەکانی وەک ئەمەریکا و بەریتانیای مەزنەوە بەکار دەهێنێت و بەو شێوەیە دەیخوێندێتەوە)، لەم ڕووەیشەوە دەگەڕێتەوە بۆ پینتەر و پەیڤێکی ئەو وەک پاڵپشتی قسەکانی خۆی دەهێنێتەوە؛ پینتەر دەڵێت: (دیموکراسی خەریکە بۆگەن دەکات) (لە خۆڵەمێشدا تەنها باسی نازییەکان ناکەم؛ من باسی خۆمان دەکەم، هەروەها تێگەیشتنی خۆیشمان سەبارەت بە ڕابردوومان و مێژووەکەیشمان، هاوکات لە ئێستادا چی لە ئێمە دەکەن).

بە کورتی دەتوانین بڵێین دەسەڵات، خۆشەویستی و دادپەروەری بە شێوەیەکی ئاشکرا و لەسەر سێ ئاست:

کەسی، فەرمی و گلۆباڵ لە شانۆنامەکانی پینتەردا ڕەنگیان داوەتەوە. یەکەم قۆناغی، کە بە شانۆنامەی (گەڕانەوە بۆ ماڵ) کۆتایی دێت، زیاتر ئاستە خودگەرا و تایبەتییەکەی دەگرێتە خۆ و لە هەمان کاتدا ڕووبەڕووی چینی خوارەوە و ناوەندی کۆمەڵ دەبێتەوە. لە (خاکی بێ خاوەن، سەردەمی بەسەرچوو و ناپاکی)دا ژیانە تایبەت و خودگەراکە ڕێچکەیەکی کۆمەڵایەتی، لە بنەمایەکی هونەری و ئەدەبی و تەکنیکێکی بەرزدا بەرجەستە دەبێت؛ یادەوەری، خۆشەویستی و لەدەستدانی بەها جوانەکانی خۆشەویستی سیمایەکی ئاشکرای شانۆنامەکانی ئەم قۆناغەن.

ژوورە داخراوە تاریکەکانی بەرهەمەکانی سەرەتای، لەم قۆناغەدا، تەنانەت بە ڕووی کۆمەڵگە نێونەتەوەییەکاندا دەکرێتەوە و پینتەر ئەوە دەخاتە ڕوو، کە هیچ خۆشەویستییەک بەبێ یەکسانی و دادپەروەری، بنەماکانی خۆشەویستییەکی پاک و ڕاستەقینە لەخۆ ناگرێت.

ئەم بەشەی کتێبەکە بە گوتەیەکی پینتەر، کە لە (هونەر، ڕاستی و سیاسەت)دا، گوتاری پاداشتی

نۆبڵەکەی، کە لە حەوتی مانگی دوانزەی ساڵی ٢٠٠٥دا، خوێندییەوە و لەسەر شاشەی تەلەفیزیۆنەکانی هەموو دونیاوە پەخشکرا، کۆتایی پێ دەهێنم. (کاتێک ئێمە خۆمان لە ئاوێنەدا دەبینین، لەو بڕوایەداین وێنەیەکی ڕاستەقینە دەبینین، بەڵام ئەگەر ئێمە تەنها چەند سانتیمێترێک دوور بکەوینەوە، وێنەکەیش دەگۆڕێت. ئەوەی ڕاستی بێت، ئێمە سەیری ژمارەیەکی بێکۆتا و ئێجگار زۆر وێنە دەکەین، کە لە ئاوێنەکەدا ڕەنگی داوەتەوە. هەندێک جار پێویستە نووسەر ئاوێنەکە بشکێنێت -لەبەر ئەوەی لەولای ئاوێنەکەوە، لەنێو درزەکانەوە ڕاستییەکان بۆ ئێمە پێدەکەنن).

# بەشی چوارەم

## چەمکە سیاسییەکان
## لە شانۆنامەکانی هارۆڵد پینتەردا

**گویس**

(هەڵدەستێت)

کەی پەیوەندیمان پێوە دەکات؟

**بێن**

(دەخوێنێتەوە)

**گویس**

کەی پەیوەندیمان پێوە دەکات؟

**بێن**

ئەوە تۆ چیتە؟ لەوانەیە لەهەر کاتێکدا بێت پەیوەندیمان پێوە بکات. لە هەر کاتێکدا.

**گویس**

(دەچێتە لای ئەوسەری قەرەوێڵەکەی بێن- ەوە)

ئا، دەمەوێت دەربارەی شتێک پرسیارێکت لێ بکەم.

**بێن**

چ شتێک؟

**گویس**

هەستت بەوە کردووە ئەو دەفرە چەند دەخایەنێت تا پڕ دەبێت لە ئاو؟

**شانۆنامەی (ئەسانسێرەکە)**

پینتەر هەرچەندە هەموو شانۆنامەکانی، هەر لە پەنجاکانەوە تا دوا بەرهەمەکانی، جیهانێکی سیاسیی و مۆرکێکی بنەما فراوانەکانی سیاسەت بەخۆوە دەگرێت، بەڵام لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردووەوە، ڕاستەوخۆ ڕوودەکاتە نووسینی شانۆی سیاسی. لەم قۆناغەدا مەسەلە سیاسییەکان، بۆ نموونە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ، سەرکۆنەکردنی مرۆڤی تاک لەژێر دەستی دەسەڵاتە دیکتاتۆرەکان و زەوتکردنی مافی زمان و پێناسەی کولتووری، پەیامێکی ڕاستەوخۆ و زەنگێکی وریاکردنەوەی مەسەلە مرۆڤایەتییەکان و مافی ئازادیی ڕادەربڕین و پرۆسەی دیموکراسی و کۆمەڵگەی ڕۆژئاوا دەخاتە ڕوو. دەوڵەمەندیی ناوەڕۆک و جۆراوجۆریی شانۆنامەکانی، پانتاییەکی گەورەی خوێندنەوە و ڕاڤەکردنی جیاواز لەخۆ دەگرێت، بۆ نموونە لە هەموو شانۆنامەکانیدا دەتوانین هێڵێکی ڕەخنەگرانەی فراوان دژی درۆودەلەسە سیاسییەکان، زمانی سیاسەتمەداران و چەواشەکردنی خەڵکی و دەسەڵاتی کەمینە بەسەر دید و بیرکردنەوەی زۆرینەوە ببینین. گەمەی دەسەڵات، ئەتمۆسفێرە ترسناکەکان، پەیوەندییە پڕ لە ڕاز و نهێنییەکان، بارودۆخە سامناکەکانی ڕارەوە تاریک و دەسەڵاتە سەرکوتکەر و

دەزگا داپڵۆسینەکانمان دێننەوە یاد. پینتەر بە ڕستە کورت و وچانە درێژ و وشە هێماگەلییە مەجازییەکانی، بینەران دەخاتە دڵەڕاوکێ و چاوەڕوانییەکی ترسناکەوە، هاوکات لە ژیانیشیدا هەمیشە بە شێوەیەکی ڕادیکاڵی هەڵوێستی سیاسیی خۆی بەبێ سڵەمینەوە دەربڕیووە، ڕەخنەی توندی گرتووە و لایەنگریی خۆی بۆ چەوساوەکانی دونیا دەربڕیووە. پینتەر هەمیشە ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە، کە زمانی سیاسەت و زمانی سیاسەتمەدارەکان و لۆژیکی سیاسەت، لەسەر بنەماکانی درۆ، دووروویی و شاردنەوەی ڕاستییەکان و هەڵخەڵەتاندنی خەڵکی ڕۆنراوە. ئەوەی ئەوان وەک ڕاستییەکی بێگومان دەیخەنە ڕوو، درۆیەکی گەورەی شاخدارە و دوورە لە هەموو ڕاستییەکەوە. پینتەر گوتاری پاداشتی نۆبڵەکەیشی بۆ ئەکادیمیای سویدی، کە لە هەمان کاتدا بۆ هەموو دونیایش بوو، هەڵوێستێکی سیاسی و ڕوونکردنەوەیەکی سیاسییانەی ڕەوشی جیهانە لەژێر ڕۆشنایی سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا و ڕۆڵی ئەمەریکا، وەک پۆلیسێکی دڕندە لە جیهاندا.

گەر کەسایەتییەکانی باسی شیعر، تۆپی پێ، خۆشەویستی یان توندوتیژی بکەن، بنەمایەکی

سیاسییان لەپشتەوەیە و لە هەموو دیمەنێکدا کارەکتەرەکان لەسەر شتێک ڕێککەوتوون، هەندێک جار نازانین ئەو شتە چییە و نادیار و نەبینراوە، هەر بەو پێیەیش دەچنە ناو ڕۆڵەکانیانەوە و ئاستە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانیان دابەش دەکەن، بەڵام لەپڕ یەکێک ئەو ڕێککەوتنانە، ئەو پەیمانانە دەشکێنێت و یاسا و ڕێساکان ئاڵوگۆڕ پێ دەکات، بەم شێوەیەیش ئاستی دەسەڵات و گەمەکان گۆڕانکارییان بەسەردا دێت.

زۆرجار مۆتیڤە سیاسییەکان وەک هەڕەشەیەکی کۆمیدی دەردەکەون، لەو مۆتیڤەدا زمان دەبێتە چەکێکی ڕاستەوخۆ دژی دەسدرێژی، بیانوو، بەهانە و ئازاردان و سەرکۆنەکردن. هەر زمانیش لەنێو تەکنیکە بێدەنگییەکەیدا کارەکتەرەکان دروست دەکات و ڕێچکەی پەیوەندی بە خود و ئەوانیتریشەوە دیاری دەکات. پینتەر ئەو شانۆنامانە وەک مێتافۆر بەرامبەر بە دیکتاتۆرییەت دەبینێت، دەسەڵات و دیکتاتۆریەتیش چەندین جۆریان هەن: دەسەڵاتی دەوڵەت، خانەوادە، کۆمەڵگە و ئایین. لە زۆر شوێندا تەقەلای دۆزینەوەی ڕووبەرێک، بارستاییەک کە لە لایەن دەسەڵاتێکی ترەوە کۆنترۆڵ کراوە، بەرجەستە دەکات. لەم ڕەوشەدا زمان، سێکسوالییەت، ڕاسیزم، مۆراڵ، بە شێوەیەکی

ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ دەبێتە بنەمای ئەو کۆنترۆڵ و ململانێ سیاسییانە.

گەڕان بەدوای خۆشەویستی، هاوڕێیەتی، ڕێز و ددانپیانان، زۆرجار بەرەو ململانێ و کێشە و توندوتیژیمان دەبات، حەزی دەسەڵات و خۆسەپاندن بەسەر ئەوانیتردا هەڕەشەیە بۆ سەر هەموو جۆرە پەیوەندییەکان. پینتەر فانتازیا ڕووبەڕووی دەسەڵات دەکاتەوە و لە دەسەڵاتدا بەکاری دەهێنێت، هەروەها زمانێکی هونەریی ڕاستەقینەی بزوێنەر بەرامبەر سیاسەتمەدارەکان بەرجەستە دەکات، لە خودی ئەو زمانەوە ستراکتوری دەسەڵات و پەیوەندییەکان ئاوێزانی یەکتر دەکات، هەروەها پینتەر هەمیشە هەڵوێستی سیاسیی هەبووە، بەرگریی لە شۆڕشی گەلان کردووە و لەم ڕووەوە لە سێ ناوچە و مەداری جیاوازی دونیاوە، بەرگریی لە گەلانی چەوساوە کردووە: یەکەمیان وڵاتانی ئەمەریکای لاتین، بەتایبەتیش (نیکاراگوا) دووەم ئەورووپای ڕۆژهەڵات، بەتایبەتی (چیکۆسلۆڤاکیا)ی جاران و سێیەمیش تورکیا بووە. (ڤاسلاڤ هاڤل) ١٩٣٦-٢٠١١ شانۆنامەنووسی چیکۆسلۆڤاکی و دواتریش سەرۆک کۆماری ئەو وڵاتە، کە لە بەندیخانە توند دەکرێت، وەک هاوڕێیەک

نەیتوانیووە بێدەنگ بێت و بەرگریی لێ نەکات. بۆ ئەو مەبەستە شانۆنامەکانی ئەوی لە لەندەن پێشکەش کردووە بۆ ئەوەی تیشکی میدیاکانی بچێتە سەر و بەو شێوەیەش لە ئەشکەنجەدان ڕزگاری بکات.

شانۆ سیاسییەکەی پینتەر دوورە لە هەر جۆرە پڕوپاگەندەیەکەوە، ڕێگە بە کارەکتەرەکانی دەدا لە جیهانە نادیار و شاراوە و تەلیسماوییەکەیدا گەمەی ناپاکی، هەڵخەڵەتاندن، توندوتیژی و سادییەت بەرامبەر بەوانیتر بکەن، یان لە وێنەیەکی ژیانی ڕۆژانەدا، ڕەوشێکی سیاسی لە ستراکتورێکی پووچگەرادا بەرجەستە دەکات و لە ڕێگەی ئەو ڕەوشە ئاشکرا و زمانە ساکارەی ژیانی ڕۆژانەوە پووچگەرایی بارودۆخە سیاسییەکە و ئەو زمانە سیاسییەی بەکار دەهێنرێت، دەخاتە ڕوو. پینتەر بە هیچ شێوەیەک کارەکتەرەکانی بەند ناکات، یان نایانبەستێتەوە بە بیروبۆچوونەکانی خۆیەوە، بەڵکو ئامادەییەکی بەهێزیان هەیە بۆ بەراوردکاری و خوێندنەوەی جیاواز. پینتەر زۆرجار کار لەسەر نیگەرانی و دڵەڕاوکێ و ترسی کارەکتەرەکانی دەکات؛ ئەم ترس و نیگەرانییانە، کە هەندێک جار لە پەیوەندییە دوو جەمسەرییەکانی

دەسەڵات و بێدەسەڵاتەوە دروست دەبێت، بەهۆی ڕەوش و بارودۆخە بزۆزەکانەوە، وەکوو خۆیان نامێنێتەوە، بەڵکو بەردەوام لە گۆڕانکاری و جووڵەدان. پینتەر لە چەندین بۆنەدا ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە، کە سیاسەت بێزاری دەکات (دەبێ بڵێم سیاسەت لە بەشێکی زۆر لە ئێش و ئازارەکانمان بەرپرسیارە، من بڕوا بە هیچ جۆرە گوتارێکی ئایدیۆلۆژی ناکەم)، لە شانۆنامەکانی پینتەردا مەسەلە سیاسییەکان لە ژووری دانیشتنەکانەوە، لەنێو ژیانی ڕۆژانە و لەناو ماڵەکانەوە سەرچاوە دەگرێت، لەم ژوورانەدا دیالۆگ و وتووێژەکان ستراکتوری دەسەڵات هەڵدەگرن و دواتر هەر لەو ڕێگەیەشەوە لە کۆمەڵدا ڕەنگدەدەنەوە. پینتەر و کارەکتەرە سیاسییەکانی، تەنانەت ئەوانەیشی، کە لە هەموو بیرۆکەیەکی سیاسییەوە دوورن، بە سەربەستی ڕێگەی خۆیان ئەگرنە بەر.

لە شانۆنامەی (کۆتایی ڕێگە)دا باسی خێزانێکی گەنج دەکات، کە بەهۆی جیاوازیی بیروڕا دەربڕینەوە دەکەونە بەر هێرشێکی توندوتیژی لێپێچینەوەی دەزگاکانی پۆلیسەوە، لە شانۆنامەی

(پرێسکۆنفەراس)یشدا، که له ساڵی ٢٠٠٢دا نووسیویەتی، باسی بەڕێوەبەرێکی پۆلیسی دەزگا نهێنییەکانی وڵاتێکی دیکتاتۆر دەکات، کە دەبێت بە وەزیری ڕۆشنبیری. ئەو وەزیرە نوێیەی ڕۆشنبیری لە ڕووبەڕووبوونەوەیەکدا لەگەڵ ڕۆژنامەنووساندا گاڵتە بە دەزگاکانی میدیا و کۆنترۆڵکردن و سانسۆرکردنی دامودەزگا ڕۆشنبیرییەکانی ئەو وڵاتە دەکات و ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە ئەوانەی جیاوازیی بیروباوەڕیان هەیە، دەبێت ئەو بیروباوەڕە جیاوازانە لە ماڵەوە دابنێن، ئەگینا سەریان دەخرێتە نێو تەنەکەی میزی شەوانەوە. بەکارهێنانی زمانێکی ساکار و هەندێک جار توندوتیژ و بازاڕیش، مۆتیڤە سیاسییەکە و موڕالی سیاسەتمەدارەکان چڕ دەکاتەوە و لەنێو وچان و بێدەنگییەکاندا، دەیکاتە ئامرازێکی ترسێنەر.

**وەزیر**

ڕەخنە لە ڕژێم تەنها لەو کاتانەدا پەسەند دەکرێت — گەر لە ماڵەوە دایبنێن. ئامۆژگاریی من ئەوەیە- لە ماڵەوە جێی بهێڵن. با لەژێر تەختی نووستنەکەدا بمێنێتەوە. بە تەنیشت قەعدەی میزەکەوە.

(پێدەکەنێت)
ئەوە شوێنی خۆیەتی.

**ڕۆژنامەنووس**
وتتان قەعدەی میزکردن؟
**وەزیر**
گەر ئێوە سنووری خۆتان ڕانەگرن، ئەوا سەرتان دەخەمە ئەو قەعدەی میزەوە. (پێدەکەنێت)
(ئەوانیش پێدەکەنن)

## شانۆنامەی (پرێسکۆنفەرانس)

ئەم شانۆنامە کورتە چەندین سمبۆلی بەبەها و مۆتیڤی سیاسی و کۆمیدیایەکی ڕەش و ڕەوشێکی سیاسیی کاریکاتێری و واقیعئامێزی ئەو وڵاتانە دەخاتە ڕوو و بەرجەستەیان دەکات. دیمەنەکە چەندە ڕەوشێکی سیاسی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەخاتە ڕوو، هێندەیش کۆمیدیایەکی ڕەشی پووچگەرا، لە ڕوانگەی ژیانی ڕۆژانەدا، لە پەیوەندییەکانی نێوان دەسەڵات و دەزگاکانی میدیادا، بەرجەستە دەکات.

## ئەسانسێرەکە

بەڵام لە شانۆنامەی (ئەسانسێرەکە) کە یەکێکە لە شانۆنامەکانی سەرەتای دەسپێکردنی و لە ساڵی ١٩٥٧دا نووسراوە، پەیامێکی سیاسی لە بارودۆخێکی پڕ لە چاوەڕاوانی و دڵەڕاوکێ و ڕەوش و هەڵوێستەی چاوەڕواننەکراودا، بەرجەستە دەبێت.[١]

(ئەسانسێرەکە) شانۆنامەیەکی چڕە سەبارەت بە دوو پیاوکوژ (بێن و گویس) لە شاری بیرمینگهام و لە ژێرزەمینێکدا چاوەڕوانی بڕیار و ئاماژەی سەرکردە، بەڕێوەبەر یان خاوەن دەسەڵاتێک دەکەن و کارێکی

---

[1] پینتەر لە سەرەتادا ئەم شانۆنامەیەی بە ناوی (شاگردە لاڵەکە) یان (بارمەنە بێدەنگەکە)وە نووسیوە و بە ناوی (خواردنی پەیژە کارەبابییەکە)یشەوە و (لە چاوەڕوانی ویڵسن) وەرگێڕدراوەتە سەر هەندێک لە زمانە ئەوروپییەکان، بەڵام عەلی عوسمان یاقووب بە (ئەسانسێرەکە) کردوویەتی بە کوردی، کە من زیاتر بەدڵمە و بڕوام پێیەتی. بێگومان ئەو ئەسانسێرە لە شانۆنامەکەدا ڕۆڵێکی گرینگی هەیە و هەمیشە کارەکتەرەکان دەجووڵێنێت. وەرگێڕی شانۆنامەکە بۆ سەر زمانی کوردی دەڵێت: (ئەم ناونیشانە لە دوو وشە پێک هاتووە، یەکەمیان وشەی dumb کە مانای "لاڵ" دەگەیەنێت و ئەویتریان وشەی waiter کە بە مانای "شاگرد" دێت، کەواتە دەستەواژەکە ڕەهەندێکی بێدەنگی تیایەو بەڵام بەیەکەوە بە مانای ئەسانسێر، واتە (مەسعەد) دێت و وەکوو شاگردێکی چێشتخانە کار دەکات، ئەگەرچی دواجار بۆ کاری تر بەکار دێت.

نهێنییان پێ سپێردراوە. (گویس) فەرمانەکان جێبەجێ دەکات و (بێن)یش سەرپەرشتیی کارەکان دەکات و (گویس) هەڵدەسوڕێنێت. ئەو کەسەی بڕیارەکانیشیان پێ دەسپێرێت، ئەوان نەیاندیوە و نازانن کێیە، لەبەر ئەوە لەم حاڵەتەدا هەست بە نائارامی دەکەن. پینتەر ئەم شانۆنامەیەی لەژێر هەژموونی بێکێت و شانۆنامەی (بەدەم چاوەڕوانیی گۆدۆوە) نووسیووە، گویس و بێن وێنەیەکی تر و دیوێکی تری (فلادیمیر و ئێستراگۆن)ن، گەمەی دەسەڵات دەکەن و چاوەڕوانیی فەرمانەکانی (ویڵسن) ناوێکن، کە هەرگیز نایەتە سەر شانۆ، بەڵام وەک (گۆدۆ) ئامادەییەکی بەهێزی هەیە و ڕێچکەی ڕووداوەکان دیاری دەکات و دەیانجووڵێنێت. ئەم (ویڵسن)ە دەسەڵاتێکی ڕەهای هەیە و کۆنترۆڵی بێن و گویس دەکات، هەر ئەویش لەو شوێنە دایناون و ئەوانیش چاوەڕوانی بڕیارەکانی ئەون تا جێبەجێی بکەن.

ئەم دوو کارەکتەرە کێن؟ چی دەکەن، لە چاوەڕوانیی چیدان و لەم ڕەوشەدا کێ خاوەن دەسەڵاتە؟ هەر زوو بۆمان دەردەکەوێت، کە ئەم دوو کارەکتەرە بۆ ماوەیەکی درێژ پێکەوە کاریان کردووە و زۆر باش یەکتر دەناسن، ئەمەیش دەبێتە هۆی ئەوەی،

که زوو بەسەر یەکدا هەڵدەچن، هەمیشە گەمەی سەردار و نۆکەر، دەسەڵات و بێدەسەڵات، بەهێز و لاواز دەکەن. بێن بەتەمەنترە لە گویس، بێن هێمنترە و گویسیش گیانێکی بێحەواس و پڕ لە دڵەڕاوکێیە، گویس بیروبۆچوونی جیاوازی هەیە و دوودڵە بەرامبەر ئەو ڕەوشەی، کە تیایدا دەژین. دیالۆگی شانۆنامەکەیش لە دەروازەیەکی گفتوگۆی ژیانی ڕۆژانەوە، وەک دەنگوباسی ناو ڕۆژنامەکان، نەخواردنەوەی ئەو چایەی داوایانکردووە و شوێنی دەستبەئاوگەیاندنێکی شکاو، فۆرمی خۆی وەردەگرێت.

**بێن**

(ڕۆژنامەکە فڕێ دەدات)

ئێ ئێستا!

(ڕۆژنامەکە هەڵدەگرێتەوە)

تۆ دەربارەی ئەمە چی دەڵێیت؟ گوێ بگرە!

(ئاماژە بۆ ڕۆژنامەکە دەکات)

پیرەمێردێکی هەشتاوحەوت ساڵان ویستوویەتی لە شەقامەکە بپەڕێتەوە، بەڵام شەقامەکە زۆر قەرەباڵخ بووە، دەزانی؟ نەیزانیوە بە چ شێوەیەک بپەڕێتەوە ئەوبەر، بۆیە بە خشکەخشک چووەتە ژێر لۆرییەک.

**گویس**

وتت چی؟

**بێن**

بە سکەخشکێ چووەتە ژێر لۆرییەک. لۆرییەکی وەستاو.

**گویس**

نابێ؟

**بێن**

لۆرییەکەیش کەوتە گەڕ و بەسەریدا ڕۆیشت.

**گویس**

تۆ بەڕاستیت نییە؟

**بێن**

لێرەدا ئاوا نووسراوە.

**گویس**

گاڵتە دەکەیت.

**شانۆنامەی (ئەسانسێرەکە)**

لە سەرەتادا، ئەو کارەی ئەوان چاوەڕوانی دەکەن، وەک هەموو کارەکانی تریان وایە، بەڵام هەندێک ڕووداوی چاوەڕواننەکراوی نهێنی، تەومژاوی دەیانخاتە بارێکی پڕ لە گومان و ترس و دڵەڕاوکێ و خۆئامادەکردنەوە، بۆ نموونە کێ لەژێر دەرگاکەوە دەنکە شقارتەیان بۆ دەنێرێتە ژوورەوە؟

**گویس**

بێن، تەماشاکە.

**بێن**

ئەوە چییە؟

**گویس**

تەماشاکە.

**بێن**

(سەر بادەدا و زەرفەکە دەبینێت. هەڵدەسێتە سەر پێ)

ئەوە چییە؟

**گویس**

نازانم.

**بێن**

لە کوێوە هات؟

**گویس**

لەژێر دەرگاکەوە.

**بێن**

بەڵام ئەوە چییە؟

**گویس**

نازانم.

(هەردووکیان چاویان تێبڕیوە)

**بێن**

هەڵیبگرەوە.

**گویس**

مەبەستت چییە؟

**بێن**

هەڵیبگرە.

**گویس**

(زۆر بە هێواشی بەرەو زەرفەکە دەجووڵێت، دادەنەوێتەوە و هەڵیدەگرێت)

**بێن**

ئەوە چییە؟

**گویس**

زەرفێکە.

**بێن**

هێچی لێ نووسراوە؟

**گویس**

نەخێر.

**بێن**

داخراوە؟

**گویس**

ئا.

**بێن**

هەڵیبچڕە.

**گویس**

چی؟

**بێن**
هەڵیپچڕە!

**گویس**
(هەڵیدەپچڕێت و تەماشای ناو زەرفەکە دەکات)

**بێن**
چیی تێدایە؟

**گویس**
(دوازدە دەنکە شقارتە ڕۆدەکاتە سەر لەپی دەستی)
دەنکە شقارتە.

**بێن**
دەنکە شقارتە؟

**گویس**
بەڵێ.

**بێن**

با تەماشای بکەم.
(گویس زەرفەکەی دەداتە دەست. بێن لێی دەڕوانێت)
هیچی لێ نەنووسراوە. یەک وشە چییە لێی نەنووسراوە.

**گویس**
ئەوە شتێکی زۆر سەیر نییە؟
**بێن**
لەژێر دەرگاکەوە هاتە ژوورەوە؟

**گویس**
دەبێ وا بووبێت.

**بێن**
دە بکەوە خۆت.

**گویس**
بۆچی بکەومە خۆم؟
**بێن**
دەرگاکە بکەوە و تەماشا بکە بزانە کەس لە دەرەوە وەستاوە.

**گویس**

کێ؟ من؟

**بێن**

ده بکەوه خۆت.

**گویس**

(لێی ورد دەبێتەوه، دەنکه شقارتەکان دەخاته گیرفانییەوه، دەچێته لای قەرەوێڵەکەوه و دەمانچەیەک لەژێر سەرینەکەی دەردەهێنێت. بەرەو دەرگاکه دەڕوات، دەیکاتەوه، تەماشای دەرەوه دەکات و دەرگاکه دادەخاتەوه).

کەس له دەرەوه نییه.

(دەمانچەکه دەخاتەوه شوێنی خۆی)

**بێن**

چیت بینی؟

**گویس**

هیچ؟

**بێن**

دەبێت ئەوانه هەر زۆر خێرا بووبن.

توانای پینتەر لەوەدا دەردەکەوێت، کە چەندە کارەکتەرەکان لە چاوەڕوانیدا دەژین و لە هەموو ئانوساتێکدا چاوەڕوانی پەیام و کاتی جێبەجێکردنی کارەکەیانن، هێندەیش بینەران لەو چاوەڕوانییە نادیار و نەبینراوەدا دەژین. ئەم شانۆنامەیە لەگەڵ ئەو مۆتیڤە سیاسی و بارودۆخە نهێنی و گەمەی دەسەڵاتەدا، کە بە خۆیەوە دەگرێت، هەروەها بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێشەریش باسی پەیوەندییە نزیکەکان، باسی ئەو گۆڕانکارییانەی، کە لە مرۆڤدا، لە کاتێکدا دەوروبەرەکە گۆڕانکاریی کتوپڕانەی بەسەردا دێت، ڕوودەدات. پینتەر لەم شانۆنامەیەدا زۆر بە وردی جووڵەی کارەکتەرەکانی دیاریکردووە، چۆنیەتیی خوێندنەوەی ڕۆژنامە، بەستنی قەیتانی پێڵاوەکانیان، چوونە سەر تەختی جێگەکانیان، دەرگاکردنەوە، دانیشتن لەوسەری جێگەکە، تەماشاکردنی ژێرسەرین، وەستان و تەماشاکردنی یەکتری... هتد. ئەم دیاریکردنی جووڵە و بزاوتنی کارەکتەرانە دۆخێکی چاوەڕوانیئامێز، حاڵەتیکی گرژی و سەرنجڕاکێش لای بینەران دروست دەکات، لە هەمان کاتدا، لە ڕووە هونەرییەکەیشەوە پاڵپشت و یاریدەدەرێکی بەهێزی ئەکتەریشە. دیاریکردنی ئەم جووڵە و بزاوتنە هێندە بە دیقەت و پڕاوپڕ لە جێگەی خۆیدا دانراوە، لابردنی بچووکترین جووڵە، هاوسەنگیی ڕیتم و جووڵەی

کارەکتەرەکان تێکدەدات. هیچ ڕێژیسۆرێک ناتوانێت سەرپێچیی ڕێنماییەکانی پینتەر بکات. هەرچەندە پینتەر لەم شانۆنامە بەراییەی خۆیدا، کە شوێنپێی بێکێت هەڵدەگرێت، بەڵام لاسایی بێکێت ناکاتەوە و لە بێکێتەوە شتێکی نوێ و فۆرمێکی جودا بەخۆی دروست دەکات. ئەگەر بێدەنگی و دووبارەکردنەوەی وشە و دەستەواژە و هەندێک لە دیالۆگەکان بۆ بێکێت دیدێکی فەلسەفی و تێڕوانینێکی ئەبستراکتییان هەبێت و لە فەلسەفەی پووچگەراوە سەرچاوەیان وەرگرتبێت، ئەوا بۆ پینتەر و بەتایبەتیش لە شانۆنامەی (ئەسانسێرەکە)دا ئەتمۆسفێرە توندوتیژەکە دەخولقێنێت. پینتەر لەم دەقەیدا، کە ڕاستەوخۆ وێنەیەکی تری مەجازیی گۆدۆیە، لە هەستی نامۆبوونەوە شتەکان ناخاتە ڕوو، بەڵکو موراڵی توندوتیژی (گویس) و (بێن) لەنێو دووبارەکردنەوەی شتەکاندا، بە شێوەیەکی سارد و بێپەروا و دڕندەئامێز، پیشان دەدات.

هەرچەندە شانۆنامەکە زۆر ڕەشە، بەڵام ڕووناکییەکی درەوشاوە لەو تاریکییەدا بەدی دەکرێت و هیوای گۆڕانکاری لەپشت دێڕەکانەوە، لەپشت هەڵسوکەوتی کارەکتەرەکانەوە و لە پەیوەندییەکانی نێوان مرۆڤەکاندا، بە ڕوونی هەستی پێ دەکرێت.

## زمانی چیا

پینتەر پشتگیرییەکی گەورەی لە خەباتی ئازادیخوازیی باکوور کوردستانی کردووە، لە هەموو بۆنەکاندا هێرشی کردووەتە سەر سیاسەتی ڕەگەزپەرستی، شۆفێنی و دیکتاتۆریی تورکیای کەمالی.[1]

ئەم پشتگیرییەی پینتەر دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بارودۆخەی، کە بە چاوی خۆی بینیویەتی؛ قەدەغەکردنی زمانی کوردی، زیندانیکردنی ئازادیخوازان و بێسەروشوێنکردنی خەڵکی. پینتەر بۆ یەکەم جار لەگەڵ شانۆنامەنووسی ئەمەریکی ئارسەر میللەر ١٩١٥-٢٠٠٥، لەسەر داخوازیی ڕێکخراوی (ئینتەرناشناڵ پێن) و لە ساڵی ١٩٨٥دا سەردانی تورکیا و باکووری کوردستان دەکەن. پینتەر ئەم گەشتەی تورکیا دەقۆزێتەوە بۆ بەسەرکردنەوەی مەسەلە گرینگەکانی مافی مرۆڤ و سەرکوتکردنی گەلی کورد و دەمکوتکردنی ڕای گشتی و ئازادیی ڕۆژنامەوانی. بۆ

---

[1] پینتەر ئەندامێکی چالاکی ئۆرگانی نێونەتەوەیی ئەمنستی و پێن-کلوب بووە و بەرگریی لە زوربەی گەلانی ژێردەستە بۆ نموونە: گواتیمالا، نیکاراگوا، کوردستان، باکووری ئەفەریقا، ڕواندا، سۆمالیا کردووە و زۆر بە توندی دژی ئەمەریکا و شەڕی عێراقیش بووە.

ئەم مەبەستە و بە نهێنی و بە ئاشکرا پەیوەندی بە ژمارەیەکی زۆر لە زیندانییە سیاسییە ئازادکراوەکانەوە دەکات، گفتوگۆ لەگەڵ بەرهەڵستکاران دەکات و بە دەنگی بەرز دژی سیاسەتی ڕەگەزپەرستی و سەرکوتکەرانەی تورکیا دەدوێت. نووسەرێکی گەنجیش لەم سەردانەدا، بە ناوی (ئۆرهان پاموک) ڕێپیشاندەریان دەبێت. پینتەر لە یەکێک لە چاوپێکەوتنەکانیدا سەبارەت بەم گەشتە دەڵێت: (ئێمە زیاتر لە دوانزە نووسەرمان بینی. ئەوانەی ئەشکەنجە درابوون، تا ئێستایش هەر دەلەرزین، بەڵام ئەوان سووربوون لەسەر ئەوەی دەعوەتی خواردنەوەمان بکەن، بە دەستە لەرزیوەکانیان خواردنەوەیان بۆ تێ دەکردین. ژنی یەکێک لەم نووسەرانە نەیدەتوانی قسە بکات. کە سەردانی مێردەکەی لە بەندیخانە دەکات، ئەو کارەساتە تواناکانی قسەکردنی پێ لەدەست دابوو. ئەو ئێستا بەربووە، بەڵام سیمای لە برینێکی کراوەی بەردەوام دەچوو)[١]

---

[1] باڵیۆزی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە تورکیا و لەسەر شەرەفی ئارسەر میللەر ئێوارەخوانێکی گەورە لە خانووبەرەی باڵیۆزخانەکەدا ڕێک دەخات، پینتەریش یەکێک دەبێت لە میوانەکان و لەبری گوتاری بەباقوبریق و درۆودەلەسە، بە فاکتەوە هێرشێکی توند دەکاتە سەر تورکیا و پەردە لەسەر ئامرازەکانی گرتن، ئازاردان و کوشتنی

ئەزموونی ئەو گەشتەی تورکیا و پشتگیریکردنی لە مەسەلەی کورد، شانۆنامەی (زمانی چیا)ی لێ لەدایک دەبێت. زمانی چیا زۆر بە ڕاشکاوانە باسی چەوسانەوەی میللەتێک دەکات، کە زمانەکەی بەتەواوی قەدەغەکراوە.[1]

(ئەنتۆنیا فرەیسەر)ی ژنی پینتەر لە یاداشتگەلەکەی خۆی و پینتەر، کە بە کتێبێک و بە ناوی (دەبێت بڕۆیت) بڵاوی کردووەتەوە، سەبارەت بە (زمانی چیا) دەڵێت (ئەو شانۆنامە تازەیەی هارۆڵد دەستی کرد بە نووسینی، زمانی چیا بوو، ئەم کارەیشی ڕاستەوخۆ بۆ بەرگریکردن و دژی چەوسانەوەی کوردەکان

---

زیندانییە سیاسییەکان هەڵدەماڵێت. ئەندامانی باڵیۆزخانە، خودی باڵیۆزی ئەمریکا و میوانە تورکەکان ناتوانن پینتەر بێدەنگ بکەن، ناچار دەیکەنە دەرەوە. ئارسەر میللەریش وەک پشتگیری لەو هەڵوێستەی پینتەر، ئاهەنگەکە بەجێ دەهێڵێت و لەگەڵ پینتەردا دەچێتە دەرەوە. ئەم دوو نووسەرە دواتر پێکەوە بەیاننامەیەک دژی دەسەڵاتی تورکیا بڵاودەکەنەوە. پینتەر سەبارەت بەم ڕووداوە گوتوویەتی (لە باڵیۆزخانەی ئەمەریکی لە ئەنکەرە و لەگەڵ ئارسەر میللەر بکرێتە دەرەوە، ڕووداوێک من هیچ کێشەیەکم لەگەڵیدا نییە-بەڵکو بە پێچەوانەوە یەکێکە لەو ساتانەی لە ژیانمدا شانازیی پێوە دەکەم).

[1] شانۆنامەی (زمانی چیا) بۆ یەکەم جار لە ١٩٨٨/١٠/٢٠دا لەسەر شانۆی نەتەوایەتیی لەندەن پێشکەشکراوە. ساڵی ١٩٨٩ سەرلەنوێ لە ئەمەریکا و لە شاری نیۆرک نمایشکراوە.

نووسیوە. هارۆڵد بۆی دەرکەوت، کە زمانی کوردی تەنانەت لە ناو کوردەکان خۆشیاندا قەدەغەیە، ئەمەیش بە شێوەیەکی بنەڕەتی بۆ هارۆڵد هێماگەلێکی بەهێزی چەوساندنەوەیە، دونیابینیی هارۆڵد پینتەر لە چەمکی (زمان)ەوە زۆر نزیک بوو، کە زمانیش قەدەغە بکرێت، مانای وایە مرۆڤ لە هەموو بنەما سەرەکییەکانی خۆی، وەکوو مرۆڤ دادەماڵرێت. هارۆڵد هەر کە لە تورکیا گەڕایەوە بۆ لەندەن، دەستی کرد بە نووسینی ئەم شانۆنامەیە)[1]

پینتەر خۆیشی لە یەکێک لە چاوپێکەوتنەکانیدا لەگەڵ (میل گەساو)، کە ساڵی ١٩٨٨ لە شاری نیویۆرک لەگەڵی کراوە، بەم شێوەیە باسی شانۆنامەی (زمانی چیا) دەکات و دەڵێت: (ئیلهامی شانۆییەکەم لە گەشتێکەوە بۆ تورکیا لا دروست بوو، لەگەڵ ئارسەر میللەر و لەو ئەزموونەوە لەگەڵ کوردان هەمبوو، بۆ خۆت دەزانیت کوردان ڕێگەپێنەدراون بە زمانی خۆیان بدوێن. ئەوە تاوانێکی گەورەیە). پینتەر هەر لە ساڵی ١٩٨٨دا بە ڕۆژنامەنووس (ئان فۆرد) دەڵێت: (یەکێک

[1] خاتوو ئەنتۆنیا فرەیسەری ژنی پینتەر لە نامەیەکی ئەلکترۆنیدا، کە بە بەرواری ٨/ ٢٠١١/٨ بۆ منی ناردووە دەڵێت: (هارۆڵد پینتەر بەڕاستی خەباتی بۆ گەلی کورد دەکرد، کە بۆ ئەو گەلێکی گرینگ بوو).

لەو شتانەی، کە لەبارەیەوە زانیم ئەو کاتەی لەوێ بووم، کێشەی ڕاستەقینەی کوردەکان بوو. بە ڕوون و ئاشکرا، بە هیچ شێوەیەک ددان بە بوونیاندا نانرێت، بەڵێ، ڕێگەیان پێ نادرێت بە زمانی خۆیان قسە بکەن).

پینتەر لە شانۆنامەیەکی کورتی وەک (زمانی چیا)وە، بەبێ ئەوەی کات و شوێن بۆ ڕووداوەکان دیاری بکات، سنوورێکی بەرین و پێناسەیەکی چڕی ڕەوشێکی پڕ لە ترس لە دونیابینییەکی فراوانەوە بۆ هەموو مرۆڤایەتی دەخوڵقێنێت. شوێن کوردستانە، زمانی کوردی لەژێر هەڕەشەدایە، مرۆڤی کورد لە زینداندایە، بەڵام هەلومەرجەکە بەرگێکی گەردوونی دەپۆشێت و پانتاییەکانی ئەو ترس و سەرکۆنەکردن و هەڕەشەیە هەموو سنوورەکان دەبەزێنێت. قەدەغەکردنی زمانیش، کە لەم دەقەدا بە (زمانی چیانشین) ئاماژەی بۆ دەکرێت، قەدەغەکردنی هەموو پێناسە کولتووری و فەرهەنگ و بنەما زیندووەکانی گەلێکە، کە سوپا و ڕژێمە دیکتاتۆرەکان لەو زمان و کولتوورە دەترسن و دەیانەوێت بە هەموو هێزێکیانەوە لەناوی بەرن و بیسڕنەوە. ئەم ڕژێمانە هەست بە مەترسی دەکەن و (ئەوانیتر)یش ئەو مەترسییەن، کە دەبێت قەدەغەبکرێت و تەنانەت لەناویش ببرێت.

**ئافرەتە بەتەمەنەکە**

نانم پێیە -

**پاسەوان**

(دارەکەی دەستی تێوەدەژەنێ)

قەدەغەیە. ئەو زمانە قەدەغەیە.

(ئافرەتە بەتەمەنەکە تەماشای دەکات) ( پاسەوانەکە دارەکەی لێ گیر دەکاتەوە)

قەدەغەیە.

(ڕوو دەکاتە زیندانییەکە)

پێی بڵێ تا بە زمانی فەرمی قسە بکات.

(بێدەنگی)

**زیندانی**

نایزانێت. ئەو زمانە نازانێت.

(بێدەنگی)

پێی نادوێت؟

(بێدەنگی)

**ئافرەتە بەتەمەنەکە**

سێوم پێیە -

**پاسەوان**

(دارەکەی تێوەدەژەنێت و هاوار دەکات)

قەدەغەیە! قەدەغەیە، قەدەغەیە، قەدەغەیە! سەیری ئەم بەزمە!

(ڕوو دەکاتە زیندانییەکە)

تێ ناگات من دەڵێم چی؟

**زیندانی**

نەخێر.

**پاسەوان**

تێ ناگات؟ (خۆی بەسەر ژنەکەدا دەچەمێتەوە)

تێ ناگەیت؟

(ئافرەتە بەتەمەنەکە چاو دەبڕێتە چاوانی پاسەوانەکە)

**زیندانی**

ئەو بەتەمەنە. تێناگات.

**شانۆنامەی (زمانی چیا)**

کاک عەلی عوسمان یاقووب، کە بەشێکی زۆری دەقەکانی پینتەری کردووە بە کوردی، لەو پێشەکییەی بۆ ئەم دەقەی نووسیوە، دەڵێت: (یەکێک لەو ڕێگەیانەی، کە "پینتەر" لە شانۆنامەی "زمانی چیا"دا بەکاری دێنێت بۆ تێکشکاندنی باری ڕوونی و ڕیزبەندیی ڕووداو و ڕێکوپێکیی شێوەکەی بریتییە لە هەندێک دیمەنی کورت

و پچڕپچڕ، وەکوو دیمەنی زیندانییەکان و ئەو ژنانەی دێن بۆ سەردانیان، کە ماوەیەکی زۆر کەم دەخایەنن. ئەم دیمەنە کورتانە هیچ ئاماژەیەکی ڕوونکەرەوە یا کرۆنۆلۆژیان نییە تا یارمەتیی بینەر بدەن پارچەکان بە یەکترەوە ببەستێتەوە و چیرۆکەکەی وەکوو چیرۆکێکی ڕوون و مانابەخش بە ئاسانی بۆ بخرێتە ڕوو، بەڵام کاریگەرێتییەکەیان لەوە دایە، نووسەر پێشانی دەدات، کە کارەکتەرەکان نەک هەر هەست بە دابڕان یا نامۆبوون دەکەن، بەڵکو ئەزموونیشیان لەگەڵ ئەم هەستکردنەدا هەیە).

شانۆنامەی(زمانی چیا) شانۆنامەیەکی چڕە، بە شێوازیکی قێزەون، کورت و توندوتیژ بەرجەستەی پێکداچوونی خەڵکی شاخ و دەزگاکانی پۆلیس و سەرباز دەکاتەوە، لە هەمان کاتدا بە شێوەیەکی شانۆیی، بێلایەنانە و ڕاستەوخۆ بینەران ڕووبەڕووی ئامرازە سەرکوتکەرەکانی دەزگا پۆلیسییەکان و مۆراڵی نامرۆڤانەی ئەو دەزگایانە و ڕووداوەکان دەکاتەوە. پینتەر ناونیشانی شانۆنامەکەشی (زمانی چیا) وەک ئاماژەیەکی مەجازی لەو بۆچوونە فاشیستانەیەی

تورکیاوە وەرگرتووە، کە دەڵێن کورد بوونی نییە و ئەوانە تورکی چیان.[1]

شانۆنامەی (زمانی چیا) هێندە کورتە، کە لە کاتی نمایشکردنیدا تەنها نیو سەعات دەخایەنێت، بەڵام دەکرێت چەندین کاژێر، کاژێر لەدوای کاژێر درێژ ببێتەوە، دەکرێت زەمەن وەستابێت، دەکرێت زەمەن زەمەنێکی بێکۆتا بێت و ڕووداوەکان مەودایەکی ڕەها و هەتاهەتایی لەخۆ بگرن. پینتەر خۆیشی ئەمەی لە گوتاری پاداشتی نۆبڵەکەیدا دووپات کردووەتەوە و دەڵێت: (زمانی چیا تەنها بیست دەقیقەیەکە، بەڵام دەکرێت چەندین سەعات درێژببێتەوە، سەرلەنوێ دەست پێ بکاتەوە و دەست پێبکاتەوە، بە هەمان شێواز

[1] یەکەم فێستیڤاڵی سلێمانی بۆ شانۆی نێونەتەوەیی، ڕێزی لە پینتەر نا و بۆ ئەو مەبەستە مێدالیایەکی ئاڵتوونی بە بنەماڵەکەی بەخشرا. دواتر نامەیەکمان لە زمانحاڵی بنەماڵە و هەڵسوڕێنەری کارەکانی پینتەرەوە، سەبارەت بەو ڕێزلێنانەی فێستیڤاڵی شانۆی نێونەتەوەیی سلێمانیی بە دەست گەیشت، کە دەڵێن (خاتوو ئەنتۆنیا فرەیسەر پێی وایە شەرەفێکی گەورەیە، بە ناوی هارۆڵد پینتەر، مێردی خوالێخۆشبوویەوە، ئەم مێدالیایە لە فێستیڤاڵی سلێمانی بۆ شانۆی نێونەتەوەیی ساڵی ٢٠١٢ وەربگرێت. مێدالیاکە لە پاڵ خەڵاتەکانی تری هارۆڵد پینتەر، لە ناویشیانەوە خەڵاتی نۆبڵەکەی، لە کتێبخانەی بەریتانی، کە سەرجەم ئەرشیف و خەڵاتەکانی ئەوی لەخۆ گرتووە، دادەنرێت)

دووباره و دووباره بکرێتەوە، سەعات لە دوای سەعات)[1]

پینتەر بە (زمانی چیا) پێ دەنێتە قۆناغێکی تری شانۆیەکی سیاسییەوە، کە ڕاستەوخۆ لە مۆتیڤە سەرکوتکەرەکان، لە ڕژێمە دیکتاتۆر و تۆتالیتارەکان نزیک دەبێتەوە و بە ناوەڕۆکە دەوڵەمەند و تەکنیکە تایبەتمەندەکەی خۆی چارەسەری ئەو مەسەلە گرینگە دەکات. هەڕەشەی سیاسی لە تەکنیکە بێدەنگەکەیدا هێندەی تر ترسناک دەبێت و دەبێتە چەند پریشکێکی کورتی توندوتیژ و بێدەنگییەکە لە پەیڤ و دیالۆگەکان زیاتر کاریگەرییان دەبێت.[2]

---

[1] پینتەر دووپاتی کردووەتەوە، کە لە کاتی نمایشکردنی (زمانی چیا)دا کارەکتەرە کوردەکان زمانێکی میللی و باو بەکار بهێنن، پۆلیس و دامودەزگا سەرکوتکەرەکانیش زمانێکی فەرمی.

[2] فرەیسەر لە کتێبەکەیدا سەبارەت بە نمایشێکی (زمانی چیا) دەڵێت: (چەند کوردێکی بەدبەختی چەوساوە و سەرکۆنەکراو، کە لە تاراوگە لە باشووری لەندەن دەژین، بۆ نمایشکردنی زمانی چیا چەند دەمانچەیەکی شانۆییان لە شانۆی نەتەوایەتی بەکرێ گرتبوو. هەموویان لە لایەن سی چل پۆلیسێکی چەکدارەوە گیران، کە بە هیچ شێوەیەک قایل نەدەبوون نامەکەی شانۆی نەتەوەیی، سەبارەت بەوە بخوێننەوە، کە ئەو دەمانچانە ڕاستی نین و ناتەقن، لەوەیش خراپتر -ئەمەیش ڕاستییەکی زۆر تاڵە- نەیاندەهێشت لەنێو خۆیاندا بە کوردی قسە بکەن. باسی ئەوەم بۆ بکە، کە ژیان تەقلیدی هونەر دەکاتەوە...). لە هەشتاکاندا پینتەر ڕێگەی بەو گرووپە کوردانە دابوو، کە لە تاراوگە ویستوویانە (زمانی چیا) پێشکەش بکەن و خۆشیان ئامادەی بینینی هەندێک لەو نمایشانە بوون.

# بەشی پێنجەم

## ڕەگەزی زمان لە شانۆی هارۆڵد پینتەر
## ـ شانۆنامەی سەرایدار ـ وەک نموونە

دیالۆگی شانۆنامەکانی پینتەر کۆمەڵێک بیرۆکە و دیدی گرینگ لەخۆ دەگرن، بەڵام هەندێک جار ئەو دید و بیرۆکانە لەپشت وشەکانییەوە خۆیان حەشار دەدەن و بە ئاسانی خۆیان نادەن بە دەستەوە، یان لەپڕ لە هەندێک هەلومەرجی تەمومژاوی و نهێنیدا دەبێتە بوونێکی واقیعی، حاڵەتێکی ئاشکرا و هەستپێکراوی نێوانمان.

دیالۆگ و کارەکتەرەکان ڕاستی و واقیعیین، بەڵام کاریگەریی بەرئەنجام و کۆتاییەکانیان دەبنە ئەفسون، نادیار، مەجاز و شیعرێکی پێکداچوو، ئەمەیش وا لە بینەر دەکات تێگەیشتنی جیاوازی بۆ دیمەن و تەنانەت دیالۆگەکانیش هەبێت و جۆرە نیگەرانی و ترسێک دروست دەکات. ئەمە جگە لەوەی، کە زمانە شانۆییەکەی پینتەر لەسەر ئاستێکی بەرز بوارێکی فراوان بۆ کەسایەتییەکانی دەکاتەوە تا هەوڵی خۆدزینەوە بدەن؛ زمان تەنها ئامرازێکی گواستنەوە و قسەکردن و ئاخافتن نییە، بەڵکو زمانەکەی پینتەر ئاڵوگۆڕێکی فیکری و فیزیکی لە خودی ژیانی کارەکتەرەکان و پەیوەندییەکانیاندا دروست دەکات.

پینتەر بۆ دەستەبەرکردنی ئەم هێزە مەجازییەی زمان، توێژاڵەکانی زمان پاک دەکاتەوە، ماناکانی

پشتەوەی وشەکان دەخوێنێتەوە و چەمکە دووفاقییەکان بەکار دەهێنێت. پینتەر بڕوای وایە، کە وشە جۆرێکە لە دەمامک، ترس، دڵەڕاوکێ و ڕووتوقووتیی خۆمانی لە پشتەوە پێ دەشارینەوە، ئەو نیگەرانی و ترسەیشی، کە لە زماندا دروستی دەکات، لە حاڵەتێکی وەستاودا نامێنێتەوە، بەڵکو گۆڕانکارییەکی بەردەوامیان بەسەردا دێت و لە جووڵە و بزاوتندان. دیالۆگەکانی پینتەر زۆر بە سەلیقە نووسراون، بە شێوەیەک هیچ جۆرە وتووێژێک لەخۆ ناگرن، بەڵکو دیالۆگی کورت، هەست و سۆز و جۆرێک لە غەریزە و پرسیاری بەردەوام لەخۆ دەگرن و بێدەنگی و مرۆڤیش تەنها وچانێکە لەنێوان کاتەکاندا. بلیمەتیی پینتەر لەنێوان ڕستەکانیدایە، گرینگیی داهێنانی ئەم نووسەرە لەوەدایە، کە ئێمە هەست بە کاریگەرییەکان، بە وزەیەکی شاراوە، بە توانای زمان دەکەین، بەبێ ئەوەی بزانین، لە کوێوە دێن.

لە ڕێگەی دانانی بە دیقەتی وشەیەکەوە، وچان و بێدەنگی و بەهێماکردنی ڕەوشێکی ساکار و ئاسانەوە، کە پینتەر بلیمەتانە لە دەقەکانیدا بەرجەستەی کردوون، یان لە تارمایی ڕستە و وشەکاندا لەپڕ و لە چاوتروکانێکدا وەبیرمان دێنێتەوە و هەست دەکەین، کارەساتێک بەڕێوەیە. زمانە چڕەکەی لە جووڵەیەکی

بەردەوام و فرەمانادایە، ئەمەیش وا لەو شێوازە سایکۆلۆژییە ڕیالیزمییە دەکات، کە پێودانگ و مۆرکێکی تایبەت بە پینتەر (پینتەریی) لەخۆ بگرێت. زوربەی ڕەخنەگر و لێکۆڵەرەوەکانی بواری شانۆیش سەرکەوتنی پینتەر دەگەڕێننەوە بۆ ئەو ڕۆحە کۆمیدیا و زمانە جیاوازەیەوە، ئەگەرنا تەنها شێوازێکی ڕووتی ڕیالیزمی سایکۆلۆژی مەبەستەکان ناپێکێت. پینتەر کۆمیدیا ڕەشەکەی، ئەفسونی زمانە جیاوازەکەی لە یەکەیەکی هونەریدا ئاوێزانی ڕیالیزمی سایکۆلۆژی دەکات و بەم شێوەیەیش ستراکتورێکی تری بۆ شانۆکەی خۆی و بۆ چەمکی شانۆی ڕیالیزمی سایکۆلۆژی دروستکردووە.

بێدەنگی و ئاستە جیاوازەکانی زمان هەر تەنها مانای بێتوانایی مرۆڤ ناگەیەنێت لە بەکارهێنانی زماندا، لە نەمانی پەیوەندییەکانی مرۆڤدا، بەڵکو گەڕانەوەیەکی ترە بۆ بەکارهێنانی زمان، قووڵبوونەوەی حاڵەتەکان، بەنهێنیکردنی کارەکتەر و ڕووداوەکان و بەخشینی مانا و مەودا و هێزێکی ترە بە زمان. زۆرجار شانۆنامەکانی پینتەر بە مەنەلۆگێکی ناوەکی دەست پێدەکەن، دوای ئەوە هێدی هێدی بزر دەبن تا زمان دەبێتە تەنها چەند خاڵێکی تەمومژاوی و دواتریش لە بێدەنگیدا، لەناو

وچانەکاندا دیارنامێنێت. زمانەکەی لە هەموو شتە لاوەکییەکان پاکژ دەکاتەوە و لە وێنە و شانەکانی شیعر نزیک دەبێتەوە، جیاوازییە زمانەوانییەکان وچان و پشووەکان دیاری دەکات تا ڕیتمێکی دیاریکراو و کاریگەرییەکی هەمەلایەن بەدەست بهێنێت.

پینتەر دەسەڵاتێکی گەورەی لە بەکارهێنانی دیالێکتی ناوچەیی و فۆنەتیکە جیاوازەکانی زمانی ئینگلیزیدا هەیە، وشەی بازاڕی و زارەکیی خەڵکی و فۆنەتیکە جیاوازەکان و زمانی توێژەکانی خوارەوە، لە یەکەیەکی یەکگرتوودا کۆدەکاتەوە، ئەمەیش گرفتێکی گەورەی بۆ وەرگێڕەکانی دروستکردووە. کە کارەکتەرێک لە شانۆنامەکانی پینتەردا بە دیالێکت و فۆنەتیکێکی جیاواز دەدوێت، لە هەمان کاتدا چیرۆکێکی تایبەت بەو ناوچەیەی بەکارهێنانی فۆنەتیکەکە و بەو کارەکتەرەیش دەگێڕێتەوە. هەندێک جار ئاستی زمانە جیاوازەکان و بەکارهێنانی فۆنەتیکی ناوچەیی دەبێتە پێناسەیەکی خودی بۆ ئەو کارەکتەرانە و بەو شێوە زمانە دەناسرێنەوە، دەبەسترێنەوە بە ناوچەکانیانەوە، بە ئاستی خوێندەواری و چینایەتییانەوە و هاوکات دەوڵەمەندی و جۆراوجۆریەتیی زمان دەکاتە بنەمای گەمەیەکی فیکری، دەروونی، کۆمەڵایەتی و شانۆیی.

## تەکنیکی بێدەنگی

پینتەر لە یەکەمین شانۆنامەکانییەوە تەکنیکێکی تایبەت بە خۆی داهێناوە و ئەم تەکنیکەیش لە ماوەی ئەم چل پەنجا ساڵەی ڕەوتی نووسینیدا گەشەی کردووە و بەرەو پیشەوە چووە، قووڵ بووەتەوە و بووەتە مۆرکێکی تایبەتمەندی پینتەر و کاری کردووەتە سەر زۆربەی شانۆنامەنووسانی جیهانیش. ئەو تەکنیکەیش بەکارهێنانی (بێدەنگییە) لەنێو بونیادی ڕەوش و ڕستەکاندا، کە بووەتە فۆرم و ستایلێکی گرینگی شێوازی نووسین و ڕۆڵێکی گرینگی لە شانۆنامەکانی پینتەردا بینیوە، لەو شێوازەدا بە ئاشکرا ئاستە جیاوازەکانی زمان و بەکارهێنانی وشە و دەستەواژە کورتەکان دیاری دەکات. ئەوەی جێگەی سەرنجە لەو دیاریکردنەی زمان و وشەکاندا، وچان، بێدەنگی و شێوازی بەکارهێنانی دەنگەکان، ڕۆڵێکی بەبەها و گرینگ دەگێڕێت، بۆ نموونە پینتەر وچانێکی کورت، وچانێکی بچووک، وچان، وچانێکی درێژ و بێدەنگی، دەخاتە داڕشتە و بونیادی دیالۆگ و نێوان دیمەن و ستراکتوری شانۆنامەکانییەوە، بێگومان وچان و بێدەنگیش جیاوازییان هەیە و دەبێت ئەکتەر و ڕێژیسۆرەکانیش بوار و مەوداکانی نێوان وچان،

بێدەنگی و کورت و درێژیی وچانەکان بدۆزنەوە، بۆ نموونە ئەو وچان و بێدەنگییەی پینتەر بەکاریان دەهێنێت، ئاڕاستەیەکی تری جیاواز و هەندێک جار پێچەوانەیش لە پەیڤ و دیالۆگەکان وەردەگرێت. هاوکات ئەو بێدەنگییە دەبێتە زمانێکی تری لێوانلێو لە زمانێکی مەجازی، شاراوە، نادیار و ئاماژەئامێز، کە دەکرێت بینەران بە شێوەیەکی تر وەریبگرن و زمانە بیستراوەکەیان بۆ ڕوون بکاتەوە. بێدەنگی ئەو تەکنیکەیە، کە شتەکان ئاشکرا دەکات، پەیامەکان قووڵتر دەکاتەوە و یاریدەدەرێکیشە بۆ داماڵینی نهێنییەکان؛ دیالۆگ و پەیڤی کارەکتەرەکانیش لە بەرامبەر ئەم بێدەنگییەدا دەبێتە ئاڕاستەیەکی پێچەوانە، شتەکان دادەپۆشێت و ڕێگە لە دەرکەوتنی ڕاستییەکان دەگرێت. بێگومان، وەک لەوەوبەر ئاماژەمان بۆ کردووە، کە پینتەر ئەم تەکنیکەی لە بێکێتەوە وەرگرتووە، بەڵام ستراکتورێکی تری پێ بەخشیوە و ئەم ستراکتورەیش ڕۆڵێکی گەورەی لە دروستکردنی ئەتمۆسفێرە پینتەرییەکەی دەق و نمایشەکانی پینتەردا گێڕاوە.

**دەیڤس**

لێرە دەخەویت؟ وایە؟

**ئەستن**

بەڵێ

**دەیڤس**

لە کوێ؟ لەوێ؟

**ئەستن**

بەڵێ.

**دەیڤس**

زۆر باشە، لەو سەرما و تەڕییەی دەرێ ڕزگاریت.

**ئەستن**

با زۆر نایگرێتەوە.

**دەیڤس**

باشترە نەیگرێتەوە. جیاوازییەک دەبێت کە نەهێڵێت بێتە ژوور.

**ئەستن**

ئەرێ.

**دەیڤس**

کەواتە هەر –با-یە کە دێتە ژوور.

(وچان)

**ئەستن**

ئەرێ، کاتێک کە با هەڵدەکات...

(وچان)

**دەیڤس**

بەڵێ...

**ئەستن**

ئم...

(وچان)

**دەیڤس**

هەر زۆر سارد و تەڕە.

**ئەستن**

ئا.

**دەیڤس**

هەر زۆر هەستیارم پێی.

**ئەستن**

پێی هەستیاریت؟

**دەیڤس**

هەمیشە وا بووم.

(وچان)

ئایا ژووری دیکەت هەن، هەتە؟

**ئەستن**

لەکوێ؟

**دەیڤس**

لە پشت ئێرە... لە سەرەوە.

**ئەستن**

خراپن.

**دەیڤس**

وا مەڵێ.

**ئەستن**

کاریان زۆر دەوێت.

(وچانێکی کەم)

**دەیڤس**

ئەدی خوارەوە؟

**ئەستن**

داخراوە. دەبێت چاوێکی لێ بکرێت... زەوییەکەی...

## شانۆنامەی (سەراییدار) پەردەی یەک

هیچ کەسێک وەک پینتەر نازانێت بێدەنگی و وچانەکان لە کوێدان و چەند درێژن، هیچ کەسێک ناتوانێت سەد دەر سەد وەک پینتەر ڕەوشەکان بەبێ وشە بخاتە ڕوو. پینتەر لەسەر شانۆ دەتوانێت هەموو شتێک بەبێ وشە و بە بێدەنگی بڵێت و شێوەیەک لە شیعرییەتی بێدەنگی بخوڵقێنێت.

پەردە لەسەر ترس و دڵەڕاوکێی ناوەوەی مرۆڤ هەڵدەماڵێت، بەبێ ئەوەی باسی فەلسەفەی بوونگەرایی بکات، چرکەساتە وردەکانی بارودۆخ و ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی بەرجەستە دەکات، بەبێ ئەوەی ببێتە ئەدەبێکی سروشتگەرا، لە هەمان کاتدا دوور دەکەوێتەوە لە واقیعییەتی واقیع بەبێ ئەوەی ببێتە هێما یان سوریالیزمێکی ساکار و هەرزان. هەندێک جار بێدەنگییەکان دەبنە پانتاییەکی ئازاد لەنێوان دوێنێ و ئەمڕۆ و خودی دیالۆگە درێژەکاندا، لەم ڕووەوە دیالۆگ بێدەنگییە و بێدەنگیش دیالۆگە، هەروەها دووبارەبوونەوەی دیالۆگەکان و هەندێک جار لەنێو وچان و بێدەنگییەکاندا بزاڤێکی جیاواز لەنێوان کات و شوێنەکاندا دەخوڵقێنێت، لەم بزاڤەدا ڕابردوو و ئاینده لە ئێستادا بزر دەبن، ئێستایش دەبێتە پلاتفۆرمێک بۆ گۆڕانکاری و ڕووبەڕووبوونەوە لەنێوان کاتە جیاوازەکان و ڕەوشە جیاوازەکاندا، شتەکان ئێستا ڕوو دەدەن، هەندێک جاری تر دیالۆگەکان، کارەکتەرەکان بەرەو بێدەنگییەکی کوشندە دەبەن، دووبارەبوونەوەکان دەچنە بێدەنگییەوە، بێدەنگییەک لەوانەیە تەنها وەڵامی ئەو پرسیارانە بێت، کە لە خودی تێکستەکاندایە: گرانیی جیاکردنەوەی شتە خودییەکان و جیهانە کۆلێکتیڤەکەی

کارەکتەرەکان، ئەمەیش لە کۆمەڵگەی ئەوروپادا مانای چارەنووس و مێژوویەکی هاوبەش و یەک سەردەم دەگەیەنێت، گرانیی جیاکردنەوە و لەیەکدابڕانی "من"ەکان و ڕابردوو (من و ڕابردوو).

لەو تەکنیکەدا دیالۆگەکان ڕیتم و فۆرمێکی جیاواز لەخۆ دەگرن، ڕیتمێک ڕاستەوخۆ کار دەکاتە سەر چۆنیەتیی نواندنەکە و سەمایەکی ناوەکی و بێدەنگ لە جەستەی کارەکتەرەکاندا دەخولقێت، توانای گوێگرتن و سەرلەنوێ بەرهەمهێنانی دەنگی بێدەنگی دروست دەکات. شانۆنامەکان هێمایەکی ئاڵوگۆڕی گەورە، چڕ و جیاواز لەنێوان دەنگ و بێدەنگیدا لەخۆ دەگرێت، بێدەنگی شتەکان دەگەیەنێت، بەتایبەتیش لەو کاتانەدا، کە زۆر زەحمەتە ڕاستییەکان، گەمەی دەسەڵات، بارودۆخ، بیرەوەری، ڕەوش و توندوتیژییەکان بگەنە بینەران، بێدەنگیی دەیگەیەنێت. پینتەر سەبارەت بە چەمکەکانی وچان و بێدەنگی دەڵێت (وچان تەنها وچانە و بەهۆی ئەو هۆکارەوە، کە لەناو مێشک و هەناوی کارەکتەرەکەدا ڕووی داوە و بۆ خۆیان لە دەقەکەوە دێنە دەرێ. ئەوانە ئامڕازگەلێکی ئاسودەگی یان ئامڕازگەلێکی فشار نین، بەڵکو ئەندامگەلێکی جەستەی کارەکەن. من زۆر بە سادەیی پێشنیاری ئەوە دەکەم،

ئەگەر ئەوە بە شێوەیەکی کارا ئەنجام بدرێت، ئەوان بۆیان دەردەکەوێت، کە ئەو وچانانە ناچارییە، هەروەها بێدەنگیش بە هەمان شێوە مانای ئەوەیە شتێک ڕووی داوە تا مەحاڵبوون لەناو ئاخاوتنی کەسێکدا بڕوێنێت، کە بۆ قەیرێک لە زەمەن شتێکی گوتووە تا لەو چرکەساتەدا بۆیان بکرێ هەناسەیەک بدەنەوە لە بەرامبەر کاریگەریی ئەو شتەی، کە لەپێش بێدەنگییەکەدا ڕووی داوە)

کارەکتەرەکان لە ناوەوە دەجوڵێنەوە، هەندێک جاریش دەبنە ڕواڵەتی دەرەکی بۆ گوزارشتکردن لە دڵەڕاوکێی ناوەکی، هەر لەم ڕووەوە دەتوانین بڵێین، کە دوو جۆر بێدەنگی لە لای پینتەر بووەتە چەمکێکی گرینگی ئەو فۆرمە: یەکەمیان ئەو بێدەنگییانەیە وەک وچانێکی درێژ خۆیان دەئاخننە نێو دێڕ و دیمەنەکانەوە و ڕەوش و بارودۆخ و بێدەنگییەکی ترسناک لەسەر شانۆ دەخوڵقێنن، جۆرەکەی تریشیان بێدەنگییەکی پڕ لە دڵەڕاوکێ و ترسە، کە لە لای کارەکتەرەکانی سەرهەڵدەدا.

هەردوو شێوەکەشیان لە ڕوانگەی دروستکردنی یان خوڵقاندنی جۆرێک لە هوروژمی وشە، هەندێک جار وشەی بێمانایش بڵاو دەکاتەوە، بەم شێوەیەیش ژوورە

چۆڵوهۆڵەکان بە دیالۆگی نالۆژیکی، بە دووبارەبوونەوە و بە بێدەنگی پڕدەکاتەوە، ئەمەیش لەڕاستیدا جۆرێکە لە خۆدزینەوەی کارەکتەرەکانی لەو شتانەی، کە مەبەستیانە بیڵێن، هەروەها وچان و بێدەنگییەکان لە ستراکتوری شانۆنامەکاندا شانۆنامەیەکی تر لەژێرەوە، لە ناوەوە و لەپشت وشەکانەوە دروست دەکات و بەمەیش دیقەت و ڕوانینێکی زیاتر و مەودایەکی قووڵتر دەبەخشێتە وچان و بێدەنگییەکان. هەندێک جار تەکنیکی بێدەنگی و وچانی دیمەنەکانی، مەخزایەکی سیاسی لەخۆ دەگرن: هەمان بۆچوونمان نەبێت، قایل نەبوون بە یاسای گەمەکانی ئەوانی تر، هەروەها لەم ڕەوش و هەڵوێستانەدا، بێدەنگی دەبێتە دەروازەیەک بۆ دۆزینەوە و ئاشکراکردنی دەنگی خۆمان، پێداگرتن لە بوونی خۆمان و وەلاوەنانێکی تەواوی ئەوانی تر و هەڵوێستەکانی تر و هەڵوێست وەرگرتن.

**دەیڤس**

ڕاستە

(کەمێک وچان)

ئەو شتە چییە، چییە بەتەواوەتی؟

(ئەستن دەڕوات بۆ لای پەنجەرەکە و لە دەرەوە دەڕوانێت)

**ئەستن**

مشاری پێچی؟ ببینە، شتێکە لە خانەوادەی مشاری بڕەر، بەڵام ئەمە ئامێرێکە کە دەبێت لەسەر درێلێکی بگوێز دایبەستیت.

**دەیڤس**

ئۆی، ئەرێ ڕاستە. ئەوە هەر زۆر حازربەدەست دەبێت.

**ئەستن**

ئەرێ، وایە.

(وچان)

دەزانیت، ئەو ڕۆژە لە چایخانەیەک دانیشتبووم. بە ڕێکەوت لەسەر هەمان مێز دانیشتبووم کە ئەو ژنەی لێ بوو. ئێ، دەستمان کرد... دەستمان کرد بە هەندێک قسە، نازانم... سەبارەت بە پشووگای ئەو، ئەو شوێنەی کە پشووی لێ دابوو. شوینێک لە ڕۆخی باشوور بوو، بەڵام بیرم نایەت لە کوێ، بە هەرحاڵ، هەردووکمان هەر دانیشتبووین و مەشغوڵی ئەو تۆزە دەمەتەقێیە بووین... و لەپڕێکدا دەستی هێنا و خستییە سەر دەستم... و پێی گوتم، پێت چۆنە سەیرێکی لەشت بکەم؟

**دەیڤس**

دە واز بێنە.

(وچان)

**ئەستن**

هەر ئاوا لە ناوەڕاستی قسەی ئاوادا شتی وا گوتن. کەمێک بە لامەوە سەیر بوو.

**دەیڤس**

شتی وایان بە منیش گوتووە.

## شانۆنامەی (سەراییدار) پەردەی یەکەم

پینتەر دەڵێت (گوێ لە خەڵک بگرە، گوێ لەوانە بگرە لە کاتی بەرچاییدا باسی چا و سەموون و پەنیرەکانیان دەکەن، یان گوێ لە پیرە بێلانەکان بگرە، کە لە قاوەخانەیەکی شەوانەدا دانیشتوون و قسە دەکەن. من هەرگیز لەوە بێزار نابم. ئەو دەمەتەقێیانە لە سنوورەکانی بێدەنگیدان). پینتەر ڕاپۆرتەکانی لەو سنوورەوە دەنێرێت بۆ بێدەنگی و ئەو شتانە دووپات دەکاتەوە، کە ئێمە بە پەیڤ و بە وشە بۆ یەکتری باس ناکەین.

## سەرایی‌دار لەنێوان
## بێدەنگی و گەمەی دەسەڵاتدا

پینتەر وەک لەمەوبەر و لەم لێکۆڵینەوەیەدا چەندین جار ئاماژەم بۆ کردووە، ناسراوە بەوەی زۆر بە جوانی بەرجەستەی گەمەی دەسەڵاتی کردووە، ئەم گەمەیەیش لە ڕوانگەی دیالۆگێکی بێلایەنەوە دەردەکەوێت و لە گفتوگۆیەکی ئاسایی ڕۆژانەوە سەرچاوە دەگرێت. هەموو شتەکان لە بێدەنگیدا ڕوودەدەن و پینتەر زیرەکانە ئەو گەمەی دەسەڵاتە دەخزێنێتە نێو بێدەنگی و وچانەکانەوە. لەو بێدەنگییەدا دەروازەیەکی کراوەیش بە ڕووی بیرەوەری و یادەوەرییەکانماندا دەکاتەوە، لەو کرانەوەیەدا یادەوەریی تاکەکەسی و گەمەی دەسەڵات دەبەستێتەوە بە پانتاییەکی فراوانترەوە، لەو پانتاییەدا یادەوەرییەکانمان بە کۆمەڵێک گەمەی دەسەڵات و کرداری توندوتیژدا تێدەپەڕن. پینتەر هەر بۆ نموونە لە شانۆنامەی (سەرایی‌دار)دا، گەمەی دەسەڵات، یادەوەرییەکان لەنێوان دوو برا و لە هەمان کاتدا کەسێکی نەناسراو، کە داڵدەیان داوە دروست دەکات. بەم سەرەتایە نزیک دەبینەوە لە ستراکتور، ڕووداو، پێودانگە دراماییەکان و جیهانە تەمومژاوییەکەی

شانۆنامەی سەراییدار.[1] شانۆنامەی سەراییدار باسی سێ کەس دەکات، کرێچییەک، خاوەن ماڵ و شەڕانگێزێکی بێلانە. کرێچییەکە کەسێکی دڵپاک و یارمەتیدەرە، لە خانوویەکی کۆن و داڕوخاودا دەژی، هەمیشە دڵۆپە دەکات و باران لە پەنجەرەکانییەوە دێتە ژوورەوە. بەزەیی بە شەڕەنگێزەکەدا دێتەوە و داڵدەی دەدا، بەڵام ئەو نایەوێت هیچ کارێک بکات، خاوەنی بەزەیی نییە و پشت دەکاتە ئەو کەسەی لە تەنگانەدا بەهانایەوە چووە و یارمەتیی داوە، نەک هەر ئەوە، بەڵکو هەوڵ دەدات خاوەن ماڵ و کرێچییەکە بە شەڕ بدات و پێگەی خۆی بەو شێوەیە بەهێز بکات، بەڵام لە ئەنجامدا ئەوەی بۆ ناچێتە سەر و دەیکەنە دەرەوە. پینتەر لێرەدا دەیەوێت ئەوە دووپات بکاتەوە، کە هیچ شوێنێک نییە مرۆڤ بتوانێت خۆی تێدا حەشار بدات،

[1] پینتەر شانۆنامەی (سەراییدار)ی لە ساڵی ١٩٦٠دا نووسیوە. سەراییدار سەرکەوتنێکی گەورە بەدەست دێنێت و پینتەریش دەبێتە یەکێک لە گرینگترین نووسەرانی شانۆی هاوچەرخی ئینگلیزی و جیهانیش. شانۆنامەی سەراییدار بۆ یەکەم جار هەر لە ساڵی ١٩٦٠دا و لەسەر شانۆی The Arts Theatre لە لەندەن نمایشکراوە. هەر لەو ساڵەدا شانۆنامەی سەراییدار هەڵدەبژێردرێت بە باشترین شانۆنامەی ساڵ، هەروەها تێکڕا ڕەخنەگرەکانی بەریتانیا بە یەکێک لە باشترین شانۆنامەکانی سەد ساڵی ڕابردوو، ئاماژەی بۆ دەکەن.

دونیای دەرەوە بە هەموو هێزە جیاواز و خۆسەپێنەرەکانییەوە هەڕەشەمان لێ دەکات و ڕاومان دەنێت، لە هەمان کاتدا هێزە ترسێنەرەکانی دونیای دەرەوە دەمانخزێنێتەوە ژوورە داخراوەکان، بەڵام هەڕەشەکان دەگەنە ئەوێش و جارێکی تر هەڵاتن و وەدەرنان و ڕاوەدوونان دەبێتەوە بە چارەنووسی مرۆڤ.

**دەیڤس**

بەڵام، بەڵام، سەیر بکە، ئاخر، گوێ بگرە، مەبەستم ئەوەیە...

(ئەستن ڕوو دەکاتە پەنجەرەکە)

ئەدی ئێستا من ڕوو لە کوێ بکەم؟

(وچان)

چی بکەم؟

(وچان)

بۆ کوێ سەری خۆم هەڵگرم؟

(وچان)

**شانۆنامەی (سەرایدار) دوا پەردە**

پینتەر سەبارەت بە نووسینی شانۆنامەی (سەراییدار) دەڵێت: (من دوای ئەوەی شانۆنامەی سەراییدارم نووسی، خەونێکی زۆر ناخۆشم دەربارەی دوو برا بینی، لە خەونەکەمدا ماڵەکەم سووتا. هەوڵم دا بزانم کێ ئەم کارەی کردووە، هەموو کۆڵان و قاوەخانەکان گەڕام، دواجار لە شوێنێک چوومە ژوورێک، دوو برای تێدابوو، کە کەسایەتیی شانۆنامەک بوون. پێم گوتن، کەواتە ئێوە خانووەکەی منتان سووتاند. گوتیان زۆر خەم لە خانووەکەت مەخۆ. گوتم ئاخر من هەموو شتێکم لەو خانووەدا بووە. ئەوانیش گوتیان باشە ئێمە قەرەبووت دەکەینەوە. ئاگامان لە تۆ دەبێت –برا گەنجەکەیان قسەی دەکرد– یەکسەر دوای ئەمە چەکێکم بە پەنجا پاوەند نووسی... چەکێکم پێ دا بە پەنجا پاوەند) خەون و خەیاڵ لەگەڵ واقیع و ژیانی ڕۆژانەی سێ کەسدا، سێ کەسایەتیی جیاواز، بەڵام هەرسێکیان لە یەک شوێندا، لە یەک کاتدا و لە دەروازەکانی یەک ڕووداوەوە، ڕووداوەکان دروست دەکەن، گەمەی دەسەڵات و هاوکێشەکانی سیستێمێکی کۆمەڵایەتی بەرجەستە دەکەن. بێگومان زمان یەکێکە لە

ئامرازە گرینگەکانی ئەم گەمەیە و لەنێوان وچان و بێدەنگییەکاندا حاڵەتێکی نائاساییی، وروژاو و هەندێک جار ئارامدا دەستەبەر دەکات.[1]

## کەسایەتییەکان

سیما، پێودانگ و بیر و هۆشی کارەکتەرەکانی ئەم شانۆنامەیە زۆر دوورن لە یەکترییەوە، هیچ خاڵێکی هاوبەش کۆیان ناکاتەوە و بەتەواوی سێ کەسایەتی و سێ جیهانی جیاوازن لە یەکترییەوە.

(ئەستن) مرۆڤێکە زۆر بە خاوی دەبزوێت، بە خاوی بیردەکاتەوە، دڵپاک، لەسەرخۆ و مرۆدۆستە، دالدەی مرۆڤێکی شەڕانگێز و سپڵەی وەک (دەیڤس) دەدا. ئەستن هەمیشە بە دەستەکانی خەریکی کارێکە و هەرچەندە هیچ کارێکی دامەزراوی نییە و تەنها ئاگاداری خانووبەرەی براکەیەتی، کارکردن پێناسی ئەوە و بەدەستوبردە و کەسێکی کردەییە. هەردەم

---

[1] خوێنەر بۆ زیاتر قووڵبوونەوە و شارەزابوون لە شانۆنامەی (سەرایبیدار)، دەتوانێت ئەم شانۆنامەیە بەتەواوی بخوێنێتەوە. بڕوانە زنجیرەی شانۆی بیانی، ژمارە ١٧، سەرایبیدار، نووسینی هارۆڵد پینتەر، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە ڕێبوار ڕەشید، لە بڵاو کراوەکانی دەزگای ئاراس، ساڵی ٢٠٠٨.

باسی پرۆژەکانی دەکات و چەندین پلانی هەیە، بۆ نموونە دروستکردنی ژوورێک، بەرزکردنەوەی دیوارێک، کڕینی مشار، داروتەختە... هتد.

ئەم کارەکتەرە بڕوای تەواوی بە خۆیەتی و دەزانێت چی دەکات، هەرچەندە هێمن و لەسەرخۆیە، بەڵام بەهێزە و دەکرێت بڵێین لە هەندێک ڕەوشی تایبەتیدا ترسناکە، هەروەها لەگەڵ ڕەوتی شانۆنامەکەدا تێدەگەین، کە ئەستن تووشی کێشەی دەروونیی گران بووە و ئەقڵ و هۆشیشی زۆر تەواو نییە.

**ئەستن**

گرفتەکە لەوەدا بوو کە دووچاری خەیاڵگرتوویی دەبووم. خەیاڵگرتووییش نەبوو، هین بوو، تووشی ئەو هەستە دەبووم کە پێم وا بوو شت دەبینم... بە ڕوونی، هەموو شتێک... وا ڕوون بوو. هەموو شتێک... هەموو شتێک... هەموو شتێک بێدەنگ دەبوو...

**شانۆنامەی (سەرایدار) پەردەی دووەم**

بەڵام بە پێچەوانەوە، کارەکتەری دەیڤس کەسێکی سپڵە، توندوتیژ، شەڕانگێز، بێلانە و بێکارە و بە کەڵکی هیچ کارێکیش نایەت، هیچ کارێکی پێ هەڵناسوڕێت،

ئەستن لەدەست چەند کەسێک ڕزگاری دەکات و لە لای خۆی دالْدەی دەدا و جێگەی دەکاتەوە، بەڵام بەم دالْدەدانە ڕازی نابێت و هەمیشە زیاتر و زیاتری دەوێت. هەوڵ دەدات نێوانی ئەستن و مایکی برای، لە بەرژەوەندیی خۆی تێک بدات، لەگەڵ هەردووکیان گەمەی دەسەڵات دەکات و هەمیشە مەرامی خراپی هەیە. دەیڤس بە پێچەوانەی ئەستنەوە، مرۆیەکی خێرا و بەدەستوبردە، هەمیشە لەباری بەرگری و شاڵاودایە، زۆر ئەڵێت، بەبێ ئەوەی شتێکی دیاریکراو باس بکات، قسەکانی بێسەروبەرە و بە ئاسانی پشت دەکاتە ئەو کەسەی ساتێک لەوەوبەر دەستی یارمەتیی بۆ درێژکردووە. مایک برای ئەستنە، خاوەنی ماڵەکەیە، هەر زۆر زوو دەزانێت دەیڤس چ بیچم و کارەکتەرێکی هەیە، گەمەی دەسەڵاتی لەگەڵ دەکات، هەندێک جار دەیوروژێنێت، هەندێک جار پێگەیەکی دەداتێ و لەپڕ پشتی تێدەکاتەوە. مایک بەهێزە و خاوەنی دەسەڵات و سەرمایەشە، بە شێوەیەکی تاکتیکی و بێ گوێدانە هیچ شتێک، لەنێوان ئەستن و دەیڤسدا گەمە دەکات.

## هێزی دیالۆگ

پینتەر دیالۆگی شانۆنامەکەی لەسەر ئاستێکی بەرز، بە سەلیقە و هەستێکی ورد دارِشتووە و بە شێوەیەکی سەرنجراکێش ئاستەکانی زمان و فۆنەتیک و دیالێکتەکان تێکەڵاو دەکات. زمانێکی ڕوون و ئاشکرا، زمانی ڕۆژانە، زمانی توێژەکانی خوارەوەی کۆمەڵ و ئەو کەسانەی زمان وەک زمانی کەسێکی ڕۆشنبیر، لایەنە بەهێزەکەی ژیانیان نییە و بڕوانامە و خوێندنیان تەواو نەکردووە و ئەوەیش بە ڕوونی بە زمانی بەکارهێنراوی کەسایەتییەکانیانەوە، بەتایبەتیش (دەیڤس) دیارە، بەڵام لە ڕووی تەکنیک و شێوازەوە، وەک زوربەی شانۆنامەکانی تری پینتەر لەسەر بنەماکانی دووبارەبوونەوە، دووبارەبوونەوەی ڕستە، دەستەواژە، وشە و بەشەکانەوە پێکهاتووە.

**دەیڤس**

(دەیڤس لە پارچە تەختەکان دەڕوانێت)

ئایا خەریکی دروستکردنی شتێکیت؟

**ئەستن**

ڕەنگە هۆدەیەک دروست بکەم.

**دەیڤس**

دارتاشیت؟

(تەماشایەکی "مەکینەی" چیمەنبڕەکە دەکات)

چیمەنت هەیە؟

**ئەستن**

خۆت بڕوانە.

(ئەستن ساکی لای پەنجەرەکە بەرز دەکاتەوە. هەردووکیان لە دەرەوە دەڕوانن)

**دەیڤس**

کەمێک چڕ دیارە.

**ئەستن**

زێدە شین بووە.

**دەیڤس**

ئەوە چییە، حەوزە؟

**ئەستن**

بەڵێ.

**دەیڤس**

چیت هەیە؟ ماسی؟

**ئەستن**

نا، هیچی تێدا نییە، بەتاڵە.

(وچان)

**دەیڤس**

ئەو هۆدەیە لە کوێ دروست دەکەیت؟

**ئەستن**

(ڕووی تێ دەکات)

جارێ دەبێ باخەکە خاوێن بکەمەوە.

**دەیڤس**

جا کابرا خۆ تەراکتۆرێکت پێویستە

**ئەستن**

خاوێنی دەکەمەوە.

**دەیڤس**

کاری دارتاشی، ها؟

**ئەستن**
(بێجووڵە ڕادەوەستێت)
حەزدەکەم... کار بە دەستەکانم بکەم.

**شانۆنامەی (سەراییدار) پەردەی یەک**

دیالۆگەکان بەردەوام لە خاڵێکەوە، لە باسێکەوە دەچنە سەر خاڵ و باسێکی تر، دوای ئەوە دەگەڕێتەوە سەر خاڵ و باسی یەکەم، ئەم مەسەلەیەیش لە دیالۆگەکانی نێوان ئەستن و دەیڤسدا بە ئاشکرا دەبینرێت، هەروەها دیالۆگەکان تەواو ناکرێن، ڕستەکان ناتەواون، یان بەبێ تەواوکردنی دەبڕێت و مەودایەکی تر و ڕێچکەیەکی تر لەخۆ دەگرێت.

**دەیڤس**
ئەو هاوڕێیەم لە شێپەردس بوش هەیە، لە شۆردنگاکە. بەڵێ، ئەو لە شۆردنگاکە بوو، باشترین شۆردنگایان بەڕێوە دەبرد.
(ئەوجا لە ئەستن دەڕوانێت)

باشترین دانەیان بەڕێوە دەبرد، هەمیشە لەتەسابوونێکی دەدامێ، هەر جارێک بچوومایە. سابوونی زۆر باش. پێم وایە دەبێت باشترین سابوونیان هەبێت. هەرگیز بێ سابوون نەدەبووم لەوێ، هەر کاتێک لەو ناوە بوومایە و لە قاپی شێپەردس بوشم بدیبایە، پارچە سابوونێکم دەست دەکەوت.

**ئەستن**

(جووتێک کەوش بە دەستەوە لەبن تەختەکە دێتەدەر)

جووتێکی قاوەیی.

**شانۆنامەی (سەراییدار) پەردەی یەک**

پینتەر توانیویەتی، ئەتمۆسفێر و کەشێکی ئاڵۆز، ژینگەیەکی پڕ لە ڕاز و نهێنی و نادیار لە شانۆنامەکەدا بخولقێنێت، بینەر لە چاوەڕوانیی ئەوەدا نییە، کە لە دیمەنی داهاتوودا چی ڕوودەدات، لە چاوەڕوانیی ساتە یەک لەدوای یەکی نمایشەکەیشدا نییە، وەک لە زوربەی شانۆنامە کلاسیکی و تەقلیدییەکاندا پێڕەو دەکرێت. لەم

شانۆنامەیەدا پینتەر دەتبەستێتەوە بە ساتەکانی ئێستاوە، واتا بەو ساتەی دیمەنەکەی تێدا ڕوودەدات و بەو شێوەیە چ بینەران یاخود خوێنەر لەگەڵ ساتەکانی شانۆنامەکەدا دەژی. بینەران دەیانەوێت ئێستا، لەگەڵ دیالۆگی یەکەم، هەڵسوکەوتێکی ئەو کاتوساتەی کەسایەتییەکان، لەگەڵ کوژاندنەوەی ڕووناکی و دەرگاکردنەوەیەکدا بزانن چی ڕوودەدات.

که شانۆنامەکە دەست پێدەکات، مایک بەتەنها لە ژوورەکەیدایە، ساتێک بەتەنها دەمێنێتەوە، لە دەرەوە گوێمان لە دەنگی پێی کەسانێکی ترە، مایک خێرا و دەسبەجێ و بە هێمنی دەچێتە دەرەوە و دەرگاکە لەدوای خۆیەوە دادەخات. دوای ئەوە ئەستن و دەیڤس دێنە ژوورەوە: کەسی یەکەم بۆ چووە دەرەوە؟ ئەی ئەم دوو کەسەی دێنە ژوورەوە کێن و لەکوێ یەکتریان بینیوە و لە کوێوە هاتوون؟ ئەمانە و چەندەها پرسیاری تر، لەگەڵ دەستپێکی ساتەکانی شانۆنامەکە لە لای بینەر و خوێنەریش دروست دەبن.[١]

---

[1] ئەم فۆرم و زمان و ئەتمۆسفێرە تازەیە، پینتەری گەیاندە ئاستێکی بەرز و شانۆنامەی (سەرایدار)یش ناوبانگێکی جیهانیی بەدەست هێنا. ڕەخنەگری بەناوبانگی ئینگلیزی (هارۆڵد هوبسون) دوای ئەوەی

بەکورتی شانۆنامەکە مەسەلەی مرۆڤ و پەیوەندییەکانی مرۆڤ بە ئەوانی تر و دەوروبەرەکەوە دەخاتە ڕوو، خاڵێکی گەوهەریی شانۆنامەکەیش، کە زۆر گرینگە ئاماژەی بۆ بکرێت ئەوەیە، کە ئەستن لە کۆتایی بەشی دووەمدا، مەنەلۆگێکی دوورودرێژی ناتەبا، جیاواز لە ڕووی شێوە و ناوەڕۆکەوە، نامۆ، گرینگ و بەهێز بۆ ژیانی کارەکتەرەکە بەرجەستە دەکات. مەنەلۆگەکە لەسەر ئاستێکی بەرزە، بینەر ڕووبەڕووی بیرکردنەوە و ڕامان و گومان دەکاتەوە، هەموو یاسا کۆمەڵایەتی، سیاسی، دەروونی و مرۆڤایەتییەکانی کۆمەڵگە و شارستانییەتی ڕۆژئاوا دەخاتە بەردەم گومان و پرسیارەوە و پەنجەی تاوانیان بۆ درێژ دەکات. لەم مەنەلۆگەوە تێدەگەین، کە ئاستن لە نەخۆشخانەی ئەقڵی توند کراوە و دواتریش نەشتەرگەرییەکی قورسی بۆ کراوە.

---

شانۆنامەی سەرابیدار بۆ یەکەم جار لە لەندەن نمایش دەکرێت، دەڵێت (ئەم شانۆنامەیەم دوو جار بینیوە، هەوڵ دەدەم بە زووترین کات جارێکی تریش بیبینم، دوای ئەوە بۆ جاری چوارەم دەیبینم، جاری پێنجەم و...)

**ئەستن**

... شەوێکیان. من دواترین بووم. بەتەواوی چاوم لێ بوو چییان لەوانەی دیکە دەکرد. بۆیشیان دەلوا وا بکەن. نازانم چی بوون... ئەو شتانە لە موکێشی گەورە دەچوون کە وایەریان پێوەبوو، وایەرەکان بە ماشێنێکی بچووکەوە بوون. ئەلەتریکی بوو. کەسەکەیان توند پاڵ دەخست و دەیانگرت و سەرۆکەکەش، سەرۆکە دکتۆرەکە، موکێشەکانی، شتێک بوون هەر دەتگوت گوێشەی بیستنن، دەخستە سەر ئەملاوئەولای کەللەسەری کەسەکە. پیاوێک ماشینەکەی بە دەستی هەڵدەگرت، دەبینێت، پاشان دایدەگیرساند. ئەوجا سەرۆکەکەیش ئەو موکێشەی دەخستە سەر کەللەسەری کەسەکە و لەوێدا دایدەنا.

**شانۆنامەی (سەرابیدار) پەردەی دووەم**

لە نەخۆشخانە نەشتەرگەری لە مۆخ و کەللەسەری ئەستندا کراوە، هەر لە ئەنجامەکانی ئەو نەشتەرگەرییەوە لە بیرکردنەوەدا تووشی خاوی بووە، نایەتەوە یادی لەوەوبەر باسی چیی کردووە و بیری لە چی کردووەتەوە.

## تەکنیکی شانۆنامەکە

شانۆنامەکە بریتییە لە سێ پەردە، پەردەکان دابەش نەکراون بەسەر دیمەن و بەشی بچووکی تردا، لەگەڵ ئەوەیشدا بەشەکان لە یەک زەمەنی دیاریکراودا ڕوو نادەن. پینتەر بۆ ئەوەی کاتە جیاوازەکان لە یەک بەشدا دیاری و جیاکاتەوە، لە دیمەنێکەوە بچێتە سەر دیمەنێکی تر، پەنا دەباتە بەر بەکارهێنانی تەکنیکی (ڕووناکی/تاریکی) بۆ نموونە لە شوێنێکدا، لە پەردەی یەکەمدا، بەم شێوەیە کات و ڕێچکەی ڕووداوەکان دەگۆڕێت.

ئەستن دادەنیشێت و خەریکی پلاکەکەیە.
ڕووناکییەکە کەمدەبێتەوە.
تاریکی
ڕووناکییەکان پێدەبن.
بەیانییە

بەڵام کە پەردەی یەکەم تەواو دەبێت، ئەوا پەردە دادەدرێتەوە، لە پەردەی دووەمیشدا، بەم شێوەیە دیمەنەکە دەگۆڕێت، بە هەمان شێوە زەمەنیش گۆڕانکاریی بەسەردا دێت.

(بێدەنگی)
گڵۆپەکان لە کزییەوە بەرەو خامۆشبوون دەچن.
لە پەنجەرەکەوە ڕووناکیی گڵۆپێکی کز دێتە ژوور.
دەرگایەک زرمەی دێت.
دەنگی کلیلێک لە دەرگای ژوورەکەدا.
دەیڤس دێتە ژوور، دەرگاکە دادەخات، سویچی گڵۆپەکە تاقیدەکاتەوە، پێ، خامۆش، پێ، خامۆش.

بە هەمان شێوە لە پەردەی سێیەمدا، بەم شێوەیە گۆڕانکاری لە زەمەنی ڕووداوەکاندا دەکات.

تاریکدادێت.
شەوە. ئەستن و دەیڤس هەردووکیان لەناو جێگەدان. دەیڤس بەدەم خەوەوە دەناڵێنێت.

دوای ئەم گۆڕانکارییەش، بەم شێوەیە بەرەو کۆتایی شانۆنامەکە دەڕوات.

دەیڤس دەچێتە دەر، ئەستن دەوەستێت.
تاریکدادێت.
ڕووناکی. سەرلەئێوارەیە.

لەسەر پلیکانەکان دەنگ دێت.
مایک و دەیڤس دێنە ژوور.

ئەم گۆڕانکارییەیش لە ڕوانگەی ڕووداوەکان، هەڵسوکەوت و جوڵانەوەی کەسایەتییەکانەوە دیاری دەکرێت، ئەم تەکنیکەیش پینتەر دایهێناوە و بەم شێوەیەیش بەتەواوی یەکەی کاتیی وەلاوە ناوە، هەرچەندە پابەندە بە یەکەی شوێنەوە و هەموو ڕووداوەکانی شانۆنامەکە لە یەک شوێندا، لە ژوورەکەی ئەستندا ڕوودەدەن. لەو دەمەدا شانۆنامەنووسەکان کەم و زۆر پەیڕەوی یەکە کلاسیکییەکان؛ یەکەی کات، شوێن و ڕووداویان دەکرد و پینتەر ئەو یەکانەیشی بەتەواوی تێکشکاندووە. بەکارهێنانی تەکنیکی ڕووناکی/تاریکی و بەم شێوەیەیش جیاکردنەوەی دیمەنەکان و دەستنیشانکردنی زەمەن و ڕووداوەکان، تا ئێستایش بەکار دەهێنرێت و شانۆنامەنووسەکانیش هەریەکە و بەپێی ڕیتم و چۆنیەتیی و شێوازی شانۆنامەکانیان، تاریکی و ڕووناکی بەکاردەهێنن.

بەڵام هەروەک لەوەوپێش گوتم:
مرۆڤ هەرگیز نابێت واز لە گەڕان بەدوای ڕاستیدا بهێنێت. هەرگیز ناکرێت ئەو گەڕانە دوابخرێت، ناکرێت بخرێتە ڕۆژی دواتر. دەبێت مرۆڤ یەکاویەک ڕووبەڕووی ببێتەوە، بەبێ دواکەوتن.

**هارۆڵد پینتەر**

**تێبینی:**

ئەو دیمەنانەی لە شانۆنامەکانی پینتەر، وەک نموونە و بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە و بەڵگە لەم لێکۆڵینەوەیەدا بەکارم هێناون، بریتین لە:

١- گەڕانەوە بۆ ماڵ

٢- خۆڵەمێش

٣- ئەسانسێرەکە

٤- زمانی چیا

هەرچەندە ئەم دیمەنانە لەبەر پێویستیی لێکۆڵینەوەکە، خۆم کردوومن بە کوردی، بەڵام لە هەمان کاتدا گەڕاومەتەوە بۆ سەر وەرگێڕانەکانی کاک (عەلی عوسمان یاقووب) و سوودم لێ وەرگرتوون.

٥- سەرابیدار، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە ڕێبوار ڕەشید.

٦-ناپاکی، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە فاروق هۆمەر.

## سەرچاوەکان:

### بە کوردی:

١- سەراییدار، نووسینی: هارۆڵد پینتەر، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: ڕێبوار ڕەشید، زنجیرەی شانۆی بیانی، ژمارە ١٧، دەزگای ئاراس ٢٠٠٨.

٢- ئەسانسێرەکە، ئاهەنگی جەژنی لەدایکبوون، دوو شانۆنامە، نووسینی هارۆڵد پینتەر، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: عەلی عوسمان یاقووب، زنجیرەی شانۆی بیانی، ژمارە ٣٦، دەزگای ئاراس ٢٠٠٩.

٣- کاتە بەسەرچووەکان، ناپاکی، دیمەنێکی سروشتی، نووسینی: هارۆڵد پینتەر، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: فاروق هۆمەر، زنجیرەی شانۆی بیانی، ژمارە ٢٨، دەزگای ئاراس ٢٠٠٩.

٤- ژوورەکە، خوێندنگای شەوان، دوو شانۆنامە، نووسینی: هارۆڵد پینتەر، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە، عەلی عوسمان یاقووب، زنجیرەی شانۆی بیانی، ژمارە ٢٣، دەزگای ئاراس، ٢٠٠٩.

٥- خاکی بێ خاوەن، زمانی چیا، خۆڵەمێش، نووسینی هارۆڵد پینتەر، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە، عەلی عوسمان یاقووب، زنجیرەی شانۆی بیانی، ژمارە ٦٢، دەزگای ئاراس، ٢٠١٢.

٦- زمانی چیا، نووسینی: هارۆڵد پینتەر، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: عەلی عوسمان یاقووب، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠١٢.
٧- بە توورەیی ئاوڕێک لە ڕابردوو بدەرەوە، نووسینی: جۆرن ئۆزبۆرن، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: شێرزاد حەسەن، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠١٤.

**بە سویدی:**

1-Tolv gånger Harold Pinter,oversettning: Ake Englund, osten Rudal, Anna Kolen Theorell, Ersatz, 2005.
2- Nio gånger Harold Pinter, oversettning: Sun Axelsson, Magnus Hedlund, Olov Jonason, Carl-Olof Long, Sigbrit Long, Peter Lofgren, Tora Palm, Peter Stormare, Ulla Aberg, Ersatz, 2005.
3. Tiden och teatern 3, Europa, av Karl Gustav Asplund, Kimpress, 2002.
4- Engelska bildar- mest om teater, av Olof Lång, Sveriges Radios förlag 1966.
5- Moste du go? Mitt liv med Harold Pinter, Antonia Fraser, Forum, 2010.
6-Frihetens sprok, Harold Pinter, poesi och politik 1983-2007, Karneval forkag, Stockholm 2009.
7- Hemkomsten, Dramaten, 1993, Teaterprogram.
8- Hemkosten, Stockholmsstadsteater, 2006, Teaterprogram.

## له بەرهەمە بڵاوکراوەکانی نووسەر

١-شانۆی توندوتیژی لەنێوان تیۆر و پراکتیکدا، لێکۆڵینەوە ١٩٨٨.

٢-گوتاری ئەزموونگەری لە ڕەوتی شانۆی کوردییدا، لێکۆڵینەوە ١٩٩٥.

٣-سترینبێری و سۆناتای تارمایی لەنێوان ڕاینهارت و بێریماندا، لێکۆڵینەوە، ٢٠٠١، دەزگای سەردەم، چاپی کوردستان.

٤-سترینبێری و سۆناتای تارمایی لەنێوان ڕاینهارت و بێریماندا، ٢٠٠١، چاپی سوێد.

٥-پیتەر بروک لە شانۆی هاوچەرخی جیهانیدا، لێکۆڵینەوە، ٢٠٠٣، دەزگای سەردەم، چاپی کوردستان.

٦-پیتەر بروک لە شانۆی هاوچەرخی جیهانیدا، لێکۆڵینەوە، ٢٠٠٤، چاپی سوێد.

٧-شانۆی سوێدی، هەڵوێستە و تێڕوانین لە ڕەوتی شانۆی سوێدی لە سەرەتاوە تا ئەمڕۆ، لێکۆڵینەوە، دەزگای ئاراس، ٢٠٠٦.

٨-مۆسیقای بێ دەنگ، شانۆنامە، نووسینی لاش نۆرێن، وەرگێڕان لە سوێدییەوە، دەزگای ئاراس، زنجیرەی شانۆی بیانی، ٢٠٠٧.

٩-مۆسیقای بێ دەنگ، شانۆنامە، نووسینی لاش نۆرێن، وەرگێڕان لە سوێدییەوە، چاپی سوێد، ٢٠٠٧.
١٠-هارۆڵد پینتەر، ژیان و شانۆ، لێکۆڵینەوە، لە بڵاوکراوەکانی گۆڤاری شانۆی تیپی شانۆی سالار، ٢٠٠٩.
١١-شانۆی سوێدی، لێکۆڵینەوە، لە بڵاوکراوەکانی گۆڤاری شانۆ، ٢٠١٠.
١٢-لە کلاسیکەوە بۆ مۆدێرن، لێکۆڵینەوە، ڕەنج، ٢٠١٠.
١٣-چین، شانۆنامە، نووسینی ئێریک ئۆدێنباری، وەرگێڕانی لە سوێدییەوە، دەزگای ئاراس، زنجیرەی شانۆی بیانی، ٢٠١٠.
١٤-تەرمیناڵ. سێ شانۆنامە، نووسینی لاش نۆرێن، وەرگێڕان لە سوێدییەوە، دەزگای ئاراس، زنجیرەی شانۆی بیانی، ٢٠١١.
١٥-پانتایی بۆش و دەروازەیەک بۆ شانۆیەکی جودا. دەزگای سەردەم، ٢٠١٣.
١٦-ئاوگوست ستریندبێرگ، ژیانی مرۆڤێکی بێدەرەتان و نووسەرێکی ڕچەشکێن، بیۆگرافیا و ڕاڤەکردن. دەزگای سەردەم، ٢٠١٤.
١٧-پەڕینەوە بە مەرزەکاندا. دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان، ٢٠١٤.

۱۸-ژان ژینییه ئەفسانە و واقیع، دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان، ۲۰۱٥.

۱۹-تیۆرەکانی دەرهێنانی شانۆیی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ۲۰۱٥.

**بە سوێدی**

۱-ڕەوش و داهێنان، لێکۆڵینەوەی شانۆ، دەزگای کالسۆن، ۲۰۰۸.

۲-ژیانێکی تر، شیعر، دەزگای پیونیار، ۲۰۰٦.

۳-دوو کلۆ بەفر، چیرۆکی منداڵان، وەرگێڕان لە کوردییەوە بۆ سوێدی، ۲۰۰۱.